زنجیره شانۆی بیانی
٥٧

# تەرمیناڵ

**سێ شانۆنامە**

نووسینی: لاش نۆرێن
وەرگێرانی لە سوێدییەوە: دانا رەئووف

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا رەئووف**

لاش نۆرێن
تەرمینالٚ/ سێ شانۆنامە
وەرگێڕانی لە سویدییەوە: دانا رەئووف
پێشەکی و پەراوێزنووسین: دانا رەئووف
پیاچوونەوەی: رێبوار رەشید


کتێبی ئاراس ژمارە:
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس- هەولێر
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان

**ناوەڕۆک**


ا. کۆتاییەکان و دەستپێکی نوێی هونەری     دانا ڕەئووف

- دەروازەیەک
- تەرمینالْ: کۆتایی ڕێگا یان وێستگەی چاوەڕوانی
- تەرمینالّی سێ
- بوومەلەرزە: تەرمینالّی یانزە
- ژوورێکی بۆر: تەرمینالّی ژمارە . . .

٢. خۆشەویستی چییە؟ دەمەتەقێیەکە لەگەڵ لاش نۆرێن
دانا ڕەئووف لە سوێدییە کردوویەتی بە کوردی

٣. تەرمینالْ: سێ شانۆنامە

- تەرمینالّی سێ
- ژوورێکی بۆر

تەرمینالّی ژمارە . . .

- بوومەلەرزە

تەرمینالّی یانزە

## کۆتاییەکان و دەستپێکی نوێی هونەری

دانا رەئووف

### دەروازەیەک

لاش نۆرێن لە شەستەکاندا، لە تەمەنێکی ناسک و سەردەمی مێردمندالّیدا، لە خانەوادەکەی جیادەبێتەوە و بەتەنها دێتە ستۆکهۆلّم و بەو پەڕی دلّنیایی و پێداگرییەوە بڕیارە دەدات ببێت بە نووسەر.

لاش نۆرێن لەتەمەنی نۆزدە سالّیدا و بە بلاّوکردنەوەی دیوانێکی شیعر، بەناوی (لەیلاک، بەفر) ئەو خەونەی دێتە دی. شیعر و ئەو لیریکەی لاش نۆرێن لەو سەردەمە بەراییەدا دەیاننووسێت، مۆرکێکی کێوی و هوروژمی وشە و شەپۆلێکی بەهێزی فەنتازیا و هەستگەلێکی سارد و دوورەپەرێز لەخۆ دەگرێت.

لاش نۆرێن لەم قۆناغەدا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەدەبی فەرەنسی و بەتایبەتیش Raymond Ronssell, Henri Michaun.

ئەم قۆناغە ئەدەبییەی لاش نۆرێن لەئەدەبی سوێدیدا، بە شیزۆشیعر ناوزەدکراوە. لاش نۆرێن لە حەفتاکاندا جگە لە شیعر و لیریک، چەند رۆمانێکیش دەنوسێت، بۆ نموونە رۆمانی (لە ئاسمانی ژێرزەمیندا). رووداوەکانی ئەم رۆمانە لەنێو شاری ستۆکهۆلّمدان و کارەکتەرەکانیشی هەر لەنێو ئەتمۆسفێری ژیانی رۆژانەی ئەو شارەدا دەسوڕێنەوە و کەسانی سۆزانی، تاوانبار، بەدمەست، موعتادەکان و خەلّکانی نەبینراوی دەرەوەی سیستەمە کۆمەلاّیەتییەکان دەبنە پالّەوانەکانی. هەرچەندە لاش نۆرێن لە حەفتاکاندا وەکو شاعیرێکی دیارو خاوەن دەنگێکی تایبەتمەند دەناسرێت، بەلاّم بەدوا دیوانی شیعری خۆی (دلّ لەنێو دلّدا)، کە لە سالّی ١٩٨٠دا بلاّویدەکاتەوە، بەتەواوەتی واز لە شیعر و لیریک دەهێنێت و روو دەکاتە نووسینی شانۆنامە[1]. کە بە دیوانی (دلّ

1 لاش نۆرێن کە لەسالّی ١٩٦٣دا دیوانی (لەیلاک، بەفر) بلاّودەکاتەوە، تا دوا دیوانی لە سالّی ١٩٨٠داو دەرکەوتنی وەک شانۆنامەنووس، بیست کتێب، کە زۆربەیان شیعرو لیریک دەبێت، بلاّودەکاتەوە.

لەنێو دڵدا) واز لە دنیای شیعریش دەهێنێت، هەناسەیەکی دراماتیکی، شیعرێکی دیالۆژئاسا و زمانێکی شانۆیی لەنێو شیعرەکانی ئەو دوا دیوانەیدا چەکەرەی کردووە. دنیا شانۆییەکەی، زمانە شیعرییەکەی، دیدی کارەکتەرەکانی و ستراکتۆرە دراماییەکەی لە شیعرەکانییەوە سەرهەڵئەدات و چەمک و بیرۆکەی مەسەلەکانی پابەست بوون بە دایک و باوکیشەوە، لە شیعرەکانییەوە دەگوێزرێتەوە بۆ شانۆ و بەرهەمە دراماتیکییەکانی.

قۆناغی هەڵوەشاندنەوەی خێزان و بەها کۆمەڵایەتییەکان، لەلای لاش نۆرێن، زیاتر لە ساڵی ١٩٧٨وە و بە شانۆنامەی (جورئەتی کوشتن[2]) دەستپێدەکات و بەشانۆنامەی (ئۆریستێس) ١٩٧٩، زیاتر قوڵدەبێتەوە و لەساڵی ١٩٩١یشدا، بەشانۆنامەی (هەروەها سێبەرەکانیشمان پێببەخشە) کۆتایی پێدێت[3].

لاش نۆرێن لەشانۆنامەی (شەو دایکی رۆژە) دایک و باوک و خوشک و براکانی لەبەرواری ٩ی مانگی پێنجی ساڵی ١٩٥٦دا لە ژوورێکی شانۆییدا، دادەنێت. ئەو کات و شوێنەی لاش نۆرێن بۆ رووداوەکانی شانۆنامەکەی دەستنیشانی کردوون، شتێکی رێکەوت نین و رۆژی لەدایک بوونی خۆیەتی. لەم شانۆنامەیەدا، دایک کەسێکی شەڕانگێز و نەخۆشە، کوڕەکانی لەپێشبڕکێی ئەوەدان کامیان زیاتر لەلای دایکیان خۆشەویستره و باوکیش بە تەواوی بەدمەستە و لەدونیای ئەوان دابڕاوە.

لاش نۆرێن دوای ئەم قۆناغە، رووده‌کاتە مەسەلەکانی کۆمەڵناسی و لەسەر بنەما و زەمینەیەکی تری بەرفراوان و زیاتر لە مەودایەکی نێونەتەوەیی و مرۆییەوە دەنوسێت. بەرئەنجامی ئەم هەڵکۆڵینەش چەندین شانۆنامە دەبێت، شانۆنامەکانیش بەرجەستەی ئەو کەسانە دەکات، کە لەدەرەوەی سیستمە کۆمەڵایەتییەکانەوەن، ئەو کەسانەی هەموو دەرگاکانیان بەتەواوەتی بەڕوودا داخراوە. لاش نۆرێن لەیەکێک لەچاوپێکەوتنەکانیدا، سەبارەت بەم کەسایەتییانە وتویەتی: (راستییەکان لەلای ئەو کەسە بێچارە و پەراوێزخراوانەیە... ئەو کەسانەی، کە لەژوورە تارییکەکاندا بەندکراون و هەر ئەوانیش راستییەکان بۆ ئێمە دەستنیشان دەکەن)[4].

پرۆسەی نووسین لای لاش نۆرێن، بە چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت: لە مەسەلەکانی خێزانەوە بۆ بەدمەستی و بێلانەکان، تا دەگاتە ئەو درزانەی کە شەڕ لەنێو دەروونی مرۆڤ و کۆمەڵگاکاندا دروستیان دەکات[5]. هەروەها لاش نۆرێن بەشێوەیەکی هاوتەریبی و هاوشان لەگەڵ شانۆنامە کۆمەڵایەتی و ڕەخنە ئامێزەکانیدا، روو دەکاتە جۆرە مینیاترییەک لە زماندا، لەم کارانەیدا و بەشێوەیەکی دراماتۆرگی، زمان پاکژدەکاتەوە و دەرگایەکی بێدەنگ بەرووی ژیان و مەرگدا

2 شانۆنامەی (جورئەتی کوشتن) لە وەرگێڕانی هیوا قادرو لەزنجیرەی شانۆی بیانی، ژمارە ٢٧دا بڵاوکراوەتەوە.

3 لاش نۆرێن لەنێوان ساڵانی ١٩٧٨-١٩٩١یشدا گرینگترین بەرهەمە شانۆنامەکانی، کە لەسەر ژیانی خێزانی و بیۆگرافیای خۆی رۆیناوە، دەنووسێت. بۆ نموونە: شەو دایکی رۆژە ١٩٨٢، پشێوی دراوسێی خوایە ١٩٨٣، هێبرییانە ١٩٨٦، پایزو زستان ١٩٧٨و بەم شانۆنامانەشی، هروژم و نەزیفی نوسینی بەردەبێت.

4 یەکێک لەگرینگترین شانۆنامەکانی ئەم قۆناغەی لاش نۆرێن، شانۆنامەی personkrets:3:1ە، کە لەساڵی ١٩٩٨دا نووسیویەتی و لەگەڵ نمایشکردنیشی لەسەر شانۆی پادشایەتی، گفتوگۆو مشتومڕێکی زۆر دروست دەکات.

5 خوێنەر بۆ زیاتر شارەزابوون و قوڵبوونەوە لەسەرەتاکانی رەوتی ئەدەبی و شانۆیی لاش نۆرێن و پرۆسەی بەرەوپێشەوە چوونی، دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو پێشەکیانەی کە بۆ شانۆنامەکانی لاش نۆرێن و لەزنجیرەی شانۆی بیانیدا نووسیومن. بەتایبەتیش پێشەکی ژمارە (١) شانۆنامەی مۆسیقای بێدەنگ.

دەكاتەوە. شانۆنامەكانی مۆسیقای بێدەنگ، ئاوی وەستاو، نۆڤێمبەر.. چەند نموونەیەكی ئەم گەردوونە بێدەنگەن[6].

بەشێوەیەكی گشتی و وەك بەرئەنجامێكی ئەو پرۆسێسە چڕو گرانە دوورو درێژە، دەتوانین بڵێین، كە بەرهەمەكانی لاش نۆرێن بە بەردەوامی گۆڕانكاریی تەواوەتی و بنەڕەتییان بەسەردا دێت، هەموو بەرهەمێكی تازە، سەرەتایەكی نوێیەو هەموو پرۆژەیەك لەئێستا و لە دەستپێكی بەهێزی ئەم ئان و ساتەوە دەستپێدەكات.

- تەرمیناڵ

## كۆتایی ڕێگا یان وێستگەی چاوەڕوانی

(تەرمیناڵ) قۆناغێكی نوێیە لەرەوت و پرۆسەی نووسینی شانۆ لەلای لاش نۆرێن و بریتییە لە نۆ شانۆنامەی كورت.

لاش نۆرێن لەساڵی ٢٠٠٤دا تووشی دابڕان و ئیفلیج بوونێكی كاتیی كتوپڕ دەبێت و چیتر ناتوانێت بنوسێت. هەرچەندە كاری زۆری ریژی دەكات و بە بەردەوامی لە دونیای شانۆكاندا دەژی، بەڵام هیچ شتێكی نوێی بۆ نانووسرێت و هیچ بەرهەمێكی تازە لەدایك نابێت. لاش نۆرێن خۆی بەم شێوەیە باسی ئەو قۆناغەی دەكات (ماوەیەكی زۆر و بەچڕی خەریكی نمایشكردن و كاری ریژی چەند شانۆنامەیەك بووم، بەڵام زۆر بەپەرۆشەوە بووم، كە سەرلەنوێ دەست بكەمەوە بە نووسین. هەر یەكەم شەو دوای نمایشكردنی شانۆنامەی (شەڕ) لە فەرەنسا گەڕامەوە دەستمكرد بە نووسین)، بەڵام ئەو نووسینە هیچ بەرئەنجامێكی نابێت و هیچ بەرهەمێكی تازەی لێناكەوێتەوە، نەك هەر ئەوە، بەڵكو ئەوەی دەینووسێت لەچەند لاپەڕەیەكی ڕەشكراوەی بێ مانا زیاتر نابێت. (من كۆڵم دابوو، گوێم نەئەدا بەوەی چی دەنووسم، تەنها دەمنووسی. من تەنها دەمتوانی بەشێوەیەكی سەرسم لێدان بنووسم، هەروەك ئەوە وابوو هەرگیز نەمتوانیبێت چەند رستەیەك بنووسم. لەپڕ لەم كات و سەرسم لێدانەدا، ئەم شانۆنامە كورتانە فۆرمی خۆیان وەرگرت. یەكێكیان تەنها هەر بیست چركەیەك دەخایەنێت).

شانۆنامەكانی تەرمینال كۆتایین و لەهەمان كاتدا سەرەتاشن. هەروەك ئەوە وایە بگەیتە دوا وێستگەكانی شوێنێك، هەریەكەو راست لەو شوێنەشەوە بەرەو شوێنێكی تر بڕۆیت.

تەرمینال مانای كۆتایی دەگەیەنێت، هەروەها كارەكتەرەكانی ئەم تەرمیناڵانە و لەم دوڕیانەدا لە چاوەڕوانییەكی بەردەوامدان. دوای ئەوەماڵئاواییەكی ئێجگارەكی دەكەن. شانۆنامەكان لە

6 لەوەوبەر و لە ژمارەكانی زنجیرەی شانۆی بیانیدا، هەندێك لە شانۆنامەكانی لاش نۆرێنمان بڵاوكردۆتەوە، وەك (مۆسیقای بێدەنگ، جورئەتی كوشتن، شەڕ، پەرجوو و ئاوی وەستاو). هیوادارم لە ئایندەشدا بتوانین شانۆنامەی (نۆڤێمبەر)یش وەربگێڕینە سەر كوردی و بڵاوی بكەینەوە. شانۆنامەی (نۆڤێمبەر) بۆ یەكەمجار لە شانۆی نەروێژی و لە ریژی لاش نۆرێن خۆی و لەساڵی ٢٠٠١دا لە ئۆسلۆ نمایش دەكرێت. نۆڤێمبەر بەشی یەكەمی ئەو سێینەیەیە، كە باسی مەرگ دەكات، فۆرمی زمانەكەی گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە، بەشێوازێكی خەونئامێزو ئەپسورد نووسراوەو زیاتر لە رووی فیكرییەوە لە بنەماكانی ئێگزیستێتیالیزمەوە نزیكە. نۆڤێمبەر باسی چوار كەس دەكات، كە لەدوای مردن بەخەبەر دێنەوە. ئەم كەسانە ناتوانن ئەو ژیانەی كە ژیاون، بگۆڕن. بەڵام ئەو بڕیارە دەدەن كە بەتەواوەتی لەچاو ون نەبن، تا ئەو گیروگرفتانەی كە لەژیاندا هەیان بووە، چارەسەرنەكەن.

مەداری چەندین جۆری کۆتاییەکاندا دەسووڕێنەوە و چەشنێک لە تێکشکان و پارچە پارچەبوونی کات و شوێنەکان بەرجەستە دەکەن. ئەم شانۆنامانە لە بارودۆخێکی ساکاری ژیانی رۆژانەی مرۆڤ دەدوێن، لەهەمانکاتدا ئەو بارودۆخانە دەخەنە روو کە رۆڵێکی گەورە و یەکالاکەرەوەیان لە ژیانی مرۆڤدا هەیەو بە زمانێکی کورتکراوە و رۆژانە نووسراون، هەموو خاڵ و کۆما و ئامارژەیەک گرینگە و بەشێکە لە ریتم و وێنەی کارەکتەرەکان و رۆنانی رووداوەکان. لاش نۆرێن بەهیچ شێوەیەک هەڵسوکەوت و هەست و سۆزی کەسایەتییەکانی دیاری نەکردووە و هەموو شتێک لەنێو دیالۆژ و وشە و دێڕ و خاڵەکانەوەیە.

لاش نۆرێن لەم ئەزموونی تەرمیناڵ-ەدا، لە سامۆێل بێکێت، مۆریس مەتەرلینگ، هارۆڵد پینتەر و یۆن فۆسە نزیک دەبێتەوە. شانۆنامەکانیش لەسەر پاشەکەوت کردن و بزاڤێکی بازنەیی زمان و رەوشی جیاوازەوە رۆنراوە. گەمەیەکی دەسەڵاتی شاراوە و نادیار و لە دەستدانی تواناکانی قسەکردن و پەیوەندیکردن، لەگەمەی نێوان فۆرم و ستایلی گەمەکە و دیدی شانۆنامەکاندا دەردەکەوێت[7].

تەرمیناڵ بۆ لاش نۆرێن ئازارەکانی ژیانن، ئەوماڵئاواییانەن، کە هەرگیز ناتوانین خۆمانی لێ قوتارکەین، ئەو کۆتاییانەن، کە هەرگیز تەواونابن. لاش نۆرێن دەڵێت (ئەوەی ئێستا بەلای منەوە گرینگە، ئەوەیە  چۆن ئامارژەیەک، ژیانێک کۆتایی پێدێت. چۆن ئەو ژیانە لەنێو بیابانەکاندا بزر دەبێت، دەبێتە خۆڵەمێش و نامێنێت. من بەدوای زمانێکدا دەگەڕێم، کە بەرەو هەڵوەشاندنەوە و نەمانێکی تەواوەتی دەڕوات).

هەرچەندە شانۆنامەکانی تەرمیناڵ لە رووی بابەت، بەکارهێنانی زمان و فۆرمەوە لە یەکترییەوە نزیکن، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەو کارەکتەر و ئەتمۆسفێر و سترۆکتۆری تایبەتمەندی خۆیان هەیە.

زمانە نوێیەکەی لاش نۆرێن لە سێبەری مەرزێکدایە لەنێوان ئەوانەی مردوون و ئەوانەی زیندوون، بەشێوازێکی ساکار و کورت،  رووتکراوەتەوە و بەتەواوەتی لە هەموو شتە زیادەکان داماڵدراوە.

لاش نۆرێن بەم شێوەیە توانیوییەتی بگەڕێتەوە بۆ توخمە تایبەتە ئامارژەئامێزەکان و گوزارشت لە بارودۆخە رووتەکانی رووبەڕووبوونەوەی نێوان مرۆڤەکان بکات. نووسەر لەم دووڕیانەدا وشەکان، کە دەربڕی بارودۆخەکانن، رووبەڕووی بێدەنگییەکی وەها دەکاتەوە، کە بەردەوامییان پێببەخشێت و لەهەمانکاتدا شوێن پێشیان هەڵدەگرێت.

(مەرگ) وەک شانۆنامەکانی دەیەی نەوەدو سەرەتای سالانی دوو هەزارەکان، بۆ نموونە: مۆسیقای بێدەنگ، ئاوی وەستاو، نۆڤێمبەر... لە چەقی رووداوەکانی تەرمیناڵەکاندان و بزاڤی جوڵەی کارەکتەرەکانیانی خستۆتەکار و هەموو شتێک لە چەمکەکانی مەرگەوە دەستپێدەکات و بە مەرگیش کۆتاییان پێدێت، بەڵام لاش نۆرێن لەهەمان چاوتروکاندا، مەرگ دەکاتەوە بەژیان[8].

---

[7] هەرچەندە تەرمیناڵەکانی لاش نۆرێن لەزۆر روەوە لە سامۆێل بێکێت-ەوە نزیکە، بەڵام ناچێتە خانەی شانۆی پوچگەراییەوە و زیاتر سوریالیزمێکی واقیعی و گوزارشت ئامێزە و لە تێزەکانی فەلسەفەی خودیی و ئێکزیستێنتیالیزمەوە نزیک دەبێتەوە.

8 لاش نۆرێن سەبارەت بە مەرگ لە شانۆنامەکانی تەرمیناڵدا دەڵێت (مەرگ هەمیشە و بەشێوەیەکی بەردەوام لە ژیانماندا بوونی هەیە، بەڵام ئێمە ئەو ئامادەییەمان تێدا نییە، کە رووبەڕووی مەرگ ببینەوە و گفتوگۆی لەگەڵدا

کارەکتەرەکان بە سەربەستی بەناو یادەوەرییەکاندا دەڕۆن، دەچنە ژوورەوە، دێنە دەرەوە و کۆتاییەکان ژیانی کارەکتەرەکان لە ژیانێکی تردا دەخەنەڕوو.

لاش نۆرێن باسی ئەوە دەکات، کە ساتە بچوکە چارەنووسسازەکان ژیانی مرۆڤ پێکدەهێنێت و ئاماژەی ئەوەش دەکات، کە هەموو کەسێک دەبێت لەژووره داخراوو پڕ لە ئازارەکانی خۆیانەوە بتوانن بدوێن و رووبەڕووی راستییەکانی خۆیان و دەووروبەرەکەیان ببنەوە.

ئەم نووسەرە دەتوانێت بە وریایی و بەهۆشیاری گوێی لە (من)ەکانی تاک بگرێت و شتە نادیارو نەناسراوەکان بکاتە شتێکی ناسراوی وا کە ئێمە لە ئاستیدا هەست بە شەرمەزاری بکەین.

## • تەرمینالی سێ

ژن و مێردێکی گەنج هاتوون بۆ نەخۆشخانەی منداڵان تا ژنەکە، کە دووگیانە و ژان دەیگرێت، منداڵەکەی ببێت، بەڵام بەهەڵە بە ڕاڕەوێکی تردا دەڕۆن و دەچنە ژوورێکی تری چاوەڕوانییەوە[9]. لەوێش ژن و پیاوێکی تر، کە لەوان بەتەمەنترن، چاوەڕوانن. بەڵام ئەوان هاتوون تەرمی کوڕە بیست ساڵە مردووەکەیان وەربگرنەوە. دواتر هەر زوو بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو دوو خێزانە، لە بنەڕەتدا هەر هەمان ژن و پیاون، بەڵام لە دوو کاتی جیاوازدا، کە بیست ساڵیان لە نێواندایە. بەتەمەنەکان خۆیان لە رۆژگارەکانی گەنجیدا دەبیننەوە، ئەو ژنەی کە جەستەی کوڕە مردووە بیست ساڵییەکەی لە مەیتخانە وەردەگرێتەوە، لەپڕ رووبەڕووی ئەو ئافرەتە گەنجە دەوەستێت کە ژان دەیگرێت و چاوەڕوانی منداڵبوونە.

هەر لەم ژووری چاوەڕوانییە و لە پەراوێزی رووداوەکاندا، کچێک دەردەکەوێت ئازاری هەیەو ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە تازە منداڵێکی لەبارچووبێت، یاخود خۆی فرێی دابێت.

سکپڕی لەلای (ئەوی مێ) رەوشێکە کە ئەو خۆی نایەوێت هیچی لەبارەوە بزانێت، بەڵام لە ئامادەبوونی کچێکی تری گەنجدا، رەنگ دەداتەوە، کە ئازاری هەیە و لەوە دەچێت منداڵی لەبارچووبێت. لەکاتێکدا ئەم دوو کارەکتەرە لەچاوتروکانێکدا لەیەکتریدا رەنگ ئەدەنەوە، چارەنوسیان پێکەوەیە و هەرپێکەوەیش کۆتاییان دێت. لەلای ژن و مێردە گەنجەکە چاوەڕوانییەکی گەورە و هیوایەکی بەرز، بەتایبەتی لەلای پیاوەکە (ئەوی نێر) هەیە، ترسێکی تۆقێنەر و دڵەڕاوکێ و پەشێوییەکیش لەلای ژنەکە (ئەوی مێ) بەرانبەر بە ئایندە دەبینرێت. ئەوی مێ لەچاوەڕوانیی منداڵبوونەکەیدا، تەنها بیر لەوە دەکاتەوە کە بگەڕێتەوە بۆ سەر کارەکەی و سەرلەنوێ ببێتەوە بەخۆی.

**ئەوی مێ:** دەمەوێت هەرچی زووە بکەومەوە کار، بۆئەوەی سەرلەنوێ ببمەوە بەکەسێکی ئاسایی. تا دووبارە ببمەوە بەخودی خۆم.

---

بکەین، بەتایبەتی لەسەر شانۆکانمان و لەگەڵ خەڵکێکی زۆری نەناسراو و نامۆ بە ئێمە. تەنها مەرگە کە رووبەڕووی خودی خۆمانمان دەکاتەوە).

9 شانۆنامەی تەرمینالی سێ و لە هەمانکاتدا لەگەڵ تەرمینالی حەوت و لەساڵی ٢٠٠٦دا بۆ یەکمجار لەسەر شانۆی دەوڵەت و لە ریژی لاش نۆرێن خۆی نمایشکراوە.

بەڵام بەپێچەوانەوە (ئەوی نێر) لەچاوەڕوانییەکی پڕ لە بەختەوەریدایە کە دەبێتە باوک.

ژیانی ئەم دوو مرۆڤە گەنجە و ڕەوشەکەیان، جۆری گوزەران و پەیوەندییەکانیان، لەلایەکی ترەوە، بەدیویێکی ترداو لە ئایندەدا لەلای (پیاوەکە)و (ژنەکە) کە بیست ساڵ بەتەمەنترن، بەرجەستە دەبێت. چۆن ئەوان چاوەڕوانی لەدایکبوونی منداڵەکەیان دەکەن، بەهەمان شێوە، هەرخۆیان (ئەوانی تر) غەمی لەدەستدانی کوڕە بیست ساڵەکەیان دەخۆن، کە هەرگیز نەیانتوانیوە لە نزیکەوە بیناسن. (ئەوی مێ) منداڵەکەی لە سنوری گۆڕێکدا، بەتەنیشت جەستەی کوڕە بیست ساڵەکەوە دەبێت کە تازە مردووە. ئەم دوو خێزانە: (ئەوی مێ، ئەوی نێر) لەگەڵ (پیاوەکە، ژنەکە) پێکەوە نادوێن، بەشێوەیەکی زۆر دیاریکراو لەیەکتری نزیک دەبنەوە، بەڵام بەتەنیشتی یەکترەوە و بەشێوەیەکی هاوتەریبانە کاتەکانیان، لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا، لەنێوان ڕابردوو ئێستادا دەگوزەرێنن[10]. لەم هۆڵی چاوەڕوانییەدا وێنە و وتەکان جۆرە دەنگدانەوەیەکیان هەیە، دیدو یادەوەرییەکان و جیاوازییەکان لەنێوان تەمەنی کەسایەتییەکاندا نامێنێت.

ژوورەکە هێماگەلی چاوەڕوانییە و دەبێتە پانتاییەکی گرینگ، شوێنێک کە هەموو کات، شوێن و یادەوەرییەکانی تیادا کۆدەبێتەوە.

هەموو شتێک ئاسایی دیارە، بەڵام لەپڕ شتێکی چاوەڕواننەکراو ڕوودەدات. وشەکان لە ژیانی ڕۆژانەوە سەرچاوە دەگرن، لە بێدەنگییەوە دەست پێدەکەن و بەشێوەیەکی کاریگەر، بەبێ هەڵچوون و زۆر لەخۆکردنێک، بەهۆی تەنها یەک وشەوە، یان حیوارێکی نێوان ژن و پیاوەکەوە هەموو ئەتمۆسفێرەکە دەگۆڕێت.

لە تەرمینالی سێدا، جگە لەچاوەڕوانی هیچ شتێکی تر ڕوونادات، بەڵام مێژووی ژیانی ئەو دوو خێزانە، کە هەر یەک خێزانە، بۆ خۆیان و بۆ بینەرانیش واڵا دەکرێتەوە، ئەزموون و یادەوەرییەکانیان لەزەمەنە جیاوازەکاندا ئامادەبوونێکی هەستپێکراویان هەیە و بۆ هەر یەکێک لە کارەکتەرەکان سەفەری ژیانێکە.

- بوومەلەرزە

## تەرمینالی یانزە

ڕووداوەکان لە هۆڵی چاوەڕوانیی نەخۆشخانەیەکی دەرونیدا، وەک خەونێکی ناخۆش دەردەکەون[11]. شتێک ڕوویداوە: کچێک لە کتێبخانەی گشتی شاردا تووشی داخورپانێکی توندوتیژی دەروونی بووە و ئێستا خستوویانەتە نەخۆشخانە. دایک و باوکی یەک بەدوای یەکدا دێن و لە ژووری چاوەڕوانی دادەنیشن، دۆستەکەشی دواتر، دوای ئەوان دەردەکەوێت.

لە ڕووکاری دەرەوە هیچ شتێکی ئەوتۆ لەم شانۆنامەیەدا ڕوونادات. هەموو دیمەنەکە لە تابلۆیەک دەچێت، بەڵام هەموو شتێک بەشێوەیەکی بەهێز لە خودی دیالۆژەکاندا ڕوودەدات.

10 گرینگی و سەلیقەی لاش نۆرێن لە ڕۆنانی دیالۆژەکانەوە دەردەکەوێت، کە وشە و دەستەواژە و ڕستە کورتەکان لە زاری یەکێک لە کارەکتەرەکانەوە دێنە دەرەوە، وەک ئەوە وایە کە لەزاری ئەویتریانەوە هاتبنە دەرەوە، دووبارە دەبنەوە و سەرلەنوێ بەشێوەیەکی تر لەلای کارەکتەرێکی تر دەستپێدەکەنەوە، تۆن و ریتمەکان تێکەڵاوی شوێن، کات و تەمەنە جیاوازەکان دەبن.

11 شانۆنامەی بوومەلەرزە (تەرمینالی یانزە) بۆ یەکەمجار لە یانزەی مانگی نۆی ساڵی ٢٠١٠دا، لەسەر شانۆی گەل لە یۆتۆبۆری نمایشکراوە.

یەکێک لە پرسیارە گرینگەکانی ئەم شانۆنامەیەش ئەوەیە کە خێزانێک دەگاتە چ دووڕیانێک، کە چیتر نەتوانن پێکەوە بدوێن و لەیەکتری بگەن؟ کچێکی گەنج دەیەوێت دەستی بە کەس و کارەکەیدا بگات، بەدەنگییەوە بێن و لێی تێبگەن، ئەو کەس و کارەی کە زۆر دەمێکە وازیان لەوە هێناوە پێکەوە بدوێن. ئەو کچە لەدەرەوەی پەیوەندییەکانی دایک/ باوک-دا چ پەیوەندییەکی بەجیهانی دەرەوە و بەدۆستە کۆنەکەیەوە هەیە، کە کەس و کارەکەی هەرگیز ئەو کوڕەیان نەدیوە؟

ئەو تیمارکارەی لەم نەخۆشخانەیەدا کاردەکات، چی دەوێت؟ بۆچی کەس توانای گوێگرتنی نەماوە: نایانەوێت، ناوێرن یا ناتوانن و دەستییان بەیەکتریدا ناگات، نەک لەبەرئەوەی رقیان لەیەکتری دەبێتەوە یان بێزارن لەیەکتری، بەڵکو لەبەرئەوەی کە ئەو توانایەیان نییە و هەریەکە لە دورگەیەکی چۆڵ و هۆڵی دەروونیی خۆیاندا، بەتەنیا دەژین. تەنها کچەکە (هێدفیگ) لەم نەخۆشخانە دەروونییەدا بەتەنیا بەند نەکراوە، بەڵکو هەموو ئەو دیالۆژو گفتوگۆیەی لەنێوان دایک و باوکەکەدایە، ئەو زمانەی کە پێی دەدوێن، جۆرێکە لەدابڕان، لە راکردن و لەیەکتری دووركەوتنەوە. ئەوان پێکەوە دەدوێن، بەڵام بەشێوەیەک هەر بۆئەوەی قسەبکەن، کات بەدەم چاوەڕوانییەوە تێبپەڕێنن و خۆیان لەشتە گرینگەکان، لەو شتانەی کە مانایەکیان هەیە، بدزنەوە.

ستراکتوری شانۆنامەکە هاوکێشەیەکی ماتماتیکی لەخۆ دەگرێت: لەسەرەتادا دایک دەردەکەوێت، دوای ئەو باوک و دواتریش دۆستەکەی، یەک بەدوای یەک دێنە هۆڵی چاوەڕوانیکردنی نەخۆشخانەکە. لەوێ بەدەم چاوەڕوانییەوە یەکتری و ئەو تیمارکارەش_دەبینین، کە چاودێریی کچەکە دەکات. دوای ئەوە یەکە یەکە و بەتەنیا کچەکەش (هێدفیگ) دەبینین، لەکۆتایشدا دایکەکە کچەکەی لەگەڵ خۆی دەباتەوە بۆ ماڵەوە.

کچەکە لەم شانۆنامەیەدا دەبێتە هێماگەلی لێدانی دڵێکی پڕ لە خورپە و دێوزمە و خەونی ناخۆش و ژیانێکی پڕلە دڵەڕاوکێی، بەڵام لەهەمانکاتدا لەهەوڵی ئەوەدایە لەشتەکان بگات و خۆی لەو جیهانەدا رێکبخاتەوە، کە زۆر نامۆو دژوارە پێی. کچەکە لەدڵەوە دەیەوێت ئەو جیهانە نامۆیە بۆ یەکجارەکی بەجێبهێڵێت و نایەوێت چیتر بژی.

(بێدەنگی)

کچ: من دەتوانم...

تیمارکار: وتت چی؟

کچ: من دەمەوێت بمرم.

تیمارکار: بمریت؟

کچ: ئا.

تیمارکار: بۆچی دەتەوێت بمریت؟

کچ: لەبەرئەوەی نامەوێت بژیم.

کچەکە بەبەردەوامی و لە پەیوەندییەکانیدا بەوانی ترەوە دەڵێت (من نازانم) ئەم وتەیەش وەکو تروسکەیەکی کاریگەر و بەهێز، بەنێو کەسایەتی و بوونی هێدفیگدا تێدەپەڕێت، دووبارە

دەبێتەوە و کاردانەوەی جۆراوجۆریشی لەدەوروبەرەکەیەوە لێدەکەوێتەوە. ئەمەش ئامرازێکی گوزارشتئامێزە و لاش نۆرێن وەکو گەمەیەکی زمان بە وریاییەوە لە شوێنی خۆیدا بەکاری هێناوە.

نەبوون و پچڕانی هەموو پەیوەندییەکان لەنێو ئەم خێزان و جیهانەدا، نامۆیی و نەبوونی پەیوەندیشە بە خودی (من)ەکانەوە کە هەموو بەها و بنەما دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی لەنێوان خێزان و لەدەرەوەی خێزانەوە، لەدەست داوە.

- ژوورێکی بۆر

## تەرمیناڵی ژمارە . . .

ڕووداوەکانی ژوورێکی بۆر، چەشنی تەرمیناڵی سێ و تەرمیناڵی یانزە، لەژووری یەکێک لەنەخۆشخانەکانی منداڵبووندا ڕوودەدات[12].

(A)و (B) بەشێوەیەکی نائارام بەدیار کچە پێشوەختە تازە لەدایکبووەکەیانەوەن. هەر لە سەرەتاوە هەست دەکەین هەڵەیەک هەیە و هەموو شتێک بەو شێوەیە نییە کە دەبێت وابێت. لاش نۆرێن شانۆنامەکەی بەشێوەیەکی مۆسیقی ڕۆناوە و بەهۆی حیواری کورت و داماڵراوەوە و لەروانگەی زمانێکی ڕۆژانەی ساکارەوە، بەرجەستەکراوە.

لەسەرەتادا وا دەردەکەوێت کە (A)و (B) هەستدەکەن نامۆن بەو منداڵە بچوکە تازە لەدایکبووە، هەوڵ ئەدەن خۆشەویستی خۆیان لەتەقەلایەکی دووپاتکردنەوەدا بۆ کچە بچوکە تازەکەیان دەرببڕن.

بەکارهێنانی وشەی وەکو (موجیزە) و دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی (ئەو هی ئێمەیە) (من لەو بڕوایەدا نیم)...هتد، نا ئارامی و هەست بە نامۆکردنی ئەو دایک و باوکە تازەیە دووبارە دەکەنەوە. لەهەمانکاتدا ئەو منداڵە پەرجویەکی بە لەدایکبوونی، بۆ پیاوەکە (A) خوڵقاندووە: پیاوەکە چیتر هەست بە دڵە لەرزە و پەژارە و ترسی مەرگ ناکات، ئێستا ئەو بەهۆی ئەو منداڵەوە هەستێکی بەهێزی تیادا دروست بووە بۆ بەردەوامی و بۆ ژیان. چیتر هەست بەوە ناکات، کە لە هەموو ژیانیدا (هەڵە) بووە. ئەو منداڵەو بۆ یەکجار مانایەک بە پیاوەکە، وەک مرۆڤێک، مانایەک بە ژیانی و بوونی دەبەخشێت.

A: نەخێر، بەڵام هەڵە...بەشێوەیەک لە شێوەکان هەڵە. من هەستم دەکرد هەڵەم.

12 شانۆنامەی (ژوورێکی بۆر) بۆ یەکجار لەسەر شانۆی Husets teater لە شۆپنهاگنی پایتەختی دانمارک و لەساڵی ٢٠١١دا نمایشکراوە، دواتر هەمان نمایش لە ستۆکهۆڵم نمایش دەکرێتەوە.

بەڵام ژنەکە زیاتر لەترساندا بێدەنگە، ئەمە سێیەم منداڵییەتی و دوانەکەی تریشی هەر بەمنداڵی دوای لەدایکبوونیان، لەدەستداوە. ترسەکەی بەتووڕەبوون دەردەبڕێت، کە پیاوەکە دەڵێت (منداڵە تازە لەدایک بووەکەیان) خەون دەبینێت، هەڵدەچێت: منداڵێک کە تەمەنی تەنها شەو و رۆژێکە، دەبێت خەون بەچییەوە ببینێت؟

هێدی هێدی ئەو حیوارو دیالۆژە کورتە ساکارانە، دەبن بە بازنەی ژانێکی گران و گەورەی ئەو خێزانە. ترسی راستییەکی دژوار رێگا لە کەسایەتی (A، B) دەگرێت و ئەوان ناتوانن خۆیان لەو ترسە گرانە قوتاربکەن، ترسی ئەم دوو مرۆڤە تەنها رەوشێکی ئێگزیستێنتیالیزم لەخۆ ناگرێت، بەڵکو لەپاڵ ئەوەشدا ئەوان هۆکارێکی بەهێزیان بۆ ئەو ترسە، بۆ ئەو نائارامییە هەیە: ئەوان لەوەوبەر دوو منداڵی تریان لەدەستداوە.

شانۆنامەی (ژوورێکی بۆر) تەنها ٣٠ خولەکێک لەسەر شانۆ دەخایەنێت، بەڵام بە تەواویی ژیانی ئەو خێزانە، ئەو دوو مرۆڤە لەخۆدەگرێت. لەژوورێکی نەخۆشخانەیەکدا، زۆر بەهێمنی و بەشێوەیەکی ساکار و بەتوانایەکی بەرزەوە، مێژوو و ژیانی ئەو دوو مرۆڤە دەخاتە روو. وچانە کورتەکان دەرگا بۆ روودانی هەموو شتەکان دەکەنەوە، هەردوای چەند وچان و بێدەنگییەک هەستی پێکەوە ژیان، هەستی (ئێمە) بوون، بەتەواوەتی تێکشکاوە، هیواو ئاواتەکان، سەرلەنوێ دەبنەوە بە غەم و پەژارەیەکی گەورە.

لاش نۆرێن تەنها بە نیو کاتژمێر، توانیویەتی جێگای ئەو لەدایکبوونە ئەفسوونییە، ئەو تراژیدیا گرانە، ئەو کەوتنە دەروونییە و چەندین بابەتی تر لەنێو تێکستێکی کورتدا بکاتەوە.

شانۆنامەی (ژوورێکی بۆر) لەچاوتروکانێکدا و لەبێدەنگییەوە دەستپێدەکات و هەر لە بێدەنگی و وچانەکاندا تەواودەبێت، بۆئەوەی سەرلەنوێ و بەهەمان دیالۆژو بێدەنگی و وچانەکانەوە دەستپێبکاتەوە. یان لە تەرمینالێکی تردا بەردەوامی لەخۆبگرێت.

*　　*　　*

خۆشەویستی چییە؟

## دەمەتەقێیەکە لەگەڵ لاش نۆرێن

**دانا ڕەووف**

لەسویدییەوە کردوویەتی بەکوردی و

پەراوێزی بۆ داناوە[13]

کاتێک لاش نۆرێن من لەسەر عەرەبانەی کەمئەندامان دەبینێت، بۆ تەنها ساتێکیش بەو شێوە پڕ لە هەست و سۆزو بەزەییەی کە من لەسەری ڕاهاتووم، سەیرم ناکات، هەروەکو من بەو شێوەیە نەبینێت، یان نەوێرێت ڕووبەڕووی ئەم کەمئەندامییەم ببێتەوە.

لاش نۆرێن دەیەوێت هەموو شتێک بزانێت و بەبێ شەرم پرسیار دەکات. من هاتووم بۆ گۆتلاند[14] تا هەوڵبدەم و تۆزێک لە ژیانی لاش نۆرێن تێبگەم، بەڵام ئەو دەست بەسەر بارودۆخەکەدا دەگرێت و دەکەوێتە پرسیارکردن:

[13] چاوپێکەوتنی ئێجگار زۆر لە ڕۆژنامە، ئێزگە، تیڤی و گۆڤارەکاندا لەگەڵ لاش نۆرێن کراوەو کەم و زۆر باسی ژیانی خۆی و پرۆژە کۆن و تازەکانی کردووە. بەڵام هیچ چاوپێکەوتنێکم بەچەشنی ئەم چاوپێکەوتنە نەدیوە، کە ڕۆژنامەنووس (مارییا تریگۆرد) سازیکردووەو لاش نۆرێن ڕاشکاوانە و بەراستگۆیی وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە. ئەم چاوپێکەوتنە کورتە، هەرچەندە ساکارە و پرسیار و وەڵامەکان بەشێوازێکی کورت، فۆرمێکی ڕۆژنامەنووسی سانای لەخۆ گرتووە، بەڵام لاش نۆرێن چەندین ڕاستی گرینگ دەدرکێنێت و وەڵامی هەندێک پرسیار دەداتەوە، کە لەوەوبەر بە هیچ شێوەیەک نەیویستووە قسەیان لەسەر بکات.

[14] گۆتلاند: دوورگەیەکە لەنێو دەریای بەلتیکداو لەگەڵ چەند دوورگەیەکی دیکەدا خاکێک لە یۆتلاندو هەرێمی خۆیدا، گۆتلاندس لێن، پێکدەهێنێت. دوورگەی گۆتلاند بەشێکە لە خاکی وڵاتی سوێد.

- ئەسپەکە چی کرد؟

- بەپشتدا کەوتیتە خوارەوە؟

- دەتەوێت سەرلەنوێ دەست پێبکەیتەوە[15]؟

دەستبەجێ ئەو وێنەیەی لەلای خۆم سەبارەت بەلاش نۆرێن بۆ خۆمم دروستکردبوو، ئاشکرا دەبێت: کە ئەم نووسەرە، مرۆڤەکان، ئەزموونەکان و تراژیدیاکان کۆدەکاتەوە، چونکە ژیان و چارەنووسی خەڵکی پێویستە، بۆ ئەوەی شانۆنامەکانی بنوسێت.

دوای ئەوە لاش نۆرێن ددان بەوەدا دەنێت، کە زیندە خەونێکی ناخۆش و دێوزمە ئاسای هەیە و هەمیشەش دووبارە دەبێتەوە، کە لەپڕ لەخەو خەبەری دەبێتەوە، هەستدەکات ناتوانێت جەستەی بجوڵێنێت. هەروەکو من دەبێتە کەمئەندام و بەکورسی عەرەبانە ئاسای کەمئەندامان دەڕوات.

کاتێک دەگەم، لاش نۆرێن بە پایسکیلێکی بچکۆلەوە چاوەڕوانیم دەکات و بەرەو ناو هەر سێ خانووە بەردینە جوان و رووناکەکانیم دەبات. تیشکی رۆژەکە بڵاوبۆتەوە. ئێمەش لەدەرەوە، لەپاڵ تاشەبەردە وشک و رووتەڵەکاندا دادەنیشین و لەکوپی گەورەدا قاوە دەخۆینەوە. تیشکی رۆژەکە بەناو لەوەڕگای مەڕ و مانگا و کێڵگە فراوان و پێدەشتەکاندا بڵاوبۆتەوە. (ئانیکا) کێکی بەدارچینیەوە بۆ کردووین و بەقاوەکەوە دەیخۆین. (ئانیکا) ئەکتەرە. لە پایزدا، لەکاتی نمایشکردنی شانۆنامەی (ئاوی وەستاو)ی لاش نۆرێن خۆیدا، کە بۆ شانۆی جولەکە لەستۆکهۆڵم کاریان تێداکرد، یەکترییان دیوە. کێکە دارچینییەکە زۆر خۆشە، لاش نۆرێن و ژنە تازەکەشی، (ئانیکا)ی ئەکتەر، لەوەدەچێت لەم شوێنەدا پێکەوە بەختیاربن.

دواتر من بواری ئەوەم بۆ دەڕەخسێت پرسیاری لێبکەم و گفتوگۆکەمان دەستپێبکەین. سەرەتا لێیدەپرسم ئاخۆ نیازی ئەوەی نییە بەیەکجارەکی بگوێزێتەوە و لەم دوورگەیە بژی؟

- هیوادارم. من زۆر حەزدەکەم، کە لێرەبم.

لەپڕ لایەنێکی تری خۆیم بۆ ئاشکرا دەکات، کە تەواو بە من نامۆیە. ئەم نووسەرە گەورەیەی سوێد، کە لەدوای "ئینگمار بیرگمان"ەوە لە هەموو کەسێک زیاتر لەسەری نووسراوە، فرە بەرهەمەو بەردەوام خاوەنی پرۆژەی تازەیە. ئەم نووسەرە کە بەدیدێکی رەش ناوزەد کراوەو بەرهەمەکانی مۆرکێکی پڕ لە نائومێدی و شەڕی نەوەکان لەخۆ دەگرێت. خەون بەوەوە دەبینێت کە بەتەواوەتی و بۆ یەکجارەکی لەدنیای ئەدەب و شانۆ دووربکەوێتەوە، لەبری ئەوە باخێکی گێلاسی ژاپۆنیی تایبەت بەخۆی بڕوێنێت و باخچەکانی بژارو پاک بکاتەوە.

- یەک دوو ساڵی تر بەکاری دەرهێنانی شانۆییەوە خەریک دەبم و دوای ئەوە دەکشێمەوەو خۆم بڕیار لەسەر کاتی خۆم ئەدەم. من هەر زۆر بە پەرۆشی ئەوەوەم بەتەواوەتی لە هەموو شتێک دووربکەومەوەو تەنها هەر لێرە، لەم شوێنەبم. پێمخۆشە ئەو قۆناغە ئەکتیڤ و پڕ لەکارەم تەواوبکەم.

● واز لەنووسین دەهێنیت؟

- نەخێر، بەپێچەوانەوە، ئەوکات دەتوانم بەتەواوەتی خۆم بۆ نووسین تەرخان بکەم.

● دایک و باوکت سەبارەت بە پیشەکەت، وەکو نووسەر دەیانووت چی؟

---

[15] لەوە دەچێت رۆژنامەنووسەکە بەهۆی کەوتنە خوارەوە لەسەر پشتی ئەسپەوە، کەمئەندام بووبێت.

- هەرزۆر دوودڵ و نائارام بوون. ئەوان دەیانویست نووسین وەکو کارێکی لاوەکی وەربگرم، لەبری ئەوە پیشەیەکی تەواوەتیم هەبێت. دایکم دەیویست من ببم بە قەشە، خۆی لەبنەماڵەیەکی قەشەدا گەورەبووە.

● چۆن باسی گەورەبوونی خۆت لە هوتێلی خێزانەکەتان، لەناوچەی گێنارپ دەکەیت[16]؟

- کاتێکی خۆش بوو. لەزۆر رووەوە کاریگەریی هەبووە لەسەر من، هەموو جۆرە مرۆڤێکی لێ کۆدەبووەوە. لە ژووری نان خواردن، شوێنی دانیشتن بەپێی ئاستی چینایەتی دیاری کرابوون: باشترین شوێنەکان، مامناوەندی...هتد. ژووری قاوە و چا خواردنەوە و هەروەها شوێنە خراپەکان. تێکەڵەیەکی سەیر و سەمەرە بوو. ریتواڵەکانی بەخاک سپاردن، ژن و ژنخوازی و ئاهەنگێڕان و کەسانێکی زۆری سەرخۆش و بەدمەستەکان. هەموو لەم هۆتێلەدا کۆدەبوونەوە. ئەو جوتیارانەی کە کێڵگەکانیان بەهۆی بەدمەستی و مەی خواردنەوەوە لەدەست ئەداو چەندین تراژیدیای تر، بەڵام ژیانێکی ئێجگار قەرەباڵغ بوو، ژیانی رۆژانە زریانێکی گەورە بوو لەهاتووچۆی بونیامەکان.

● شتێکمان دەربارەی منداڵی خۆت بۆ بگێڕەرەوە؟

- تەمەنم شەش ساڵ بوو کە هاتم بۆ گێنارپ. لە یەکەم رۆژەکانی قوتابخانە کە دەستم پێکرد، چەند کورێک منیان بە عەمودێکی کارەباوە بەستەوە و بەوایەرێک کەوتنە لێدانم، هەر لەبەرئەوەی من بەشێوەیەکی سەیر قسەم دەکرد. ئەمە راچڵەکین و شۆکێکی گەورەبوو بۆ من، کاریگەرییەکی قوڵی تێکردم. لێرەوە ناچاربووم بەرگری لەخۆم بکەم، زیاتر ببمە کەسێکی بێباک و کەللەرەق. زۆر گرانە لەپڕ بکەویتە ناو گوندێکی ناوچەی (سکۆنە)وە[17]. خانەوادەکەشم خاوەنی پیشەگەلێکی تایبەتمەند بوون، هۆتێلیان هەبوو، باوکم بەدمەست بوو. ئائەمە بەشێوەیەکی بەهێز کاری تێکردووم و بۆتە بەشێک لە من.

●چۆن؟

- زۆر ئاسانە بۆ من خۆم لەو کەسانەدا ببینمەوە کە لەدەرەوەی سیستمە کۆمەڵایەتییەکاندان، من لەمە دەگەم و دەیانناسمەوە.

● بۆچی لەتەمەنی پانزە ساڵیدا لە گێنارپەوە گەڕایتەوە بۆ ستۆکهۆڵم؟

- لەلایەکەوە لەبەرئەوەی ژیانیماڵەوە زەحمەت و دژواربوو، لەلایەکی تریشەوە دەمویست بێم بۆ ستۆکهۆڵم تا ببم بە نووسەر.

● بیری ماڵەوەتان نەدەکرد؟

- کچێکم ناسی و بۆ ماوەی سێ ساڵ لە شەقامی ریدەرگاتان[18] لەلای ئەو دەژیام، بۆیە هێندە بیری ماڵەوەم نەدەکرد. ئەو کچە دە ساڵ لە من گەورەتر بوو، من تەنها تەمەنم شانزە ساڵان بوو، ئەویش بیست و شەش ساڵ بوو.

● برایەکتان لە گێنارپ دەژیا، چ جۆرە پەیوەندییەکتان بەیەکەوە هەبوو؟

---

[16] گێنارپ گوندێکی بچوکی سەر بەشاری لوندەو دەکەوێتە باشوری سوێدەوە. لاش نۆرێن لەتەمەنی شەش ساڵییەوە تاکو پانزە ساڵی، لەم گوندەدا ژیاوە.

[17] سکۆنە هەرێمی هەرە باشووری وڵاتی سوێدە.

[18] ریدەرگاتان یەکێکە لە شەقامە دیارەکانی ستۆکهۆڵم و دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەوە.

- زۆر نا. ئەو ئەندازیاری خانووبەرە بوو. ئێستا خانەنشینە و دە ساڵ لە من گەورەترە. ژیانێکی تایبەتمەندی خۆی هەیە، جیهانێکی تایبەتمەند. شتێکی ناخۆش و گرانیش نییە، کە ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان نییە. ئەوە واقیعێکە و پێی رازی بە.

● چی وای لەتۆ کردووە کە بەردەوام بیت لە نووسیندا؟

- من وزەیەکی بەهێزم هەیە. چەندین شانۆنامەی نووسراوم هەن، بەلای خۆمەوە لە ئاستێکی باش و بەرزدان، بەڵام تاکو ئێستا نە بڵاومکردوونەتەوە، نە ناردووشمن بۆ شانۆکان. من هیچ پێویستییەکم بە کاردانەوە و ستایشێک نییە بەرانبەر ئەم شانۆنامانە. تەنها لەوکاتانەدا دەریاندەهێنم کە پێویستم بە پارەیە. ئەم شانۆنامانە تا لەچەکمەجە و سەر رەفەکاندا بمێننەوە، من خاوەنیانم و موڵکی خۆمە. ئەوانەشی کە بڵاودەکرێنەوە یان لەسەر شانۆکان نمایش دەکرێن، زۆر لەمێژە نووسیوومن.

● بۆچی لەتەمەنی چل و نۆ ساڵیدا بوویتە ریژیسۆر؟

- (یان مالمشویی)و (ماریا یۆرانزۆن)[19] بیریان لە شانۆنامەی (سەمای مەرگ)ی ستریندبیری کردبووەو پرسیاریان لە من کرد کە کاری ریژیان بۆ بکەم. من لەوەوبەر بەهیچ شێوەیەک بیرم لەکاری ریژی نەکردبووەوە، بەڵام بیرم کردەوە بونیام دەتوانێت هەوڵێکی لەگەڵدا بدات. بەهەرحاڵ دەتوانین هیچ نەبێت دەست بکەین بە خوێندنەوەی.

● وەکو بەڕێوبەر چۆنیت؟

- باشم، زۆر باش.

● چۆن؟

- نا، تەنها گاڵتەم کرد. من حەزم بەوەیە کە سەرپەرشتیاربم و بڕیاربدەم. هەر زۆر حەزم لەوەیە.

● بۆچی رێگا بۆ ئەکتەرەکانت خۆش دەکەیت، سەما بکەن؟

- ئەوە شتێکی لەخۆوە بوو، جارێکیان کارم لەگەڵ گروپێکی گەورەی ئەکتەرەکاندا دەکردو بیرم لەوە دەکردەوە چی بکەم. سەما هات بەخەیاڵمدا. رێگام بۆ کردنەوە سەمابکەن. سەماکردن چەندین، یاخود هەموو دژایەتییەکان تێک و پێک دەشکێنێت و رێگایەکی زۆر باشە بۆ نزیک بوونەوە و لەیەکتر گەیشتن.

● بۆچی تۆ هەرگیز دوای یەکەم رۆژی نمایشەکان ناگەڕێیتەوە بۆ لای ئەکتەرەکان و نمایشەکە[20]؟

- من زۆر بە چڕی کاردەکام و تامەزرۆی ئەوەم بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە تا بنووسم. ئەمە بۆ من ژیان و مەرگە. بەهەمان شێوە کاری ریژی بەلامەوە هێندە گرینگ نییە، بۆ من تەنها کارێکی خۆشە و هیچیتر. بەڵام لەو بڕوایەدام، کە ئەکتەرەکان ئەمەیان پێخۆش نییە و پێی دڵگران دەبن.

---

[19] "یان مالمشویی" و "ماریا یۆرانزۆن" دوو ئەکتەری ناسراوی سوێدن و لە شانۆی پادشایەتی کاردەکەن. ئەم دوو ئەکتەرە ژن و مێردن و زۆرجار لەکار و پرۆژەی هاوبەشدا کاردەکەن.

[20] لەشانۆ گەورەکان، کاری ریژیسۆر دوای نمایشەکان تەواو دەبێت و کارەکە ئەداتە دەست ئەکتەرەکان و ئەوان بەرپرسیارن لەرەوتی پرۆژەکە. بەڵام هەندێکجار ریژیسۆرە دیارەکان بۆ ماوەیەک لەگەڵ ئەکتەرەکانی دەمێننەوە و چاودێری رۆژانی نمایشەکانی دەکەن.

- دوو شانۆنامەت لە چەکمەجەکانتدا حەشارداوە، بۆچی ئەمانە نمایش ناکرێن؟

- ئەو شانۆنامانە زۆر تایبەتن بەخۆم، باسی خۆم دەکەن، ژیانم، سەردەمی منداڵیم. ئەمانە دەبێت چاوەڕێ بکەن تا من دەمرم.

- بۆچی شانۆنامەی (حەوت/سێ)تان نووسی[21]؟

- نامەیەکم لە یەکێک لەبەندییەکانی بەندیخانەی (تیدەهۆڵم)ەوە بەدەست گەیشت[22]. بەندییەکانی ئەو بەندیخانەیە گروپێکی شانۆییان دروستکردبوو، داوایان لە من کرد، ئەگەر تێکستێکم هەبێت بەکەڵکی ئەوان بێت. منیش لەگەڵیان کەوتمە گفتوگۆ کردن. هەر زوو یەکێک گوتی من (ناشونالْ سۆسیالیستم)، بەمە من بەتەواوەتی تووشی شۆک و راچڵەکین بووم[23]. ئەمانە لەناوچەرگەی کۆمەڵگای سویدیدا بوون و منیش دەمویست بزانم چین. بارودۆخێکی داخراو و ترسناک بوو. پەیوەندی و لێکتێگەیشتن و نزیکبوونەوەش هەرزۆر مەحاڵ بوو.

- لەکاتی ئەو پرۆژەیەدا، پەیوەندییەکانت بە (تۆنی ئۆڵسۆن)و (ماتس نیلسۆن)ەوە چۆن بوو[24]؟

- هەمان پەیوەندی، کە من بە هەموو ئەکتەرێکی ترەوە هەمبوو. خۆشم بوێن، کاربکەم لەگەڵیاندا، بەڵام ئەوانم وەک (کەس) خۆش نەوێت، ئەوەم خۆش بوێت کە دەیکەن.

- چۆن زانیت کە ئەوان لە هێرشەکەی مالێکساندرادا بەشداربوون و خەڵکیان کوشتووە[25]؟

---

[21] لاش نۆرێن لەساڵی ١٩٩٨دا، لەیەکێک لە بەندیخانەکانی سوێد لەگەڵ کۆمەڵێک لە بەندییەکان، بەپێی راهێنانی راگوزاری و گفتوگۆیەکی بەردەوامەوە شانۆنامەی حەوت/سێ، دەربارەی ژیانی ئەو بەندییانە دەنووسێت. شانۆنامەکە لەسەر شانۆکانی دەوڵەت و دواتریش لەگەشتێکی هونەریدا، لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی سوێددا نمایشدەکرێت. ئەم پرۆژەیە لەنێوەندە رۆشنبیری و هونەرییەکاندا بووە هۆی گفتوگۆیەکی چڕو بەردەوام: گروپێک بەتوندی پشتگیرییان لەم کارە دەکرد و بەپێچەوانەشەوە گروپێکیتر بەتوندی دژی دەوەستانەوە.
لەکاتی نمایش و گەشتەکانی ئەم گروپەدا، ئەکتەرە بەندەکان، بەبێ پاسەوان هەموو سەربەستییەکیان دەبێت و بەوپەڕی ئازادییەوە هەڵسوکەوت دەکەن. تەنانەت لەدەرەوەی دیوارەکانی بەندیخانەکەشیاندا دەژین. لەگەڵ دوا رۆژی نمایشەکە، ئەکتەرەکان لەبری ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ بەندیخانەکەیان، لە هێرشێکی چەکداریدا، بانقێک دەبڕن. بەتوندوتیژی و بەهێزی چەک بەرەنگاریی ئەو پۆلیسانەش دەبنەوە، کە دەیانەوێت ئەم دزانە رابگرن. لەئەنجامدا بەشێوەیەکی دڕندانە و زۆر لەنزیکەوە پۆلیسەکان دەکوژن و رادەکەن.

[22] بەندیخانەی "تیدەهۆڵم" یەکێکە لە گەورەترین بەندیخانەکانی سوێد. لەساڵی ١٩٥٩دا کراوەتەوە و جێگای ١٨٩ بەندی تیادا دەبێتەوە. ئەو بەندییانەی لەم بەندیخانەیەدا دەگیرسێنەوە، کەسانی تاوانباری گەورەن. بۆ نموونە پیاوکوژ، یان ئەوانەی کە لەسەر بازرگانیکردن بە مادەهۆشبەرەکانەوە گیراون. ئەمە جگە لە دزە گەورەکان و کەسانی سەر بە مافییا جۆراوجۆرەکان.

[23] ناشۆنالْ سۆسیالیست: نازییە تازەکانی ئەوروپان و هەمان ئایدۆلۆژیای هیتلەریان هەیە لە دژایەتیکردنی رەگەزی جولەکەو بێگانەکانی ئەوروپا و پیرۆزکردنی رەگەزی ئاری. هیتلەر نمونەی باڵایانە و تووندڕەون. هەروەها دووپاتی ئەوەش دەکەنەوە کە بەهیچ شێوەیەک قەڵاچۆکردنی جولەکەکان و لەکاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا لەلایەن هیتلەرەوە، رووینەداوە و پێیانوایە ئەوە تەنها درۆیەکی مێژووییە.

[24] (تۆنی ئۆڵسۆن) و (ماتس نیلسۆن) ئەکتەرە بەندەکانی ئەو بەندیخانەیە بوون، کە لاش نۆرێن کاری لەگەڵیان دەکرد. تۆنی ئۆڵسۆن لەسەر شانۆ بە روونی ئەوەی دووپات دەکردەوە، کە ناشونالْ سۆسیالیستە. ئەمەش تووڕەبوون و دڵگرانیی زۆری لەلای بینەران و بەشێکی زۆری ناوەندە هونەری و رۆشنبیرییەکەی سوێد دروستکرد. تەنانەت هەندێک لە رەخنەگرەکان و کەسایەتییە کلتورییەکان باسیان لەوە دەکرد، کە نمایشەکە، لاش نۆرێن و تۆنی ئۆڵسۆن بدەن بەدادگا و رووبەڕووی یاسایان بکەنەوە.

[25] مالێکساندرا: راوەدوونانی پۆلیس و دزەکان بە ماشێن و بەکارهێنانی چەکی قورس و هێلیکۆپتەر لەناوچەی (مالێکساندرا)دا و لە دووڕیانی رێگاو دۆڵێکدا کۆتایی پێدێت. لەم شوێنەدا دزەکان، لەناویاندا (تۆنی ئۆڵسۆن)و

- بەهۆی وێنەیەکەوە کە لە رۆژنامەکاندا بڵاوکرابووەوە. من دەستی تۆنیم ناسییەوە کە بەچەکێکی AK4 ەوە، لەبەردەمی دەرگای (بانک) لە "کیسە" وەستابوو. تووشی شۆکێکی بەهێز هاتم، بووم بە بەرد و نەمدەتوانی لەجێگای خۆم بجوڵێمەوە، لە هەمانکاتدا بەو هیوایە بووم ئەوەی، کە لە رۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە راست نەبن و هەڵە بن. هەروەها من زۆر بەو رووداوە سەرم سوڕ نەما. هێندە نەفام و سادە نەبووم، کە لەو بڕوایەدا بم ئەوەی ئێمە پێکەوە کردوومانە، کاریگەرییەکی بەهێزی وەها لەوان بکات، کە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییان تێدا دروست بکات و بیانکاتە هاوڵاتییەکی باش و بەسوود.

- ئەی چیت کرد؟

- لە مۆتیڤەکانی خۆم ورد بوومەوە، لەخۆمم پێچایەوە. دەبوایە چیمان بکردایە؟ من گەیشتمە ئەو باوەڕەی، کە ئێمە مۆتیڤەکانمان زۆر راست و پاک بوون.

- ئەم مەسەلەیە بە چ شێوەیەک تۆی گۆڕیوە؟

- ئەم کارەساتە بەشێکە لە ژیانم و شتێکە بە بەردەوامی و رۆژانە کاری بۆ دەکەم. بەخۆشحاڵییەوە دەمەوێت جارێکیتر کار لە بەندیخانەکاندا بکەم، بەڵام هەرگیز لەگەڵ کەسانی نازیدا نا.. هەرگیز. من هەستدەکم پیس بووم، ئەوە ئایدۆلۆژیایەکی پیسە، ترسناکە، دژی ژیان و پڕ لە هەڕەشەیە.

- چیت بە تۆنی و ماتس گوت، کە لەبەندیخانە سەردانت کردن؟

- من دەمویست بزانم ئەوان چۆن توانیان تاوانێکی وا بکەن و لەهەمانکاتدا لەگەڵ ئێمە کاربکەن. من دەمویست ئەمانە واز لە نازیزم بهێنن. سەردانەکە و رووبەڕووبوونەوەی ئەوان، ئێجگار دژوار و ترسناک بوون. بونیام هەستی بە ئامادەگی تاوانەکەیان دەکرد. ژیانی چەند کەس بەهۆی ئەوانەوە تێکشکێنراو لەناوچوون.

- چۆن دەڕوانیتە بنەماکانی خێزانێکی کامڵ و تەواو؟

- شتی وا هەیە؟ لەوانەیە تەنها لە خەونی پارتی کریستییان دیموکراسەکاندا شتی وا هەبێت. من خودی خۆم هیچ خەونێکم بۆ خێزانی کامڵ و تەواو نییە. لەوبڕوایەدام ئەوە جۆرێکە لە بەندیخانە. من خەون بە مرۆڤی سەربەستەوە دەبینم.

- ئەی تۆ وەکو باوکێک چۆنیت؟

- لەوبڕوایەدام من باوکێکی زۆر باش بم.

- کچەکانت بۆ تۆ چی دەگەیەنن؟

- من بەوانەوە دەژیم و زۆر وابەستەی ئەوانم. بەبەردەوامی بیر لەوان دەکەمەوە. پەیوەندییەکی زۆرم پێیانەوە هەیە. بۆ من زۆر گرانە ددان بەوەدا بنێم و لەوەبگەم، کە ئەوان

---

بەیارمەتی (ماتس نیلسۆن) و کەسانی تری نازی و تاوانبار، بۆسەیەک بۆ ماشێنی پۆلیسەکان دەنێنەوە و بەشێوەیەکی توندوتیژ و بێبەزەییانە، پۆلیسەکان لەنزیکەوە بەدەمانچەکانی خۆیان دەکوژن. تۆنی ئۆڵسۆن بەبەشێکی زۆری پارەکەوە رادەکات بۆ وڵاتی (کۆستەریکا)، بەڵام ئەوەندە نابات پۆلیسی سویدی هەرهەموویان دەگرن و رووبەڕووی یاسایان دەکەنەوە و تا ئێستاش لە بەندیخانەدان.

گەورە بوون. ئێستاش دەمەوێت هەر من بڕیاربدەم. یەکێکیان تەمەنی بیست و پێنج ساڵە و ئەوەی تریان سی و سێ ساڵە... ئەمە هەر زۆر منداڵانەیە.

● ژیان لەگەڵ تۆدا چۆنە؟

- لەوبڕوایەدام کە گران بێت، من کەسێکی سەربەخۆم و دەتوانم لەژێرزەمینێکدا بە تەنیا بژیم. تەنگەژە و گرفتی گەورەش لە ژیانمدا ئەوەبووە هەوڵبدەم هاوسەنگییەک لەنێوان خێزان و کارەکانمدا بکەم.

● خۆشەویستی چییە؟

- شتێکە دەچێتە نێو پێست و ئێسقانەکانمانەوە، شتێکی ئێجگار پڕ لە رازو نهێنی کە دوایی دەردەکەوێت شتێکی حاشاهەڵنەگرە.

● چوونە تەمەن و پیربوون بەلای تۆوە چۆنە؟

- حەزدەکەم بچمە تەمەنەوە، تامەزرۆی ئەوەم. ئەوکاتە بەوپەڕی بەختیارییەوە دەتوانم ئەوەی کە خۆم دەمەوێت، ئەوە بکەم. داواکان گەورەتر دەبن، بەڵام من دەمەوێت زیاتر بەردەوام بم، هەوڵبدەم سەربکەوم بەسەر داخوازییەکاندا، من دەمەوێت پیربم، هەشتا ساڵ، تا بزانم ئەوکاتە چ دۆزێکم ماوە و لەسەر چی کاربکەم.

● چ شتێک بەلای تۆوە گرینگە؟

- کە بەشێوەیەکی راست رەفتاربکەم، رەفتارێکی راست لەگەڵ چ شتێکدا بکەم بۆ ئەوەی لەگەڵ خودی خۆم راستگۆبم و ویژدانی خۆم بە زیندوویی بهێڵمەوە و زۆر تووندبم.

*ئەم چاوپێکەوتنە رۆژنامەنووسی سوێدی (مارییە ترێدگۆرد)لە ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ لاش نۆرێن کردوویەتی و لە رۆژنامەی (ئافتۆنبلادێت) **Aftonbladet** بڵاوکراوەتەوە.*

* * *

# تەرمینـــــــاڵ

سێ شانۆنامە

نووسینی: لاش نۆرێن

# تەرمینالٚی سێ

## TERMINAL 3

کەسایەتییەکان

ئەوی نێر ٣٠ ساڵ

ئەوی مێ ٢٧ ساڵ

پیاوەکە ٤٩ ساڵ

ژنەکە ٤٦ ساڵ

کارمەند

کچ

(ژوورێکی گەورەو چۆڵ. گەر هەر مۆبیلەیەکی تیادابێت، ئەوە رەنگیان بۆرێکی تۆخە و ئاماژەی هیچ زەمەنێکی دیاریکراو ناکات. زۆر تاریکە. دواتر بە هێواشی رووناک دەبێتەوە)

ئەوی نێر

ئێرەیە؟

ئەوی مێ

نازانم.

ئەوی نێر

ئێمە لێرە بووین؟

(بێدەنگی)

ئەوی نێر

ئەبێت ئێرە بووبێت؟

ئەوی مێ

من گوتم نازانم.

ئەوی نێر

نا.

ئەوی مێ

جا لەکوێ بزانم.

ئەوی نێر

خۆ کەس لێرە نییە.

ئەوی مێ

هیچ نازانم.

ئەوی نێر

کەس لێرە نییە تا مرۆڤ پرسیارێک بکات.

ئەوی مێ

ئیتر هیچ تێناگەم.

ئەوی نێر

سەیرە!

(بێدەنگی)

ئەوی نێر

من خۆم ناناسمەوە...

ئەوی مێ

ناچیت پرسیارێک بکەیت.

ئەوی نێر

لەکێ؟

ئەوی مێ

لەوانەی کە لەوێ بوون...

ئەوی نێر

ئەی خودایە، هەرئێستا دەقەومێت.

(وچانێکی کورت)

ئەوان گوتیان کە ئێمە بێین بۆ ئێرە.

پیاوەکە

ئێرەبوو...

ئەوی مێ

کەواتە ئێرەیە.

ئەوی نێر

ئیتر چاوەڕوان بە.

(بێدەنگی)

ئەوی نێر

وایان نەگوت؟

پیاوەکە

ئێرە هەمان شوێنە.

ژنەکە

چۆن؟

(ئاوڕدەداتەوە)

پیاوەکە

ئێمە لەهەمان شوێن بووین... هەمان ڕاڕەو. ئێرەبوو. ئەم ژوورە بوو. نەفرەت.

ئەوی مێ

کەسێک لەوێدا دانیشتووە.

ژنەکە

ئەرێ کەس لێرە نییە.

پیاوەکە

یان شوێنێک کە زۆر لێرە دە چوو.

ژنەکە

ئێستا بڕۆین بۆ کوێ؟

پیاوەکە

هەمان ژوورە. من دڵنیام. پەنجەرەکە دەناسمەوە... ئەو پەنجەرە بەرزانە... مۆبیلەکانیش. ئەوساش هەر لێرەدابوون... لەهەمان شوێندا...

ژنەکە

بۆچی دەبێت ئەوان وا بکەن؟

پیاوەکە

لەبەرئەوەی من دێتەوە یادم... ئێمە ئا لەوێدا چاوەڕێمان دەکرد. ئا لەوێدا دانیشتبووین و

چاوەڕێمان دەکرد... مرۆڤ ئەم شتانەی لەبیر ناچێتەوە... هەرچەندە زۆر دەمێکیشە.

ژنەکە

ئەرێ هیچ کارمەندێک لێرە نییە؟

پیاوەکە

بەڵام ئەوان لەهەموو شوێنێک هەر هەمان قەنەفە دادەنێن. زۆر هەرزان دەکەوێت.

ئەوی مێ

لەوانەیە ئەوە میز بێت.

ئەوی نێر

دەبێت ئێمە لێرە چاوەڕوان بین... تا سەرەمان دێت.

ئەوی مێ

ناتوانیت شتێکی دیکە بڵێیت؟

ئەوی نێر

وەکو چی؟

(وچانێکی کورت)

مەبەستت چییە؟

ئەوی مێ

نا...

(بێدەنگی)

ئەوی نێر

ئازارت هەیە؟

ئەوی مێ

نەخێر.

ئەوی نێر

نیتە.

ئەوی مێ

من هیچم نییە.

ئەوی نێر

جانتاکەی تۆم لایە... گەر شتێکت دەوێت.

(بێدەنگی)

ئەوی نێر

هیچ شتێکت پێویستە؟

ئەوی مێ

نەخێر، سوپاس.

ئەوی نێر

دڵنیایت؟

ئەوی مێ

ئەرێ، وەکو چی؟

ئەوی نێر

نا، منیش نازانم.

ئەوی مێ

ئەوە شکاوە. دەمەوێت فڕێی بدەم.

ئەوی نێر

ئێما!

(بێدەنگی)

ئەوی مێ

من تەنیا دەمەوێت لەکۆڵم ببێتەوە.

ئەوی نێر

چ شتێک؟

ئەوی مێ

من دەمەوێت ببمەوە بە کەسەکەی جاران.

ئەوی نێر

ئا، بەڵام...

ئەوی مێ

دەمەوێت وەکو خۆم بم.

ئەوی نێر

چۆن؟

ئەوی مێ

بەڵام ناتوانم.

(بێدەنگی)

ژنەکە

هیچ کەسێک لێرە نییە؟

پیاوەکە

لەوە ناچێت.

ژنەکە

ئەمە سەیر نییە؟

(بێدەنگی)

ژنەکە

ئەمە سەیر نییە، کە کەسێکیش لێرە نەبێت؟

پیاوەکە

ئا، ئەوە... لەوانەیە وابێت. کات درەنگە.

ژنەکە

کە پاسەوانێکی لێنەبێت... هەرکەسێک بیەوێت دەتوانێت بێتە ژوورەوە.

پیاوەکە

ئێمە نازانین.

ژنەکە

چی؟

پیاوەکە

ئێستا کەسێک هەر دێت، بەو هیوایەین.

ژنەکە

وامەڵێ... من هیوادارم کەس نەیەت.

(بێدەنگی)

ژنەکە

ئەگەر هیچ کەسێک نەیەت، ئەوە رەنگە ئەو نەبێت. کەسێکی تر بێت.

پیاوەکە

ئەرێ.

(بێدەنگی)

ئەوی نێر

ئەوانیش چاوە ڕێ دەکەن.

ئەوی مێ

کێ؟

ئەوی نێر

ئەوانەی لەوێ دانیشتوون. ئەوانیش لەگەڵ ئێمە هاتن.

ئەوی مێ

نەخێر، ئەوان درەنگتر هاتن. بەڵام ئەوان هەر زۆر بە تەمەنن.

ئەوی نێر

بەتەمەنن؟

ئەوی مێ

نابینیت؟

ئەوی نێر

زۆر بەتەمەنی وانین. بەهەرحاڵ پیاوەکەیان.

ئەوی مێ

سەیریان مەکە.

ئەوی نێر

بۆچی سەیریان نەکەم؟

ئەوی مێ

دەزانن کە باسی ئەوان دەکەین.

ئەوی نێر

هەمیشە هەروایە، لە رووداني شتی گەورەدا، مرۆڤ دەبێت چاوەڕوان بێت.

ژنەکە

دەبوایە چەند مۆمێکیان دابنایە... چەند مۆمێکی داگیرساو.

پیاوەکە

ئێرە تەنها ژووری چاوەڕوانییە.

ژنەکە

هەرشتێک.

ئەوی نێر

من لەو بڕوایەدام ئەو پیاوە دەناسمەوە. لە شوێنێک بینیومە. لەوانەیە لەم نزیکانە بژی.

ژنەکە

راست هاتووین؟

پیاوەکە

ئا، راست هاتووین. ئەوان گوتیان بچن بۆ ئەو خانووەی پیتی (س)یەکی[*] پێوەیە.

ژنەکە

جا ئێمە لەوێین؟

پیاوەکە

ئا.

ژنەکە

تۆ دڵنیایت؟

پیاوەکە

نەخێر، دڵنیانیم. نەخێر، من لەهیچ شتێک دڵنیانیم، هیچ شتێک نییە من لێی دڵنیابم، تەنها شتێک من دڵنیام لێی، ئەوەیە کە پیتی (سی)ێکی گەورە بەسەر دەرگاکەوە بوو. بەهەرحاڵ، ئەوەشتێکە من لێی دڵنیام. هەردووکمان ئەوەمان بینی. تۆ بەر لە من بینیت. تۆ خۆت واتگوت.

ژنەکە

(س)ێک بوو؟

پیاوەکە

ئا، (سی)ێک بەسەر ئەو دەرگایەوە بوو کە لێوەی هاتینە ژوورەوە. (سی)ێکی گەورەی نەفرەتی. من زۆر لەوە دڵنیام. جگە لەوە من لە هیچ شتێکی تر دڵنیانیم.

ژنەکە

(سی)ێک بوو؟

ئەوی نێر

من تۆم خۆشدەوێت.

---

[*] مەبەست لە پیتی c ئینگلیزییە.

ئەوی مێ

بەڵێ.

پیاوەکە

نەخێر، ئەوە (ئۆ)یەکی* گەورەی نەفرەتی بوو، کە تێکشکابوو.

ژنەکە

ئا، لەوانەیە وا بووبێت.

ئەوی نێر

دوایی کە هەموو شتێک تەواوبوو دێم بە شوێنتاو پێکەوە دەڕۆینەوە بۆ ماڵەوە.

ئەوی مێ

بڕۆ؟

ئەوی نێر

ئا... من ئەو دەگرمە باوەشم.

ئەوی مێ

من لەوانەیە توانای ئەوەم نەبێت بەپێ بڕۆم.

ئەوی نێر

نەخێر لەوکاتەدا بە ماشێن دەڕۆین. بەڵام بە ماشێن رۆیشتن گەوجییە، ئێمە ماڵمان هێندە نزیکە. هەموو رێگاکە چەند سەد مەترێکە.

ئەوی مێ

بەلایەنی کەمەوە یەک کیلۆمەترە.

* مەبەست لە پیتی (o)ی ئینگلیزییە

ئەوی نێر

نەخێر، هەروا بە دەممدا هات.

ئەوی مێ

ئایا ئێمە دەبێت هەرئێستا بڕیاری ئەوە بدەین؟

ئەوی نێر

نەخێر.

ئەوی مێ

من تووشی ترس و نیگەرانی دەبم کە بەتەنیا بیر لەوە بکەمەوە، کە بڕیاری ئەوە بدەم دوایی چی بکەم. خۆ تازە ژیانم داڕێژراوە.

ئەوی نێر

نەخێر، پێویست ناکات بیری لێبکەیتەوە. پێویست ناکات بڕیاری هیچ شتێک بدەین.

ئەوی مێ

ئێمە بڕیاری ئەوەشمان نەداوە کە کوڕەکەمان ناو بنێن چیی.

ئەوی نێر

نەخێر.

(وچانێکی کورت)

با جارێ ئەو بێت، دوایی بڕیاری لەسەر ئەدەین.

ئەوی مێ

یان کچەکەمان؟

ئەوی نێر

من حەزدەکەم ناوی جۆن-جۆن بێت.

ئەوی مێ

نەخێر، هەر ناوێکی تر جگە لەوە.

ئەوی نێر

ئەو  هەرکە هاتە دەرەوە دەڵێت: "سڵاو من ناوم جۆن- جۆنە تۆ ناوت چییە؟"

ژنەکە

ئەوانە چ چەنەبازێکن.

(بێدەنگی)

ئەوی نێر

(بێدەنگ)

دوایش دەتوانین بەرەو خوار بگوێزینەوە بۆ خانووەکەمان.

ئەوی مێ

گوتت چی؟

ئەوی نێر

(قایمتر)

بیرم لەوە کردەوە کە دواتر دەتوانین بەرەو خوار بگوێزینەوە بۆ خانووەکەمان. خۆمان کۆدەکەینەوە و ماڵەکە پاک دەکەینەوە و بەرەو خوار بۆ ماڵەکەی خۆمان بڕۆین... پاشان هەموو هاوینمان لەبەردەمدایە کە بیڕازێنینەوە، بۆیاخی بکەین و ئەرزێکی نوێی بۆ دابنێین، لەدەرەوە دابنیشین و لە باخچەکەدا نان بخۆین و بڕۆین بۆ گوێ دەریاکەو لەوێ هەموو رۆژەکان لەگەڵ منداڵەکەمان بەرینە سەر. ئای کە من تامەزرۆی ئەوەم لێرە بڕۆم، تامەزرۆی ئەوەم کە لە ماشێنەکەدا دانیشم و لێی بخورم. ئێرە بەجێبهێڵم.

ئەوی مێ

بۆنی قەوزەی گەنیوی لێدەهات.

ئەوی نێر

ئا، چییە... خۆ دنیا بەوە کاول نابێت.

پیاوەکە

دێتەوە یادت کە ئێمە...

(وچان)

ئەوی مێ

تۆ دەتوانیت جارێ بڕۆیتەوە بۆماڵەوە.

ئەوی نێر

چی؟

ئەوی مێ

ئا.

ئەوی نێر

بۆ ماڵەوە؟

ئەوی مێ

ئا، ئەگەر ئەتەوێت... ئەگەر ئەتەوێت بڕۆرەوە بۆ ماڵەوەو پشوویەک بدە.

ئەوی نێر

بۆچی بڕۆمەوە؟

ئەوی مێ

بۆئەوەی لە دانیشتنی ئێرە رزگارت بێت. تۆ دەتوانیت کاتەکە بقۆزیتەوەو بچیتەوە بۆ ماڵەوەو پشوویەک بدەیت.

ئەوی نێر

نەخێر، من دەمەوێت لەگەڵ تۆ بم.

ئەوی مێ

مرۆڤ نازانێت چەندە دەخایەنێت. لەوانەیە تا بەیانی لەدایک نەبێت.

ئەوی نێر

نەخێر، من دەمەوێت لەگەڵ تۆ بم. ئەوە شتێکی روونە کە من لەگەڵ تۆ دەبم. نامەوێت بڕۆم. دەمەوێت لەلای تۆ بمێنمەوە. هەرچەندە هەندێک کارم بەجێهشتووە.

ئەوی مێ

تۆ هیچ شتێکت پێ ناکرێت. بەهەرحاڵ، ئا لەم کاتەدا.

ئەوی نێر

تۆ باش تێدەگەیت. چەندە سەیریت.

ئەوی مێ

تۆ دەتەوێت بچیتەوە بۆماڵەوە.

ئەوی نێر

بۆچی وا دەڵێیت؟

ئەوی مێ

لەبەرئەوەی من هەستی پێدەکەم.

ئەوی نێر

نەخێر من نامەوێت.

ئەوی مێ

من هەست دەکەم کە تۆ ئەمە بە ئەرک دەزانیت.

ئەوی نێر

بەهیچ شێوەیەک وا نییە. تۆ بۆ وا بیر دەکەیتەوە. بەئاسانیش دەیخەیتە ملی من. تۆ لەسەر ئەم شتانە راهاتووی.

ئەوی مێ

من توانای ئەمەم نییە.

ئەوی نێر

هەروەها منیش.

(بێدەنگی)

ئەوی نێر

راوەستە... من دەمەوێت لێرە لەگەڵ تۆ بم. ئەمە تەنها شتێکە کە من دەمەوێت. خۆت چاک دەزانیت.

پیاوەکە

تۆزێکی تریش چاوەڕوانێ دەکەین.

ژنەکە

هیچ شتێکی تر هەیە بیکەین؟ بە ماشێن هاتی؟

پیاوەکە

نەخێر، بە تاکسی.

(بێدەنگی)

ئەوی مێ

بێگومان گەر شتێک رووبدات ئەوان تەلەفۆن دەکەن.

ئەوی نێر

نەخێر.

ئەوی مێ

من خەمی تۆمە.

ئەوی نێر

تێدەگەیت کە من دەمەوێت لێرە لەگەڵتابم.

ئەوی مێ

ئا.

(بێدەنگی)

ئەوی مێ

مییا وتی  دوایی دێت.

ئەوی نێر

ئەها. تۆ لەگەڵ مییا قسەت کردووە؟

ئەوی مێ

دەمویست تەنها ئەوەی بۆ باس بکەم کە مناڵەکەم دەبێت.

ئەوی نێر

بەدۆزەخ ئەوە منم دەبم بە باوک، نەک مییا.

ئەوی مێ

من دەمەوێت تەنها ئەو بزانێت.

ئەوی نێر

باشە.

(بێدەنگی)

(ئەوی مێ سەیری وێنەیەکی فۆتۆگرافیی گەورەی قاوەیی ناو چوارچێوەیەک دەکات، کە بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە)

ئەوی نێر

ئەوە چییە؟

ئەوی مێ

نازانم... لە شتێکی ترسناک و دێوزمە دەچێت.

ئەوی نێر

(هەڵدەستێتە سەرپێ، دەچێت بۆ لای فۆتۆکە)

ئەمە چییە؟

ئەوی مێ

ئەوە لاق نییە؟

ئەوی نێر

ئەمە وێنەی ئەشیعەی لاقێکی بچوکە، لاقی منداڵێک. لاقی منداڵێک کە بزمارێکی گەورەی ژەنگاوی پیاداچووە.

ئەوی مێ

ئائەو شتە رەشە، بزمارە؟

ئەوی نێر

ئەگەر ئەوە بزمار بێت، دەبێت رووناک بێت. ئا... لەوانەیە ئەمە زۆر کۆن بێت.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

تۆ ئەوەت نایەتەوە یاد؟

ژنەکە

نەخێر.

پیاوەکە

نایەتەوە یادت کە ئێمە لێرە بووین؟

ژنەکە

من نامەوێت ئەوەم بێتەوە یاد... بەتایبەتی ئێستا.

پیاوەکە

نەخێر.

ژنەکە

هەر دەبێت ئێمە لە شوێنێک بووبێتین بەوەی کە ئێستا لێرەین.

پیاوەکە

ئێرە بوو، بەهەرحاڵ، بەر لە نۆزدە ساڵ لێرە بووین. هەرلەوکاتە دەچێت. هەر دەڵێی هیچ شتێک نەگۆڕابێت. تەنها ئێمە. ئێمە لەو شووقە تازە نۆژەنکراوەیەدا دەژیاین کە دەکەوتە ئەوبەری جادەکەی لای خوارەوە، لەسووچەکەدا. ئەوەی کە کرێکەی ئێجگار گران بوو، دوای ئەوەی نۆژەن کرابووەوە. ئێمە لە نهۆمی سەری سەرەوە دەژیاین. لە نهۆمی حەوتەم، لەسەری سەرەوە. تۆ هەر نەتدەوێرا بچیتە دەرەوە بۆ سەرێ. لە باڵەکۆنەکەوە راستەوخۆ ئێرە دەبینرا.

ژنەکە

ئەوە تەنها بانیژەیەکی جل هەڵخستن بوو.

پیاوەکە

ئا، ئاخر ئێمە بەنیازی ئەوە نەبووین ماوەیەکی زۆر لەوێ بژین.
(بێدەنگی)

پیاوەکە
ئەوە کێ بوو؟

ژنەکە
کێ؟

پیاوەکە
کەسێک لەوێوە ڕۆیشت.

ژنەکە
ئاوا؟

پیاوەکە
کەسێک لەوبەرەوە بوو. وابزانم پیاوێکم دی لەوێوە ڕۆیشت، لەوێوە.

ئەوی نێر
کەسێک لەوێوە بوو.

ژنەکە
کێ بوو؟

پیاوەکە
نازانم. دیار نەما.
(بێدەنگی)

پیاوەکە

بڕۆم پرسیارێک بکەم؟

ژنەکە

نا، مەڕۆ.

پیاوەکە

نەخێر.

ئەوی نێر

ئەبێت ئەمانە لێرە چیبکەن.

(وچانێکی کورت)

ئەوانەی لەوێدا دانیشتوون.

(وچانێکی کورت)

لەوانەیە کەسوکاری کەسێک بن... ئەوانە پیرن بۆئەوەی...

پیاوەکە

بڕۆم و سەرلەنوێ پرسیارێک بکەم؟

ژنەکە

ئا، برۆ پرسیارێک بکە.

(بێدەنگی)

ژنەکە

لەوێدا نوسراوە.

(بێدەنگی)

ژنەکە

لەسەر دەرگاکە نوسراوە کە ئەوە چییە.

پیاوەکە

چی لەوێدا نوسراوە؟ چاوێلکەکەم بۆ نادۆزرێتەوە.

ئەوی نێر

چی لەوێدا نووسراوە؟

ژنەکە

ژوور بۆماڵئاوایی.

پیاوەکە

ژووری دوا ماڵئاوایی؟

ژنەکە

ئا.

پیاوەکە

بۆم هەیە چاویلکەکەی تۆ بەکاربهێنم؟

ژنەکە

پێم نییە، لەسەر کارەکەم لەبیرم چووە. ئا، ئێمە بۆئەوێ دەچین... ئەوە ئەو شوێنەیە کە. ئەو لەوێیە.

پیاوەکە

من ناتوانم بەبێ چاویلکە هیچ ببینم.

ژنەکە

ئا، بەڵام وا نوسراوە.

پیاوەکە

ئەها ...

(وچان)

ژوور بۆ ماڵئاوایی.

(بێدەنگی)

ئەوی نێر

ئەوانە سەیری ئێمە دەکەن.

ئەوی مێ

کێ؟

ئەوی نێر

ئەوانەی ئا ئەویا... لەوان زیاتر کەسی تر لەوێ نییە.

ژنەکە

بۆچی سەیری ئێمە دەکەن؟

پیاوەکە

کێ؟

(وچانێکی کورت)

ئەها، ئەوانە.

ژنەکە

ئەوانەی ئەوبەرەوە.

پیاوەکە

ئا، ئەوانە سەیری چی دەکەن؟

ژنەکە

ئەبێت ئەوانە لێرە چی بکەن.

پیاوەکە

ئا، نازانم.

ژنەکە

زۆر پیر نین.

پیاوەکە

من تۆزێک لەمەوبەر وام گووت.

ژنەکە

وەک ئێمە.

پیاوەکە

وەکو ئێمە. نەخێر، ئەوان ئەوەندە بەتەمەن نین.

ژنەکە

لەوانەیە ئەوان... لەوانەیە کەسێک بێت کە ئەوان بیناسن.

پیاوەکە

ئا.

(وچانێکی کورت)

چ شتێکی ناخۆشە.

ژنەکە

لەوانەیە هاورێ یان خوشکوبرا بن.

پیاوەکە

ئاوایە. شتێکی ناخۆشە.

(وچانێکی کورت)

لەوانەیە دایک و باوکی بن... یەکێک لە دایک و باوکەکان.

ژنەکە

بەڵام ئەوانە گەنجن... بەڵام ئەوانە زۆر گەنجن... ژنەکە هەر هەژدە نۆزدە ساڵێک دەبێت.

پیاوەکە

ئا، نازانم. لەبەرئەوە بوو کە... کە شتێک... لەوانەیە منداڵێکی بچوک بێت.

(بێدەنگی)

ژنەکە

نازانم گەر من...

پیاوەکە

گوتت چی؟

ژنەکە

نازانم من لەتوانامدا دەبێت بەرگەی ئا ئەمە بگرم.

پیاوەکە

نەخێر، هەروەها منیش.

ژنەکە

نەخێر.

پیاوەکە

بەڵام ئەبێت بەرگەی ئەوە بگرین.

ژنەکە

ئا.

(بێدەنگی)

ژنەکە

لەوانەیە کەسێکی تر بێت.

پیاوەکە

ئا.

ژنەکە

لەوانەیە ئەو نەبێت. لەوانەیە کەسێکی تر بێت.

پیاوەکە

ئا.

ژنەکە

نامەوێت ئەوە بزانم.

پیاوەکە

نەخێر.

(دەستی ژنەکە دەگرێت)

ژنەکە

من نامەوێت.

ئەوی نێر

زۆر باشە کە دایکت دێت. من و ئەو دەتوانین تا ئێوە هەردووکتان دەگەڕێنەوە، ژوورەکە ڕێکبخەین. کاتمان دەبێت بیرازێنینەوە، تا ئێوە دێنەوە.ماڵەوە هەر زۆر پەرشوبڵاوە.

ئەوی مێ

بێگومان ئەوە شتەکانی منە پەرشوبڵاوە. ئێمە دەگوێزینەوە، ئیتر ئەوە چی لە مەسەلەکە دەگۆڕێت.

ئەوی نێر

ئا، بەڵام...

ئەوی مێ

ئێمە لەکەیەکەوە لێرەین؟

ئەوی نێر

نازانم... ڕەنگە چارەکە سەعاتێک بێت.

ئەوی مێ

واهەست دەکەم چەند هەفتەیەکە.

ئەوی نێر

بەڵام ئەوان ئەزانن ئێمە لێرەین. ئەوان ئێمەیان لە یاد نەچووە. ناکرێت ئێمەیان لەبیر بچێتەوە.

ژنەکە

لەوبڕوایەدایت کە ئەوان ئێمەیان لەبیر چووبێت؟

پیاوەکە

ئا، لەوە دەچێت. لەوە باشتر نابێت.

ژنەکە

ئا، لەوە دەچێت.

ئەوی نێر

لەوانەیە ئێمە دوایی سەفەر بکەین بۆ شوێنێک. پشوویەک وەربگرین. بڕۆین بۆ تورکیا یا بۆ کرێتا یان بۆ هەر شوێنێکی تر، لەوێ زەریا گەرم بێت. لەوانەیە هەر لەمانگی چوارو پێنجەوە گەرم بێت. سەیر دەکەین بزانین سەفەرێکی هەرزان نادۆزینەوە، سەفەری گروپ، بۆ هەفتەیەک، دە رۆژێک دووربکەوینەوە.

ئەوی مێ

چۆن بتوانین شتی وا بکەین؟

ئەوی نێر

ئێستا سەفەری هەرزان هەیە. لەم کاتەدا خەڵکی زۆر سەفەر ناکەن.

ئەوی مێ

بونیادەم بە منداڵێکی ساواوە ناتوانێت بچێت بۆ هیچ شوێنێک.

ئەوی نێر

نەخێر، ئێستا نا. دوایی.

پیاوەکە

نۆزدە ساڵ لەمەوبەر. نۆزدە ساڵ لەمەوبەر؟

ئەوی مێ

نەخێر، من نامەوێت بیر لەوە بکەمەوە.

ئەوی نێر

نەخێر، دوایی. ئێستا پێویست ناک بیر لەوە بکەیتەوە. دوای چەند مانگێکی تر. لەوانەیە لەمانگی حەوتدا.

ئەوی مێ

نەخێر، نابێت. ناتوانم.

ئەوی نێر

لەوانەیە منداڵەکە لەلای دایکت دابنێین تا ئێمە دەگەڕێینەوە، کە ئێمە لێرەنین. تەنها بۆ ماوەیەکی کەم.

ئەوی مێ

نەخێر، من پێویستە دەست بکەمەوە بەکار.

ئەوی نێر

کار؟ کار، مەبەستت لەمە چییە؟

ئەوی مێ

ئا، پێویستە.

ئەوی نێر

تو ئەو خودایە مەبەستت لەمە چییە؟

ئەوی مێ

ئەوان پرسیاری ئەوەیان لێکردم گەر بتوانم مانگی داهاتوو بچمە سەر کار.

ئەوی نێر

مانگی داهاتوو؟

ئەوی مێ

مانگی پێنج. هەفتەی یەکەمی مانگی پێنج. من دەبێت دڵخۆش بم بەوەی کەسێک پرسیار لە من دەکات. کە منی دەوێت.

ئەوی نێر

تۆ نابێت وا بکەیت؟

ئەوی مێ

بۆچی نابێت وا بکەم؟ گەر من بتوانم بچمە دەرەوەو سەفەر بکەم، دەشتوانم بچمەوە سەر کار. کارکردن زۆر لەوە خۆشترە برۆی بۆ پشوویەکی چارتەری نەفرەتی.

ئەوی نێر

ئا، بەدۆزەخ، من لەوبڕوایەدا بووم کە تۆ دەتەوێت لە ماڵەوە بیت.

ئەوی مێ

پێنج هەفتە لەماڵەوە دەبم، نزیکەی شەش هەفتە.

ئەوی نێر

نەفرەتم لێبێت، من هیچ حاڵی نابم. ئەمە بەتەواوەتی شێتییە.

ئەوی مێ

دەمەوێت هەرچی زووە بکەومەوە کار، بۆئەوەی سەرلەنوێ ببمەوە بە کەسێکی ئاسایی. تا دووبارە ببمەوە بە خودی خۆم.

ئەوی نێر

ئا، بەڵام... ئەمە هەر زۆر زووە.

ئەوی مێ

بۆ من نا.

ئەوی نێر

بۆ کوڕەکە یا کچەکە. ئا، خۆت تێدەگەیت.

ئەوی مێ

من بە تەواوەتی لە هەموو شتێک دابڕاوم. لە هەموو دنیا دابڕاوم و تەنانەت لەخۆشم. من نازانم چی روودەدات. هیچ پەیوەندییەکم بەخۆمەوە نەماوە. تەنها وەک کەسێکی نامۆم کە من ناینناسم و ئەو شتانە دەکات، کە من رانەهاتووم لەسەری و لەوەوبەر نەمکردوون. هەر لەوە دەچێت، کە من سەرم لە لەشم جیاکرابێتەوە.

ئەوی نێر

ئا، ئەزانم. تۆ باستکردووە. هەزارجار.

ئەوی مێ

هەرچییەکیش بڵێم سوودی نییە. تۆ تێناگەیت.

ئەوی نێر

نەخێر، هەوڵ دەدەم.

ئەوی مێ

منیش بەهەمان شێوە نایکەم.

ئەوی نێر

چی؟

ئەوی مێ

چی روودەدات. من تێناگەم کە چی روودەدات.

ئەوی نێر

بەهەرحاڵ ناکرێت تا دوای کریستمەس چاوەڕوان بیت؟

ئەوی مێ

ئەمە هەر وەک ئەوە وایە سەیری فیلمێکی پڕ لە کارەساتی بێدەنگ بکەیت و تێنەگەیت

باسی چی دەکات، هەرچەندە من تەماشای دەکەم... من دەمەوێت ئەوان سەرلەنوێ بژینەوە.

پیاوەکە

مرۆ لە ژووری چاوەڕوانی مۆمی ناوێت.

ژنەکە

خەڵکی لە کڵێساکان هەیانە.

پیاوەکە

لە کڵێساکان، ئا.

ژنەکە

ئەوێش هەر ژووری چاوەڕوانییە.

(بێدەنگی)

ژنەکە

دەبوایە شتێکیان هەر هەبوایە ئەوەی پیشان بدایە کە...

پیاوەکە

خەڵکی بە درێژایی رۆژ لێرەوە دێن و دەڕۆن.

ژنەکە

تۆ ئەوانە لەکوێ دەبینیت؟

(بێدەنگی)

ژنەکە

هیچ کەسێک لێرە نییە... جگە لەو داماوانە نەبێت کە لەوبەرەوە دانیشتوون. چەند کەسێک لەوێدا دانیشتوون.

ئەوی مێ

دەڕۆیت؟

ئەوی نێر

نەخێر... تەنها دەمەوێت هەستمە سەرپێ.

ئەوی مێ

بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە، گەر دەتەوێت.

ئەوی نێر

نەخێر، گووتم ناڕۆم.

ئەوی مێ

ئێمە ماڵمان زۆر لێرەوە نزیکە.

(بێدەنگی)

ئەوی نێر

من گووتم لێرە دەمێنمەوە.

ژنەکە

ئێمە هەرچاوەڕێ دەکەین و هەرچاوەڕێ.

پیاوەکە

ئا.

ژنەکە

ئەوساش هەرچاوەڕێی بووین.

پیاوەکە

ئا، بێقەزابیت ئەی دەتەوێت چی بکەین.

ژنەکە

ئێمە بەشێوەیەکی نائاسایی هەر زۆر چاوەڕێمان کرد.

(بێدەنگی)

ژنەکە

لەوانەیە کەسێکی تر بێت.

پیاوەکە

ئا...

ژنەکە

لەوانەیە بە هیچ شێوەیەک ئەو نەبێت.

پیاوەکە

نەخێر.

ژنەکە

لەوانەیە ئەلیاس نەبێت.

پیاوەکە

نەخێر.

ژنەکە

لەوانەیە تەنها کەسێکی تر بێت کە هەر زۆر لەو دەچێت.

پیاوەکە

بەڵام ئەوان تەلەفۆنیان بۆ تۆ کردووە... ئەگەر وانەبێت بۆچی تەلەفۆن بۆ تۆ دەکەن...

ژنەکە

ڕەنگە ئەوان بە هەڵەدا چوبن. ڕەنگە بە هەڵە تێگەشتبن.

پیاوەکە

چۆن چۆنی؟

ژنەکە

هەڵەیان کردبێت، زۆر بەئاسانی.

پیاوەکە

چۆن دەتوانن هەڵەی وا بکەن.

ژنەکە

نازانم. من لەخۆمەوە گوتم... تا دوایی... تا دەزانین.

پیاوەکە

ئا.

ژنەکە

من هیچ نازانم.

پیاوەکە

نەخێر، من تەنها هەوڵدەدەم... من تەنها هەوڵی ئەوە دەدەم ورە بەرنەدەم و بە هیوابم ... کەسێک... بە هیوابم.

ژنەکە

لەم ڕۆژانەدا قسەم لەگەڵ کرد.

پیاوەکە

قسەت لەگەڵ کرد؟

ژنەکە

ئا، چەند رۆژێک لەمەوبەر.

پیاوەکە

ئەوەم نەزانیوە.

ژنەکە

تەلەفۆنم بۆ کرد، چونکە زۆر دەمێک بوو هیچ هەواڵێکیم نەدەزانی.

پیاوەکە

چی گووت؟

(بێدەنگی)

پیاوەکە

دڵ تەنگ دیاربوو؟ نائارام؟

ژنەکە

نەخێر، بە هیچ شێوەیەک. بە پێچەوانەوە. هەرزۆر دەمێک بوو ئەئاوا بەدڵخۆشی گوێم لەدەنگی نەببوو... گاڵتەی دەکرد...

پیاوەکە

گاڵتەی دەکرد؟ بەچی؟ باسی چیتان کرد؟

ئەوی نێر

تۆم خۆشدەوێت.

ئەوی مێ

ئا.

ژنەکە

شتێکی کەرانە بوو کە هەردووکمان پێی پێکەنین... دواتر زۆر دڵخۆش بووم. دوای ئەوەی کە قسەکانمان تەواو کرد. هەستمدەکرد باری لەشم سووک بووە. من وا راهاتووم دوای ئەوە دڵخۆش دەبووم. دوای ئەوەی کە قسەکانمان تەواکرد.

ئەوی نێر

کەسێک هات.

پیاوەکە

(هەڵدەستێتە سەرپێ)

کەسێک هات.

ژنەکە

نەخێر.

(کارمەندێک دێتە ژوورەوە)

پیاوەکە

(هەڵدەستێت)

پرسیاری لێبکەین؟

ژنەکە

(بە بێدەنگ دادەنیشێت)

ئەوی نێر

ئا، رۆژباش. سڵاو.

کارمەند

ئێوەن کە؟

ئەوی مێ

ئا، لەو بڕوایەدام.

ئەوی نێر

ئا... ئەوان لە دەرەوە گووتیان.

ئەوی مێ

کە ئێمە بێین بۆ ئێرە.

ئەوی نێر

لێرە دانیشتووین و چاوەڕوان بووین. سەراوەکەی* تەقی.

کارمەند

ئا، هەندێک کارم هەبوو.

ئەوی نێر

ئەرێ، بۆ کوێ بچین؟

کارمەند

من لەو بڕوایەدا بووم کە ئێوە بەتەمەنتر بن. من وام دەزانی.

ئەوی نێر

بەتەمەنتر؟ چۆن چۆنی؟

کارمەند

ئا، بەڵام لەوانەیە ئێوە خوشک و برا بن، یان ناسیاو.

* "سەراو" کیسەیەکی ئاوە لە منداڵدانی ژندایە، بەر لە منداڵبوون دەتەقێ و ئاوەکەی دەڕوات بۆ ئەوەی منداڵبوونەکە ئاسان بێت.

ئەوی نێر

نەخێر، ئێمە ژن و مێردین.

کارمەند

ژن و مێرد؟ لەگەڵ یەکتردا؟

ئەوی نێر

ئا، بۆ ساڵێک دەچێت هاوسەری یەکترین.

پیاوەکە

(دێتەپێشەوە)

رۆژباش... ببوورە.

ئەوی نێر

ئا، ئێرە نییە؟

پیاوەکە

من دەمەوێت تەنها پرسیارێک بکەم، بەڵام دەتوانم چاوەڕێ بکەم.

کارمەند

ئێوەن کە دەبوو بێن بۆ ئێرە؟

پیاوەکە

ئا... نازانم... لەو بڕوایەدام.

کارمەند

ئێوەن کە هاتوون بۆ ناسینەوە.

پیاوەکە

ئا، کوڕێک.

کارمەند

کوڕێکی گەنج.

پیاوەکە

ئا، ئا، ئەوە ئێمەین.

ژنەکە

ئێمە نازانین کە ئەوە...

کارمەند

باشە ئێوە چیتان لێهات؟

پیاوەکە

لێرە چاوەڕوان بووین.

کارمەند

ئا، من لە ژوورەوە، لە ئۆفیسەکەم دانیشتبووم.

ژنەکە

ئێمە... لێرە چاوەڕوان بووین.

پیاوەکە

کوڕێکە... کوڕێکی گەنج؟

کارمەند

بەرەبەیان هێناویانە؟ ئا، هێندە بەتەمەن نییە.

پیاوەکە

نۆزدە ساڵە.

ژنەکە

بیست.

پیاوەکە

ئا، بیست.

ژنەکە

مانگی سێ، تەمەنی بووەتە بیست ساڵ، نۆزدەی سێ.

پیاوەکە

قژی زەردە. باریکەلەیەکە.

ژنەکە

تەمەنی بیست ساڵە.

پیاوەکە

قژی کاڵە. کاڵ.

ئەوی نێر

ببورە، ئەوی راستی بێت ئێمە لە پێشەوە بووین.

کارمەند

ئەرێ، تۆزێک چاوەڕێکە. ئا، من زۆر بە وردیی تەماشام نەکردووە.

پیاوەکە

قژی... قژی کاڵ بوو؟

کارمەند

ئا.

ئەوی نێر

نەفرەت، ئەمە چییە؟

ئەوی مێ

ئا، راوەستە. هێمن بە.

کارمەند

فریای ئەوە نەکەوتووم بە وردی سەیری رەنگی قژی بکەم، قژی چ جۆرە رەنگێک بوو.

ژنەکە

ئەلیاس باریک و درێژە.

ئەوی نێر

ئێمە لە پێشەوە بووین.

پیاوەکە

ئا، لەمانگی سێ دا بیست ساڵی پڕ کردەوە.

کارمەند

ئا، من ناتوانم هەموو شتێک بڵێم. باشتر وایە ئێوە خۆتان سەیری بکەن.

ئەوی نێر

لە هەر ئانوساتێکدا بێت منداڵەکەت دەبێت.

پیاوەکە

ئا، بێگومان.

ئەوی نێر

ئێوە ئەوکات چی دەکەن؟

کارمەند

من تەنها لاشەکەم لە پۆلیس وەرگرتووە کە بەرەبەیان هێنایان بۆ ئێرە.

پیاوەکە

بریندار بوو؟

ژنەکە

نیازی بوو پایز بچێتە پەیمانگای مامۆستایان... بەڵام ئەو دەیویست لەپێشدا

ساڵێک ئازاد بێت و سەفەر بکات...بۆ ئۆسترالیا.

پیاوەکە

ئۆسترالیا؟

کارمەند

ئۆسترالیا.

ئەوی نێر

ئەی ئێمە.

پیاوەکە

ئەمەم نەزانیبوو.

کارمەند

ئا، ئەگەر ئێمە... ئەگەر ئێوە لەگەڵم بێن و بۆ خۆتان سەیری بکەن تا بزانن خۆیەتی.

ئەوکاتە دەزانن و دڵنیا دەبن.

پیاوەکە

ئەو لەوێ چی دەکات؟

ئەوی نێر

ببورە...

کارمەند

ئا؟

ئەوی نێر

ئا، ببورە، من دەمەوێت تەنها بپرسم کە ئێرە بەشی منداڵ بوونە؟

کارمەند

ئەگەر ئێرە؟

ئەوی نێر

بەشی منداڵبوون. ئەو شوێنەی منداڵی تیا لەدایک دەبێت.

کارمەند

ئەها، ئێرە. نەخێر، ئێرە ژووری چاوەڕوانییە.

ئەوی نێر

بۆ چ شتێک؟

کارمەند

دەچن بۆ ئەوێ؟

ئەوی نێر

ئا، ژنەکەم منداڵی دەبێت. پێیان وتین بێین بۆ ئێرە.

کارمەند

ئا، بەشی منداڵبوون لەوێوەیە، ڕاڕەوەکەی ترە، بە دەستە چەپدا. ڕاڕەوەکەی لای چەپ، گەر لێرەوە سەیری بکەیت.

ئەوی نێر

ئەوان لە پرسگەکە گوتیان ئێمە بێین بۆ ئێرە.

کارمەند

ئا، ئا... ڕاڕەوەکەی تریانە، لەوێوە، لای دەرگاکانەوە.

ئەوی نێر

لەولاوە؟

کارمەند

ڕاست بۆ پێشەوە، دواتر بە دەستە چەپدا.

ئەوی نێر

ئا.

(بێدەنگی)

کارمەند

تێگەیشتی؟

ئەوی نێر

هیوادارم.

کارمەند

(وچانێکی کورت)

بڕۆن بەرەو ئەوێ و دوایی دەتوانن لەوێ پرسیاربکەن.

ئەوی نێر

ئەوها. سوپاس.

کارمەند

ئا، قاوشێکی ترە، هەردووکیان هەریەک دەروازەیان هەیە. بەڵام ئەوەی راستی بێت دوو خانووی جیاوازن.

ئەوی نێر

ئا، ئەمە شتێکی فێڵبازانەیە.

کارمەند

ئێرە بەشێکی ترە... بەڵام ئەمە ئاسان نییە بزانرێت.

ئەوی نێر

ئێ هیچی لێ نەنووسراوە.

کارمەند

نەخێر، تەنها پیتێک بەسەر دەرگاکانەوە نوسراوە.

ئەوی نێر

ئۆکەی.

کارمەند

ئەویتریان، لەولاترەوە.

ئەوی نێر

ئەوێی تاریکە.

کارمەند

ئا، بەڵام هەمیشە کەسێکی هەر لێیە.

ئەوی نێر

ئۆکەی. سوپاس. زۆر سوپاس.

کارمەند

شایەنی نییە.

پیاوەکە

من گوتم. ئەمە هەمان شوێنە کە ئێمە لێی بووین.

کارمەند

نا نەخێر.

پیاوەکە

بەر لە نۆزدە ساڵ.

کارمەند

ئەمە بەشێکی ترە. ئێرە...

پیاوەکە

نەخێر، وانەبوو.

کارمەند

چی؟

پیاوەکە

نەخێر.

ئەوی نێر

تۆ...

ئەوی مێ

تۆ...

ئەوی نێر

تۆ...

کارمەند

هیوادارم بیدۆزێتەوە.

پیاوەکە

ئا.

ژنەکە

چی بکەین؟

ئەوی مێ

گووتی چی؟

ئەوی نێر

ئێمە دەچین بۆ ئەوێوە. لەوێوە دەچین بۆ لای دەستە چەپ.

ئەوی مێ

کەواتە ئێرە نەبوو. خۆم گووتم.

ئەوی نێر
هەمان دەرگای چوونە ژوورەوەیان هەیە، بەڵام دەبوایە لەبری ئێرە بچوینایە بۆ لای چەپەوە. دوایی.

ئەوی مێ
تاریکە.

ئەوی نێر
ئەو وای گوت.

ئەوی مێ
تۆ دڵنیایت.

ئەوی نێر
ئا، دڵنییام. خۆم لێم پرسی.

ئەوی مێ
کەس لەوێ نییە.

ئەوی نێر
ئێمە نازانین.

ئەوی مێ
ئەوێوە بە تەواوەتی تاریکە.

ئەوی نێر
بێگومان کەسێکی هەر لێیە. خەڵکی بە بەردەوامی منداڵیان دەبێت.

ئـەوی مـێ

ناتوانیت بڕۆیت و پرسیار بکـەیتـەوە.

ئـەوی نێر

پرسیارم کردووە.

ئـەوی مـێ

لـەکـێ؟

ئـەوی نێر

ئـەوەی کـە لـەوێدا بوو.

(بێدەنگی)

ئـەوی نێر

بڕۆین؟

ئـەوی مـێ

هـیـچ ناجولێیت.

(بێدەنگی)

ئـەوی مـێ

(دەست دەخاتـە سـەر سکی)

لێرە.

ئـەوی نێر

چۆن؟

ئـەوی مـێ

ناجوولێت... هەست بەهیچ ناکەم.

ئەوی نێر

ئا، دە وەرە، نەفرەت. ئازارت هەیە؟

ژنەکە

نازانم ئەگەر من بەرگەی ئەمە بگرم.

پیاوەکە

من دەتوانم بڕۆم... بڕۆم؟

ژنەکە

نەخێر.

پیاوەکە

لێرە چاوەڕێ بکە، ئیدی...

کارمەند

نەخێر ئەمە ئاسان نییە. ئەمە هەرگیز ئاسان نەبووە. ئەمە زۆر گرانترە بۆ ئەوان، چونکە ئەوەندە گەنجن.

پیاوەکە

تۆ راوەستە.

کارمەند

زۆر گەنج لەم رۆژگارەدا. لەوە دەچێت کە ژمارەشیان هەر زیاتر و زیاتر بێت... ئەمانە هێشتا نەبوونەتە... هێشتا مندالان. مرۆڤ وا هەست دەکات کە ئەوانە بە تەمەنترین. گەنجانێکی زۆری سەڵت لە شووقەکانیاندا بۆگەن دەکەن.

پیاوەکە

ئا، وایە.

کارمەند

زەحمەتە ئەوانەمان لەبیر بچێتەوە.

ژنەکە

نەخێر، من ناتوانم.

پیاوەکە

نەخێر.

ژنەکە

من نامەوێت بەتەنها لێرە بمێنمەوە... من حەزم لەوە نییە.

کارمەند

لەوانەیە ئێوە بتانەوێت تۆزێکی تر چاوەڕوان بکەن بەرلەوەی...

پیاوەکە

نەخێر.

ئەوی نێر

ئێما

(ئەوی مێ زۆر بەهێواشی هەڵدەستێتە سەرپێ، بەرەو سێ کەسەکەی تر دەڕوات)

ژنەکە

من ئەزانم... من دەمزانی.

کارمەند

دەتانەوێت مۆسیقایەکی بخەمە سەر؟

پیاوەکە

نەخێر، بۆچی؟

کارمەند

هەندێک کەس دەیانەوێت، هەندێک حەزیان لەوەیە. ئێوە حەزتان لە چ مۆسیقایەکە؟

پیاوەکە

نەخێر.

(ئەوی مێ و ژنەکە بەرانبەری یەکتر وەستاون. ژنەکە سەیری ئەوی مێ دەکات، بەڵام ئەوی مێ بەلاچاوێک سەیری دەکات و بەلایدا تێدەپەڕێت)

(ژنەکە مەمکی ئەوی مێ دەگرێت، بەهێواشی دەستیان پێوە دەگرێت)

پیاوەکە

ئێما... ئەوە چی دەکەیت؟

ژنەکە

منداڵێکم بوو. ئێمە منداڵێکمان بوو. دواتر جیابووینەوە. دەبوایە هەرگیز هیچمان نەبوایە. من ڕۆیشتم. ڕۆژێک من ڕۆیشتم. ئەوکاتە ئەلیاس تەمەنی دوو ساڵ بوو.

پیاوەکە

ئێما... وەرە.

ژنەکە

ئێمە دەبوایە هەرگیز هیچمان نەبوایە. من هیچم نەدەویست. بەڵام منداڵێکم بوو.

پیاوەکە

ئێما، تۆ لەوێدا وەستاویت و لەگەڵ کەسێکی نەناسراو قسە دەکەیت.

ئەوی نێر

ئێما، چی دەکەیت؟

ئەوی مێ

دەمەوێت بچم بۆ تەوالێت.

کارمەند

لەوێوەیە، دەرگاکەی لەوێوەیە.

ژنەکە

(دادەنیشێت)

ئەوی مێ

(دەڕوات)

کارمەند

ئا، فەرموون لەگەڵم وەرن.

ژنەکە

هەموو دەڕۆن.

پیاوەکە

(دەستێکی ژنەکە دەگرێت)

ئێما، وەرە.

ژنەکە

هەر من لێرە ماوم.
(بێدەنگی)

(لاشەیەک سەرچەفێکی پێدا دراوە و لەسەر دەستەبەرەیەک لە ناوەڕاستی ژوورەکەدایە. لەهەمانکاتدا ئەوی نێر دەچێتە ژوورەکەی تر، کە هەمان ژوورە، ئەوەی کە جیاشیاندەکاتەوە تەنها ڕووناکییە)

ئەوی مێ
(لەسەر جێگاکە دانیشتووە)
سڵاو.

کچ
سڵاو. من چاوەڕوانی کەسێک دەکەم.

ئەوی مێ
گوتت چی؟

کچ
چاوەڕوانی کەسێک دەکەم کە نەهات.

ئەوی نێر
سڵاو.

ئەوی مێ
سڵاو.

ئەوی نێر
ئەوە منم. چۆنیت؟
(بێدەنگی)

ئەوی نێر

لێرەیت؟

ئەوی مێ

ئا.

ئەوی نێر

(بەتەنیشت ئەوی مێوە دادەنیشێت، دەستی دەگرێت)

چۆنیت؟ تەندروستیت چۆنە؟ بۆنت چەندە خۆشە.

ئەوی مێ

ماندووم.

ئەوی نێر

ئاساییە.

(دەیگرێتە ئامێز)

شتێکی سەیر نییە. ئەمە گەورەترین شتە کە رووئەدات. چ شەوێکە، شەوێکی مێژوویی بوو.

(بێدەنگی)

ئەوی نێر

چاکە. هەست دەکەیت باشتریت؟

ئەوی مێ

ئا، بێگومان باشتر دەبم.

ئەوی نێر

ئەرێ. تۆ بەم زووانە دێیتەوە بۆ ماڵەوە.

ئەوی مێ

بەڵام ئەمڕۆ نا.

(بێدەنگی)

ئەوی نێر

دەرەوە زۆر خۆشە... بە دڵنیاییەوە نۆزدە پلە گەرمە... هەر دەڵێت بەهارە... هەوا زۆر خۆشە... هەر تەواو خۆشە... مرۆڤ حەز لە فتبۆڵێن دەکات.

(وچان)

بەڵام من دەبێت چاوەڕێ بکەم تا کوڕەکەم نەختێک گەورە دەبێت. دەتوانم جارێ هیچ نەبێت ئەو بخەمە ناو گۆڵەکەوە.

ئەوی مێ

ئەوان دەیانەوێت مرۆڤ بەزووترین کات هەستێتە سەرپێ.

ئەوی نێر

بۆ تۆش وا دەبێت. باری تەندروستیت چۆنە؟

ئەوی مێ

من گوتم نازانم. نازانم هەست بە چی بکەم.

ئەوی نێر

نەخێر.

ئەوی مێ

ئەوان گووتیان ئازاری زۆر نابێت. وایان نەگووت.

ئەوی نێر

نەخێر، لە کتێبەکەشدا وا نەنوسراوە.

ئەوی مێ

لەوبڕوایەدا بووم کە دەمرم. من خەریک بوو بمرم.

ئەوی نێر

لێتدام!

ئەوی مێ

لێم دایت؟

ئەوی نێر

ئا، تۆ ئەوەندەت ئازار هەبوو، لەتاودا پیاتدا کێشام. یەکسەر بە دەموچاومدا.

(بێدەنگی)

ئەوی مێ

نا، مەبەستم نەبوو.

ئەوی نێر

نەخێر، قەیناکا. ئەوە لەبەر ئەوە نەبوو، کە من گووتم... ئەمەم لەگەڵ خۆم هێناوە... هەندێک کتێب و رۆژنامەشم لەگەڵ خۆم هێنا، ئەگەر دەتەوێت بیخوێنیتەوە.

ئەوی مێ

سوپاس. بۆنیان لێوەدێت؟

ئەوی نێر

لێرەدا دایان بنێم؟

ئەوی مێ

توانای خوێندنەوەم نییە.

ئەوی نێر

نەخێر، ئێستا نا. تۆ دەتوانیت دوایی بیانخوێنیتەوە. لەژوورەکەی خۆت داییبنێم؟

(بێدەنگی)

ئەوی مێ

ئەمانەت لەخوارەوە کڕیون؟

ئەوی نێر

ئا. هیچ گرینگ نییە لەکوێم کڕیون.

ئەوی مێ

لەخوارەوە کڕیوتن؟

ئەوی نێر

تەماشایەکی منداڵەکەمانم کرد، بەرزم کردەوە. زۆر سووک بوو. هەروەک ئەوە وابوو هەوا بگریت بەدەستەوە.

ئەوی مێ

لێیگەڕێ بابنوێت.

ئەوی نێر

بەرلەوەی بێمە ژوورەوە بۆ لای تۆ. ئا، ئەو نووستووە.

ئەوی مێ

خەبەری نەکەیتەوە.

ئەوی نێر

نەخێر. تەنها تەماشام کرد. هەر زۆر شیرینە. تۆزێک گەندەموو بەسەر شان و ناو دەفەی شانییەوەیەتی. بەڵام ئەوان گوتیان کە ئەوە دواتر دەوەرێت.

ئەوی مێ

دەزانم. کە شیر ئەدەم نابێت بخۆمەوە.

ئەوی نێر

دەتوانیت تۆزێک بخۆیتەوە.

ئەوی مێ

نەخێر. ئێمە نابێت هیچ جۆرە بەدمەستێکمان تێدا هەڵکەوێت.

ئەوی نێر

ئا، چۆن چۆنی. باپیرەی بەدمەست بوو.

ئەوی مێ

ئاوها.

ئەوی نێر

کوڕێکمان بوو. کوڕێک.

ئەوی مێ

تۆ ئەوەت دەویست.

(ئاماژەیەک دەکات)

ئەوی نێر

بەچاوی شینەوە.

(وچان)

ئازارت هەیە؟

ئەوی مێ

تەنها کە دەجولێمەوە.

ئەوی نێر

(پێدەکەنێت)

ئەوی مێ

شتێکی هەزەلی بوو؟

ئەوی نێر

نەخێر، نەخێر. ئەوە نەبوو.

(وچانێکی درێژ)

بیرم لە چیرۆکێک دەکردەوە، ئەم شەوکورێک چیرۆکێکی گێڕایەوە. پیاوێک لەلایەن چەن کەسێکی لە دایکبووی ناوچەیەکی ئەفریقاوە بەدارێکەوە دەبەسرێنەوە. دوو کەس بوون، دوو پیاوی سپی، بۆ ماوەیەکی زۆربە شێلمانێکەوە دەبەسرێنەوە. دوای ئەوە ئەفریقاییەکانی ناوچەکە تیغ دەکەن بەجەستەیاندا، یەکێکیان لەتاو ئازار دەگری و هاوار دەکات و دەقیژێنێت، بەڵام ئەویتریان هەر هیچ بەخەیاڵیدا نایەت. ئەوەی کە لەتاو ئازار هاواری دەکرد و دەیقیژاند، لەویتر دەپرسێت کە ئازاری نایەت. ئەویتریان وەڵامی ئەداتەوە: تەنها کە پێدەکەنم.

ئەوی مێ

ئەها.

ئەوی نێر

من بەوە پێکەنیم.

ئەوی مێ

ئا... من وا هەست دەکەم تیغێکیان لەجەستەم چەقاندووە.

(بێدەنگی)

ئەوی نێر

ئێستا ئێمە منداڵێکمان هەیە. من و تۆ.

ئەوی مێ

ئا، ئا، ئا...

ئەوی نێر

منداڵەکەمان... من ناتوانم بڕوا بکەم.

ئەوی مێ

هەروەها منیش.

ئەوی نێر
شتێکی سەیربوو کە هاتە دەرەوە، بەتایبەتی کە لە جەستە جوانەکەی تۆوە هاتەدەرەوە... هەر راستەوخۆ چاوی بڕییە چاوم... من نازانم ئەمە راستە یان خۆم هەڵدەخەڵەتێنم، بەڵام من وام هەست دەکرد کە ئەو بەشێوەیەک زۆر بەهێمنی و روون و ئاشکرا سەیری منی دەکرد، هەروەک ئەوە وا بوو کە رێک و راست ئەو هەموو شتێک بزانێت، هەموو درۆ و نەعلەتییەکان، هەموو ناپاکییە نەعلەتییەکان... هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ دەبێتپیایاندا بڕوات، بەرلەوەی گەورە بێت. هەروەک ئەوەی ئەو هەموو ئەو شتانە بزانێت کە روودەدەن... هەروەک ئەوەی هەموو ئەو شتانە بزانێت کە چاوەڕوانی دەکەن... هەروەک ئەوەی من بناسێت، هەروەک ئەوەی کە ئێمە هەمیشە یەکترمان ناسیبێت، بەڵام تا ئێستا یەکترمان نەدیبێت... هەروەک ئەوەی ئەو بڵێ، ئەها ئەوە تۆیت.

ئەوی مێ

لەبەرئەوە بوو کە قیژاندی؟

ئەوی نێر

بۆچی وا دەڵێیت؟

ئەوی مێ

گاڵتە دەکەم. منیش بۆم نییە گاڵتە بکەم؟ تووڕە بوویت؟

ئەوی نێر

ئەوە لە گاڵتە نەدەچوو.

ئەوی مێ

چی بکەم بێ قەزابیت.

پیاوەکە

ئەوە؟

کارمەند

ئا، ئەوەی کە ئەم بەرەبەیانە هێنایان، بەر لە کاتژمێری شەش. ئەتانەوێت تۆزێک مۆسیقای بخەمە سەر؟

پیاوەکە

چ جۆرە مۆسیقایەک؟

کارمەند

ئا، باخ یان بێتهۆڤن، لەوانەیە شتێک لەوانەی کە لەکۆتاییدا نووسیویانە.

پیاوەکە

نەخێر، هیچ جۆرە مۆسیقایەک.

کارمەند

هەر بە تەنیا ئەو لێرەیە... تەنیایە.

ئەوی نێر

کوڕەکەم وا سەیری منی دەکرد، هەروەک ئەوەی کە هەر لە ئێستاوە بزانێت چی ڕوودەدات... هەموو ئەو شتانەی کە چاوەڕوانین... دەستەکانی بەم شێوەیە بە رووی خۆیەوە گرت... چەماندەوە. هەروەک ئەوەی کە ژیانی منی لە چنگەکانیدا هەڵگرتبێت.

پیاوەکە

هیچی پێوە نییە... پێڵاوی لەپێدا نییە؟

ژنەکە

جلەکانی لەبەردا نییە؟

کارمەند

نەخێر، ئێستانا. کە دۆزیویانەتەوە هیچی لەبەردا نەبووە.

(بێدەنگی)

کارمەند

ئا... من، یان ئێوە دەتانەوێت...

پیاوەکە

نەخێر... نا

ئەوی مێ

من هەر زۆر ماندووم.

کارمەندەکە

(سەرچەفەکە لادەبات)

ژنەکە

نا.

پیاوەکە

(چاوی دەنوقێنێت)

ژنەکە

نا.

پیاوەکە

ئەوە ئەو نییە؟

ژنەکە

نەخێر.

پیاوەکە

ئەمە کێیە؟

(هەنگاوێک دەچێتە پێشەوە)

نەخێر.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

ئەلیاسی بێچارە... ئەلیاسی بچکۆلە. ئەلیاسە بچوکەکەی من.

ئەوی نێر

تۆ.

(بێدەنگی)

کارمەند

ئا.

پیاوەکە

ئەلیاسی بچکۆلە. چیت کردووە؟

(بێدەنگی)

کارمەند

ئەوە ئەلیاس خۆیەتی؟

پیاوەکە

ئا... خۆیەتی.

(بێدەنگی)

کارمەند

کەواتە ئەو کەسەیە، خۆیەتی؟

پیاوەکە

ئا.

کارمەند

ئێوە تەواو دڵنییان؟

پیاوەکە

دڵنیایین؟

کارمەند

ئا.

پیاوەکە

بێگومان دڵنیایین. مەبەستان چییە؟

(بێدەنگی)

پیاوەکە

بەڵام لێدان، ئێوە چی دەڵێن؟

کارمەند

ئا، ئەوان تەنها...

(بێدەنگی)

پیاوەکە

ببوورە.

(وچانێکی کورت)

ببوورە.

ئەوی نێر

بچم بیهێنم؟

ئەوی مێ

نەخێر... وازی لێبهێنە با بنوێت.

کارمەند

ئەمە بۆ دڵنیایی باشە، با هیچ بەدحاڵی بوونێک روونەدات. هەندێک جار کەسوکار ئەوە نابینێت کە دیارە.

(وچانێکی کورت)

ئەوە شتێکی...

پیاوەکە

ئا، ببوورە.

کارمەندەکە

(سەرچەفەکە لەسەر دەموچاوی لاشەکە لادەبات)

پیاوەکە

(سەرچەفەکە دادەداتەوە)

نەخێر.

(بێدەنگی)

کارمەند

ئا، ئێوە لەوانەیە بتانەوێت بۆ تاوێک بە تەنیابن.

پیاوەکە

ئا... سوپاس.

کارمەند

من دەڕۆم و... دەچمە ئۆفیسەکەم.

پیاوەکە

( سەر دەلەقێنێت)

کارمەند

ئەوە تەنها هەر بیرێک بوو...

ئەوی نێر

خۆشەویستم.

پیاوەکە

ئا، بەڵێ.

(بێدەنگی)

کارمەند

ئەوە تەنها خایلەیەکە بەخەیاڵمدا دێت کاتێک سەرپەرشتی مردووەکان دەکەم... نازانم ئەگەر بۆ ئەم مردووەش وابێت، بەڵام زۆربەیان بەکارەساتی زۆر دڵتەزێن تیاچوون. هەڵبەت بۆ ئەو کەسانەی کە مردوون ئیتر هەموو شتێک کۆتایی هاتووە. چیدی پێویست ناکات بزانن چۆن مردوون و لەوەش بوونەتەوە بیریان بکەوێتەوە چییان لێ بەسەر هاتووەو بە چیی مردوون. ئەوە ئێمەین کە زیندووین و ئەژین و دەبێت شتمان بیر بکەوێتەوە و عەزاب بچێژین. بەڵام ئەوان لە هەموو شتێک بوونەتەوە. ئێستا ئەوان ئازادن.

پیاوەکە

ئا.

کارمەند

ئا، بۆ ئەوان هەموو شتەکان تەواو بووە... ئەوان دەتوانن پشوو بدەن. لەوانەیە ئەمە

دڵنەواییەک بێت.

ژنەکە

ئەو لێرە هەر بەتەنیا دەمێنێتەوە؟

ئەوی نێر

ئەی خوای گەورە. ئێمە ئێستا سێ کەسین.

ئەوی مێ

ئا.

ئەوی نێر

تۆ بەمە دڵخۆشیت؟

ئەوی مێ

ئا... بەڵام من توانای ئەوەم نییە ئێستا ئەئاوا دڵخۆشبم. ئالەم کاتەدا.

ئەوی نێر

نەخێر.

ئەوی مێ

تۆ لەبری منیش دڵخۆش بە.

ئەوی نێر

ئا، هەوڵ دەدەم.

(بێدەنگی)

ژنەکە

(دەستی پیاوەکە دەگرێت، دەیخاتە دەستییەوە)

(بێدەنگی)

ئەوی نێر

ئا.

(وچان)

بیرم لەوە کردەوە کە ئەمڕۆ تەلەفۆن بۆ چەند کۆمپانییایەکی گواستنەوە بکەم و بزانم چەندیشی تێدەچێت.

ئەوی مێ

ئەمڕۆ شەممەیە.

ئەوی نێر

ئا، وایە، نەفرەت ئەمڕۆ شەممەیە. باشتر وایە ئەگەر ئێمە خۆمان بمانتوانیایە هەوڵمانبدایە بمانگوێزایەتەوە خوارەوە... وا زۆر هەرزانتر دەکەوێت.

ئەوی مێ

ئێمە شتومەکمان هەر زۆر کەمە، بۆیە...

ئەوی نێر

ئا... ئەمە چەند مانگێک دەخایەنێت. سێ مانگ.

ژنەکە

(دەستەکانی درێژ دەکات، دەیهێنێت بە دەموچاوی مردووەکەدا)

پیاوەکە

(شتێک دەڵێت کە کەس لێی تێناگات)

ئەوی مێ

ئێرە هەر زۆر خۆشە. من دەمەوێت لێرە بمێنمەوە.

ئەوی نێر

ئێرە زۆر خۆشە؟

ئەوی مێ

ئا.

(بێدەنگی)

ئەوی مێ

دەمەوێت بنووم... بەڵام ئازارم زۆر دەدات.

ئەوی نێر

خۆشەویستم ماندوویت؟

ئەوی مێ

ئا... من هەرگیز ئەئاوا ماندوو نەبووم. من لەو بڕوایەدا نەبووم کە ئەئاوا ماندوو دەبم.

ئەوی نێر

هیچ شتێکت ناوێت؟

ئەوی مێ

(سەری رادەوەشێنێت)

ئەوی نێر

هەر زۆر خۆشدەبێت کە دەگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە.

ئەوی مێ

دوایی پێویستە دەست بکەمەوە بە کار.

ئەوی نێر

پێویست ناکات ئێستا باسی ئەوە بکەین.

ئەوی مێ

من دەمەوێت بچمەوە سەر کار. ئەمە بۆمن هەر زۆر گرینگە.

ئەوی نێر

دەزانم. دەزانم کە ئەمە وایە. ئەمە چەندە گرینگە بۆ تۆ، هێندەش بۆ من گرینگە.

ئەوی مێ

سەرلەنوێ لەوانەیە من ببمەوە بە خودی خۆم.

ئەوی نێر

هیوادارم.

(بێدەنگی)

ئەوی مێ

من ناتوانم تەنها لە شوێنێک لە دەرەوە، لە گوند دانیشم بەبێ ئەوەی هیچ بکەم.

ئەوی نێر

کێ دەڵێت تۆ دەبێت هەروا دانیشیت و هیچ نەکەیت؟

ئەوی مێ

بەوشێوەیە بەناخی ئەرزدا دەچمە خوارەوە.

ئەوی نێر

تۆ خۆت چیت دەوێت ئەوە بکە.

ئەوی مێ

من بەرگەی ئەمە ناگرم.

ئەوی نێر

جا خۆ منیش.

(بێدەنگی)

ژنەکە

ئا، بەڵام ئەو بەتەنیا لەوێدا بکەوێت؟

پیاوەکە

ئێما. بڕۆین؟

(بێدەنگی)

پیاوەکە

بڕۆین؟

ژنەکە

بۆ کوێ؟

پیاوەکە

نەء... ئێما وەرە.

ژنەکە

کەی کاتی هات دەڕۆم. کەی کاتی هات ئەوسا دەڕۆم. ئەوسا دەڕۆم.

پیاوەکە

ئا.

ئەوی نێر

سڵاو.

کچەکە

سڵاو، سڵاو.

ئەوی نێر

ئەرێ ئەوە چییەتی؟

(بێدەنگی)

ئەوی مێ

زۆر بە خێرایی تێدەپەڕێت.

ئەوی نێر

چ شتێک؟

ئەوی مێ

هەموو شتێک. زۆر بەخێرایی تێپەڕیوە. من فریا ناکەوم.

ئەوی نێر

ئەی بێقەزابیت، تۆ سەرلەنوێ مەبەستت خانووەکەیە؟

ئەوی مێ

هەموو شتێک. من فریای خۆم ناکەوم.

ئەوی نێر

ئێمە خۆمان ئەوەمان ویست. خۆمان گەڕاین و سەیری یەک دنیا خانوومان کرد.

ئەوی مێ

لەبەرئەوەی تۆ ئەوەت دەوێت. لەبەرئەوەی ئەمە زۆر گرینگە بۆ تۆ.

ئەوی نێر

تەنها بۆ من؟ ئەوە تەنها بۆ من؟

ئەوی مێ

خانوویەکت هەبێت... و منداڵێک و خێزانێک، لەبەرئەوەی تۆ خۆت هەرگیز هیچت نەبووە.

ئەوی نێر

ئەها.

(وچانێکی کورت)

من لەوباوەڕەدا بووم کە تۆش دەتەوێت. وەکو من.

ئەوی مێ

من نازانم چیم دەوێت. هیچ نازانم. چیتر نازانم من کێم. لەو بڕوایەدا بووم کە دواتر باشتر دەبێت، کە هەموو شتێک کۆتایی پێهات، بەڵام وا هەست دەکەم تەنها خەونە.

ئەوی نێر

چ شتێک؟

ئەوی مێ

تۆ، من، هەموو شتێک... من نازانم... هەروەکو ئەوەی کە من هەموو شتێکم لەدەست دابێت. وەکو ئەوەی جێ پێی خۆمم بزر کردبێت. من یادی ئەوە دەکەمەوە بگەڕێمەوە بۆ شووقە بچووکەکەی خۆم و بانێژەکەی و درەختەکانی بەردەرگاکە. ئەوە یەکەم شووقەی من بوو. من یادی دایە گەورەو بابە گەورە دەکەم. یادی ئەوە دەکەم کە لە ئامێزی نەنکمدا دانیشم. کە نەنکم هەڵمبگرێت و بمخاتەوە سەر پێخەفەکەی خۆم و لێفەکەم تێوە بئاڵێنێت و کوپێک شوکلاتەی گەرم و بابۆڵەیەکم بۆ بکات.

ئەوی نێر

ئا.

ژنەکە

چی بکەین؟

پیاوەکە

نازانم.

ژنەکە

نەخێر...

ئەوی نێر

ئا، من لە شار بێزار بووم. پێویستە... ناتوانم چیتر لێرە بژیم. من ژیانێکی ترم دەوێت.

پیاوەکە

وەکو ئەوە وایە کە من گوێم...

ژنەکە

نازانم چۆن بتوانم لێرە بڕۆم و ئەو لێرە لەناو ئەو هەموو خەڵکە نەناسراوو نامۆیەدا بەجێبهێڵم.

پیاوەکە

نەخێر.

ژنەکە

بەڵام ئەو هەمیشە تەنیایە.
(بێدەنگی)

پیاوەکە

من لێرە دەمێنمەوە. ناڕۆم. لێرە دەمێنمەوە.

ئەوی مێ

کە من سکم پڕبوو ئێمە تەنها چەند مانگێک بوو یەکترمان ناسی بوو، ئێستاش دەگوێزینەوە بۆ دەرەوەی شار، بۆ گوندێک. من نازانم... وا هەست دەکەم وەک ئەوەی هەموو ئەو شتانەی من حەزم لێیانە بە تەواوەتی بزربووبن. تەنها شتێک کە بۆم ماوتەوە، کارەکەمە، کە بۆمهەبێت کاربکەم. من نازانم گوزەران لەو خوارەوەو بە منداڵێکی شیرەخۆرەوە چۆن دەبێت... من لەوێ تەنها یەک کەسیش چییە ناناسم.

ئەوی نێر

تۆ من دەناسیت.

ئەوی مێ

ئا... وایە؟

ئەوی نێر

ئا، هیوادارم وابێت.

ئەوی مێ

من تۆ دەناسم؟

ئەوی نێر

هیوادارم.

ئەوی مێ

من نازانم کە تۆ دەناسم. هەندێک لایەنت دەناسم. بەڵام من نازانم کە تۆ دەناسم.

ئەوی نێر

نا، نا.

(وچانێکی کورت)

بەڵام... ئەوە دەکەوێتەوە سەرخۆت.

ئەوی مێ

تۆ چەندین ژووری تاریکت هەن، کە من نیمە... من نازانم تۆ لەوێدا چیت هەن.

ئەوی نێر

ژووری تاریک؟

ئەوی مێ

ئا.

ئەوی نێر

من؟

پیاوەکە

من زۆر باش ئەوم نەدەناسی.

(بێدەنگی)

ئەوی نێر

من ژووری تاریکم هەیە؟

ئەوی مێ

ئا.

ئەوی نێر

ئەوانە چ ژوورێکی نەفرەتین؟

ئەوی مێ

(بێدەنگ)

من نازانم.

ئەوی نێر

ئەی ئەوانەی تۆ رووناکن؟

ئەوی مێ

رووناک بوون.

ژنەکە

چی بکەین؟

پیاوەکە

(سەر دەلەقێنێت)

ژنەکە

نەخێر...

پیاوەکە

من حەزمدەکرد ئەوم باشتر بناسییایە.

ژنەکە

نازانم چی بکەم. مرۆڤ چی دەکات؟ من هەرگیز لەوەوبەر شتی وام بەسەر نەهاتووە.

(بێدەنگی)

ژنەکە

ئێمە پێویستە کە...

(تەماشای یەکتری دەکەن)

پیاوەکە

ئێمە چەندین ساڵە یەکتریمان نەدیوە.

ژنەکە

نەخێر.

پیاوەکە

تۆو من. من نازانم چەند دەبێت یەکترمان نەدیوە.

ژنەکە

(بێدەنگ)

هەر زۆر لە مێژە.

پیاوەکە

ئێستاش لێرە یەکتر دەبینین... لێرە.

ئەوی نێر

ئا، ئەوە منم.

ژنەکە

ئا، دەزانم.

پیاوەکە

ئێمە ئێستا چی بڵێین؟

ژنەکە

نازانم.

ئەوی نێر

وا باشە من بڕۆم.

ئەوی مێ

ئا، من هەستی پێدەکەم.

ئەوی نێر

بەم زوانە کاتی سەردان تەواو دەبێت.

(بێدەنگی)

ئەوی نێر

تۆزێکی تریش دەتوانم بمێنمەوە.

پیاوەکە

ئا، وا دەکەین...

ژنەکە

دوایی باسی ئەوە دەکەین... ئەوەی کە پێویستە باسی بکەین.

پیاوەکە

تەواو وایە. ئا.

ژنەکە

من ئێستا ناتوانم.

پیاوەکە

هەروەها منیش.

ئەوی نێر

ئەگەر دەتەوێت دەتوانم تۆزێکی تریش بمێنمەوە.

ئەوی مێ

نەخێر... ئێمە هیچ ناڵێین. گرنگ بێت.

پیاوەکە

ئێمە پێویستە دوایی شتەکانی کۆبکەینەوە.

ژنەکە

شتەکانی ئەو.

پیاوەکە

ئا، کەلوپەلەکانی... ئەو شتانەی کە هەیبوون.

ژنەکە

ئەو شتی زۆر نەبوو.

ئەوی نێر

بەجەهەنم، هەموو کەسێک ژووری تاریکی هەیە. ژوورێکی بچوکی تاریک.

(بێدەنگی)

ئەوی نێر

تەنانەت تۆش.

پیاوەکە

گووتت چی؟

ژنەکە

من دەتوانم کۆیان بکەمەوە... من کۆیان دەکەمەوە... هێندە زۆر نین کە کۆنەکرێنەوە.

پیاوەکە

نەخێر...

ئەوی نێر

تۆ...

پیاوەکە

بەڵام وا باشترە یارمەتی یەکتر بدەین.

ژنەکە

من ناتوانم ئێستا بیر لەوە بکەمەوە.

پیاوەکە

نەخێر...

ئەوی نێر

تۆ...

پیاوەکە

بەڵام ئەگەر ئێمە شتێک پێکەوە بکەین.

ئەوی نێر

تۆ...

ژنەکە

بەڵام تۆ بە دەگمەن لەوێ بوویت.

ئەوی مێ

ئا، ئەوە چییە؟

پیاوەکە

نەخێر.

ئەوی نێر

هیچ.

ژنەکە

من دەتوانم کۆیان بکەمەوە.

پیاوەکە

ئا، بەڵام من دەمەوێت... لەمانگی یەکدا یەخچاڵێکی تازەم بۆ کڕی بوو.

(بێدەنگی)

ئەوی نێر

هیچ وەڵامێکم دەستگیر نابێت.

(بێدەنگی)

ئەوی نێر

هیچ وەڵامێکم لە تۆوە وەرنەگرت. تۆ وەڵام نادەیتەوە.

ئەوی مێ

چ وەڵامێک بدەمەوە؟

ئەوی نێر

کە من شتێک دەڵێم. هەست ناکەم کە تۆ وەڵامم دەدەیتەوە. ناچێتە ژوورەوە. وشەکان ناچنە ژوورەوە. وشەکان ناگەن بە تۆ... بە تۆ.

ئەوی مێ

تۆ دەتەوێت من بڵێم چی؟

ئەوی نێر

کە من سەیرت دەکەم، هەستدەکەم تۆ من نابینیت. کە من سەیری تۆ دەکەم، تۆ من نابینیت.

ئەوی مێ

راوەستە.

ئەوی نێر

ئا، چی؟

ژنەکە

(ئاوڕ دەداتەوە، هەروەک ئەوەی لە ژوورەکە بچێتە دەرەوە)

پیاوەکە

(چاوەڕێ دەکات)

(بێدەنگی)

پیاوەکە

لەوێ

(دەست دەخاتە سەر شانی ژنەکە، ئاماژەی پەنجەرە داگیرساوەکەی ناو دەرگاکە دەکات)

دەرگاکە لەوێوەیە. ئێمە لەوێوە هاتین.

ژنەکە

ئا.

پیاوەکە

تۆ.

ژنەکە

(دەچێتە دەرەوە)

(بێدەنگی)

ژنەکە

بۆ کوێ بچین؟

(بێدەنگی)

ژنەکە

تۆ پێویستت بە سەگێکە.

پیاوەکە

سەگێک؟

ژنەکە

دەبوایە تۆ سەگێکت بکڕیایە...

پیاوەکە

بۆچی؟

ژنەکە

بۆئەوەی ئاگاداریی بکەیت.

پیاوەکە

نەخێر، پێویستم بە سەگ نییە.

ژنەکە

جۆرێکی بچکۆلە، (جاک رۆسل) جۆرێکی باشە.

پیاوەکە

نەخێر، من پێویستم بە هیچ جۆرە سەگێک نییە.

ئەوی نێر

نازانم چی بڵێم.

ئەوی مێ

نەخێر... هەروەها منیش.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

(دادەنیشێت)

(بێدەنگی)

پیاوەکە

لەدەرەوە یەکترمان بینی، چەند جارێک. نایەتەوە یادم کەی بوو، بەڵام ئەو کاتە ئەو گوتی دەیەوێت ببێت بە مامۆستا. گوتی نیازی وایە بۆ بەهار لە پەیمانگای مامۆستایان خۆی ناونووس بکات. من هەستم بە هیچ شتێک نەکرد. وام دەزانی هەموو شتێک باشە.

ژنەکە

ئا، بێگومان ئەوکاتە وا بووە.

پیاوەکە

چی؟

ژنەکە

بێگومان ئەوەی کە ئەو لە توانایدا بووە کردوویەتی.

پیاوەکە

من تێناگەم بۆچی کە ئێمە یەکتریمان بینی هیچی نەگوت؟

ژنەکە

نازانم.

ئەوی نێر

(هەڵدەستێتە سەر پێ)

من دەڕۆم.

ئەوی مێ

ئا، دەبینم.

ئەوی نێر

دەڕۆمەوە بۆماڵەوە.

ئەوی مێ

بەڵێ، وایە.

ئەوی نێر

شەوێ دێم.

(بێدەنگی)

ئەوی نێر

ناتەوێت من بێم؟

ئەوی مێ

با، بەلام ئەوەیە کە زۆر ماندووم.

ئەوی نێر

ئا، دوایی قسە دەکەین.

ئەوی مێ

ئەرێ، پێویستە قسە بکەین.

ئەوی نێر

باشە ... من شەوێ دێم. شەوێ یەکتر دەبینین.

ئەوی مێ

ئێمە دەبێت قسەبکەین. پێویستە قسەبکەین.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

دەڕۆیتەوە بۆماڵەوە؟

ژنەکە

نازانم.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

ئێستا تۆ چی دەکەیت؟

ژنەکە

نازانم.

(وچان)

چی بکەم؟

پیاوەکە

نەخێر...

ژنەکە

تۆزێکی تر لێرە دادەنیشم. تۆزێک لێرە دادەنیشم.

پیاوەکە

ئا.

(وچان)

هیچ کەسێک شک دەبەیت قسەی لەگەڵ بکەیت؟

ژنەکە

نەخێر، چیتر نا... تۆ هەتە؟

پیاوەکە

نەخێر. کەسێکی وا نا کە بتوانم قسەی لەگەڵ بکەم.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

دەتەوێت من بمێنمەوە...

ژنەکە

پێویست ناکات.

پیاوەکە

دەتوانم تۆزێک چاوەڕێ بکەم...

ژنەکە

بڕۆ.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

من دەمێنمەوە. دەمێنمەوە.

(بێدەنگی)

تـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــاریکی

# ژوورێکی بۆر

# تەرمینالی ژمارە . . . *

## Ett grått rum

* تا ئامادەکردنی ئەم کتێبە، لاش نۆرین، وەک لە نامەیەکی ئەلکترۆنییەوە پێی راگەیاندووم، نەیتوانیووە ژمارەی تەرمینالی "ژوورێکی بۆر" دیاریی بکات.

## کەسایەتییەکان

A
B

ژوورێکی بۆر

B

ئەوە تۆیت؟

A

ئا.

B

سڵاو.

A

نووستوویت؟

B

نەخێر...

(بێدەنگی)

A

چۆنیت؟

(وچانێکی کورت)

تەندرووستیت چۆنە؟

B

بۆچی بە چپە قسە دەکەیت؟

A

نازانم.

(بێدەنگی)

B

کچەکە لە کوێیە؟

A

لەوێیە. نووستووە.

B

هەردەنووێت.

A

بۆخۆی لەسەر پشت پاڵکەوتووەو نووستووە.

B

ئا، خەومان لێکەوت.

A

نووستووە...

(بێدەنگی)

B

سەعات چەندە؟

A

حەوتە. نزیکەی حەوتە.

B

حەوتی ئێوارە؟

A

بەڵێ.

(بێدەنگی)

A

چەندە بچکۆلەیە... دەڵێی هەر نییە.

B

من دەزانم کە ئەو هەیە.

A

بێگومان.

B

نامەوێت بگەڕێمەوە بۆماڵەوە.

A

ناتەوێت؟

B

ئێرە هەر زۆر خۆشە.

A

بابزانین ئەوان دەڵێن چی.

B

ئەگەر شتێک رووبدات.

A

ئا.

(بێدەنگی)

A

من ناتوانم لەوە بگەم.

B

هەروەها منیش.

A

دەتوانیت؟

B

نەخێر.

A

بە ڕاستی؟

B

(هەڵدەستێتە سەر پێ)

A

تەندروستیت چۆنە؟

B

ئا...

(بێدەنگی)

A

ئەوە هی ئێمەیە.

B
ئا.

A
چەندە جوانە.

B
هەرچەندە زۆریش بچکۆلەیە.

A
وەکو تۆ.

B
وەکو تۆ.

A
دەیبینیت؟

A
ئا.

B
دەبێت هێندە بێجووڵە بێت؟

A
ئا، ئەوانە وا دەبن.
(بێدەنگی)

B
هەموو کەسێک هەروا دەڵێت.

A
چی؟ هەموو کەسێک چی دەڵێن؟

B
کە زۆر جوانە.

A

کێ وا دەڵێت؟

B
ئەوانەی دیویانە... دەڵێن زۆر جوانە.

A
هیچ کەسێک سەردانی کردوویت؟

B
(هەڵدەستێتە سەر پێ)

A
سەعات شەش و سی و حەوت دەقیقە.
(وچانێکی کورت)
شەش و سی و حەوت دەقیقە. موجیزەیەک روویدا. موجیزەیەک لە ژیانی مندا.

B
ئا.

A
موجیزەیەکی بچکۆلە. موجیزەیەکی گەورە.

B
ئا.
(بێدەنگی)

A
تەندرووستیت چۆنە؟

B
ئا... ئا.
(بێدەنگی)

A
ئەوە هی ئێمەیە.

B
هەموو هەروا دەڵێن.

A

چی؟ ئەوان دەڵێن چی؟

B

کە ئەو هەر زۆر جوانە.

A

ئەوان وا دەڵێن؟

B

ئا.

A

کێ وا دەڵێت؟

B

ئەوانەی کە ئەویان دیوە... دەڵێن هەر زۆر جوانە.

A

هیچ کەسێک سەردانی کردوویت؟

B

نەخێر.

A

کەس هاتووە بۆ لات؟

B

نەخێر، کێ بێت؟

A

هیچ کەسێک بۆ ئێرە هاتووە؟

B

نەخێر، هیچ کەس. تەنها تۆ. کەسی تر نا.

A

من بیر لە مەترسییەکان دەکەمەوە.

B

کێ هاتبێت؟

A

بیر لە مەترسییەکان دەکەمەوە... کەسێک بێتە ژوورەوەو...

B

نەخێر، تەنها تۆو کارمەندەکان.

A

ئێمە پێویستە بیر لە مەترسییەکان بکەینەوە، تا هیچ شتێک روونەدات.

B

نەخێر، دەزانم.

A

ئەوانیش بیر لەوە دەکەنەوە؟

B

تەنها تۆو ئەوانەی لێرە کاردەکەن بۆیان هەیە بێنە ژوورەوە.

A

ئەوان چی دەڵێن.

B

هەموو نیو کاتژمێر جارێک دێن.

A

چی دەڵێن؟ لەو بڕوایەدان کە باشە؟

B

ئا.

A

ئا، باشە.

B

دەڵێن بەو شێوەییە کە دەبێت وا بێت.

A

ئەها.

B

تەنها چاوەڕێ بکەین.

(بێدەنگی)

A

لەوە دەچوو خەون ببینێت.

(وچانێکی کورت)

تۆ لەو بڕوایەدایت کە خەون ببینێت.

B

خەون بە چییەوە ببینێت؟

A

لەوە دەچوو.

B

خەون بەچییەوە ببینێت؟

A

نازانم.

B

ئەو هیچ شتێکی نییە تا خەونی پێوە ببینێت.

A

هەموو کەسێک خەون دەبینێت.

B

ئا، وا دەڵێن.

A

هەموو گیانلەبەرێک... خەون دەبینێت.

B

نازانم.

A
بەشتێکەوە.

B
دەبێت بونیام خەون ببینێت.

A
سەگیش خەون دەبینێت.
(بێدەنگی)

A
تۆ چی دەکەیت؟

B
تەنها رادەکشێم.
(پاڵدەکەوێت)
وەرە.

A
ئا.

B
دەتوانیت بێیتە ئێرە؟

A
ئا.
(دەچێت بۆ لای ژنەکەو ژنەکەش دەستی پیاوەکە دەگرێت)
ئەوەتام.

B
لێرە دانیشە... لەلای منەوە دانیشە.

A
(دادەنیشێت)

B

سوپاس.
(بێدەنگی)

A
بۆچی گووتت سوپاس؟

B
نازانم. هەر لە خۆمەوە گوتم.

A
چۆن چۆنی؟

B
بۆ هەموو شتێک.

A
من دەبێت سوپاسی تۆ بکەم.
(بێدەنگی)

B
ئەوە چییە؟

A
نەخێر...

B
دەگریت؟

A
نەخێر...

B
خۆشەویستەکەم. دەگریت؟

A
ئا. لەو بڕوایەدام.

B
دەگریت. تۆ دەگریت.

A

ئا... بۆم نییە بگریم؟

B

با، بێگومان بۆت هەیە.

A

هەرگیز ڕانەهاتووم بگریم.

B

بێگومان بۆت هەیە بگریت.

A

لەو بڕوایەدا نیم هەرگیز گریابم.

B

تۆ...

A

ناتوانم ئەوەم بێتەوە یاد، بەهەرحاڵ.

B

بەڵام خۆ تۆ دڵتەنگ نیت؟

A

نەخێر، بە هیچ شێوەیەک.

B

دڵت تەنگ نییە؟

A

نەخێر.

B

لەبەر دڵتەنگی نییە کە تۆ دەگریت.

A

نەخێر. لەبەرئەوە نییە.

B

تۆ...

A

بێگومان تۆ لەوە حاڵی دەبیت؟

B

ئا.

A

لەبەرئەوەیە، کە... ناتوانم بیڵێم... ناتوانم...

(بێدەنگی)

B

تۆ.

A

بەڵێ.

B

ئەئاوا.

(وچانێکی کورت)

لێرەدا رابکشێ... ئالێرە لەلای منەوە رابکشێ...

A

ئا...

B

تا بتگرمە ئامێز.

(بێدەنگی)

A

ئێستا ئاوا باشە. باشە.

(وچانێکی کورت)

دڵنیایت. زۆر باشە.

(وچانێکی کورت)

من نامەوێت هیچ شتێک رووبدات...

B

وەکو چی؟

A

وەکو جارانی لێبێت.

B

وەکو جاران؟ چۆن چۆنی؟

A

من زۆر دەترسم شتێک رووبدات.

B

چۆن چۆنی؟
(وچانێکی کورت)
بەسەر ئێمە؟

A

کە کچەکە نەژی... کە ئەو ئێستا لەدایک بووە.

B

ئا، دەزانم.

A

کە ئێستا ئەو ئیتر هاتووە...

B

ئا.

A

ئێمە چەندە چاوەڕوان بووین... چەندە تامەزرۆ بووین...

B

ئا.
(بێدەنگی)

A

بێگومان هیچ شتێک روونادات، چی؟

B

نەخێر.

A

هەموو شتێک باش دەبێت.

B

دەنا من دەمرم.

A

بێگومان هەموو شتێک بەدڵی خۆمان دەبێت.

B

ئەگینا دەمرم.

A

دەبێت باش بێت.

B

من بەرگەی ئەوە ناگرم.

A

نەخێر... ئەوان دەڵێن هەموو شتێک بەرەو باشی دەڕوات.

B

ئا، وا دەڵێن.

A

ئەوان ئەم شەو وایان گووت.

B

ئا.

A

ئەوان دەزانن.

B

وایە.

A

هەموو شتێک بەرەو باشی دەڕوات.

B

ئا، پێویستە وا بێت.

A

ئەگەر وانەبێت ئەوان پێمان دەڵێن؟

B

لەوبڕوایەدام.

A

پێمان دەڵێن... ئەگەر نا ڕێگای ئەوەمان پێنادەن بەهیوابین...

B

نەخێر.

A

نەخێر... من ئەوەم لەواندا بینی کە مەبەستیان بوو... بەڕاستیان بوو.
(بێدەنگی)

A

دەزانی من ئەم شەو هەستم بەچی کرد؟

B

ئەم شەو؟

A

ئەم شەو.

B

فریای ئەوە نەکەوتم هەست بە هیچ شتێک بکەم... جگە لەوەی کە روویدا.

A

کە هەموو شتێک تەواو بوو. دوایی. ساتێک دوای ئەوە، کە من بە تەنیا بووم. لە ڕاڕەوەکەدا دانیشتم... کەسی لێنەبوو. دەزانی هەستم بەچی کرد؟

B

نەخێر.

A

هەستم بەوە کرد کە من چیتر لە مردن ناترسم. چیتر ناترسم. زۆر هێمن بووم. هەستم بە هێمنییەکی بێ پایان دەکرد. هەرگیز من هەستم بەو هێمنییە نەکردووە. من هەرگیز هێمن نەبووم، لە بنەڕەتەوە. بەم شێوەیە نا. بیرم لەوە دەکردەوە کە ئێستا هیچ کێشەیەک نییە بمرم... کە هەر ئێستا بمرم و لە ژیانیشدا نەبووم بە هیچ شتێک.

B

تۆ نامریت.

A

هیچ بەلامەوە گرینگ نییە چی ڕوودەدات... من چیتر هەست بە هیچ مەترسییەک ناکەم. بەتەواوەتی بەریدام... هەر کە چاوم بە کچەکەم کەوت، بە تەواوەتی بزر بوو... کە من تێگەیشتم.

B

تۆ نابێت باسی ئەوە بکەیت کە دەمریت.

A

کە ئەوم بینی.

B

تۆ نابێت بمریت.

A

گەورەترین ئەو شتەی کە مرۆڤ دەکرێت دەستی بکەوێت، من وەرم گرت.

B

تۆ ئێستا منداڵێکی بچووکت هەیە. ئێستا تۆ دەبێت بژیت.

A

بەڵێ، دەزانم. ئیتر دەبێت بژیم.

B

بەڵێنی ئەوەم دەدەیتێ.

A

ئێستا دەژیم. چیتر من ناترسم.

B

تۆ ئێستا دەبێت بژیت و بەختەوەریش بیت.

A

من ئێستا ئێوەم هەن. چیتر لە هیچ شتێک سڵ ناکەمەوە.

B

نەخێر، تۆ دەبێت بژیت و بڕۆیت بۆ باخچەکە.

A

باخچەکە؟ چ باخچەیەک؟

B

بەڵێ، لەگەڵ منداڵەکەت.

A

ئا... من لە هەموو ژیانمدا، هەمیشە هەستم کردووە کەسێکی ترسنۆک و سەرنەکەوتووم، بەڵام ئێستا کۆتایی بەوە هات.

B

تۆ کەسێکی فاشیل نیت.

A

نەخێر، بەڵام...

B

تۆ کەسێکی ترسنۆک نیت.

A

نەخێر، بەڵام هەڵە... بەشێوەیەک لە شێوەکان هەڵە. من هەستم دەکرد کەسێکی هەڵەم.

B

منیش وام هەست کردووە. زۆر کەس وا هەست دەکەن. زۆربەی کەس.

A

ئەوەی کە زۆر خۆشە. من چیتر کەسێکی هەڵە نیم.

B

نەخێر.

A
چیتر کەسێکی هەڵە نیم... چەند هەڵەش بم...

B
تۆ هەڵە نیت.

A
لەبەرئەوەی ئێستا تۆ هەیت و کچێکیشمان هەیە.

B
زۆربەی خەڵک وا هەست دەکەن.

A
تۆ لەو بڕوایەدایت؟

B
بەڵێ، من لەو بڕوایەدام.

A
من نازانم.

B
هەرچەندە مرۆڤ نازانێت هەڵەکە لە چیدایە.

A
نەخێر... من نەمدەزانی چییە.

B
هەروەها منیش.

A
بەڵام ئەوان دەریناخەن.
(بێدەنگی)

B
بۆچی هێندە زوو لەدایکبوو؟

A

شتی وا ڕوودەدات. شتێکی سەیرو نائاسایی نییە.

B

نەخێر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا...

A

ئەوان گوتیان.

B

ئا، تەنها دەرئەنجامەکەی باش بێت.

A

ئەوە شتێکی ئاساییە.
(بێدەنگی)

B

ئەوان هەر نیو کاتژمێر جارێک دێنە ژوورەوە.

A

هەر تەنها بەرگەی ئەم چەند ڕۆژە بگرێت، ئەو...

B

ئا، من لەخودا دەپاڕێمەوە.

A

لەخودا؟

B

ئا.

A

لەخودا دەپاڕێیتەوە؟

B

ئا، ئەی لە کێ بپاڕێمەوە؟

A

من نەمدەزانی کە بڕوات بە خودا هەیە.

B

نەتدەزانی؟

A

تۆ هەرگیز وات نەگووتووە.

B

بەڵام من بڕوام هەیە.

A

بڕوا بە خودا؟

B

بڕوام بەشتێک هەیە... بە کەسێک.

A

ئەها.

B

خاچێکیشم لێرە هەیە. نەتدیوە؟

A

با، بەڵام من لەو بڕوایەدا بووم کە تەنها... من بیرم لەوە نەکردۆتەوە.

B

من لەو بڕوایەدام.

A

بۆ من نا.

B

نەخێر، دەزانم.

A

بڕوا بە خودا.

B

من دەزانم کە تۆ بڕوات پێی نییە... بەڵام لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان باوەڕی پێ بهێنیت.

A

من ناتوانم بڵێم: بڕوام بە خودا نییە، لەبەرئەوەی ئەوان خودایەکیان هەیە... بەڵام ئەوەی من بڕوام پێیەتی. من بڕوام بەوە هەیە کە خودایەک هەیە.
(بێدەنگی)

A

بەڵام پێویستە ئێمە لە ژیاندا باوەڕمان بە خودایەک هەبێت.

B

چۆن چۆنی؟

A

ئەگەرچی خودایەک لەناوەوەی خۆماندا هەیە.

B

باشتر وایە بڕوامان بە خودایەکی راستەقینە هەبێت.

A

نازانم...

B

نەخێر، هەروەها منیش.

A

کامیان باشترە.
(بێدەنگی)

A

من لەو بڕوایەدا نیم کە خودا ئەو منداڵەی بە ئێمە بەخشیبێت.

B

بەڵام من بڕوا دەکەم.

A

ئا. وایە.
(بێدەنگی)

A

دەتوانی نان بخۆیت؟

B

ئا، نانم خواردووە.

(بێدەنگی)

A

ئەی هیچ ئازارت هەیە؟

B

ئا، بەڵام ئەو شوێنە نا کە من لەو بڕوایەدا بووم ئازارم دەبێت. ئازارم زیاتر لە پشتەوە هەیە.

A

لە پشتەوە؟

B

ئا، لە خوارەوە نا.

B

ناکرێت کەمێک بێدەنگ بین؟

A

بێدەنگ؟

B

ئا.

A

چۆن؟

B

هیچ قسە نەکەین... تەنها بەبێ دەنگی رابکشێین.

A

ئا... باشە.

B

تەنها بەبێ دەنگی پاڵ بکەوین، من و تۆ.

A

ئێ. باشە.

B
ئێمە زۆر قسە دەکەین.

A
بە راستتە؟

B
بە بەردەوامی.

A
قسە دەکەین؟

B
ئا، بەڕاستمە.

A
ئەوها.

B
زۆر خۆشە کە مرۆڤ هیچ نەڵێت.
(بەتەنیشت یەکترەوە پاڵ دەکەون)

B
تا تۆ دەڕۆیت.

A
من ناڕۆم.

B
ئا، بەڵام دوایی.

A
لەلای تۆ دەمێنمەوە.
(بێدەنگی)

(شەو و رۆژێک دواتر)
(B لەسەر جێگاکە دانیشتووەو منداڵە مردووەکەی لە ئامێزدایە، قسەی بۆ دەکات)

(دوای چەند شەوو رۆژێک)

A) منداڵەکەی لێدەستێنێت، دەچێتە دەرەوە)
(هەمان ژوور. پێش نیوەڕۆ)
(بێدەنگی)

B
(لەسەر جێگاکە دانیشتووە)

A
(لەبەردەمی دەرگا کراوەکەی کەوانتەرەکەدا وەستاوە)
هەموو شتەکانت کۆکردۆتەوە؟

B
ئا.

A
ئەوە هەموویەتی؟
(بێدەنگی)

B
من کەلوپەلم زۆر پێنەبوو.

A
نەخێر.
(وچانێکی کورت)
دەکەواتە.
(بێدەنگی)

A
(بەتەنیشت Bوە دادەنیشێت)
تۆ...
(بێدەنگی)

A
ئێما

B
ئا.
(بێدەنگی)

A

ئێمە پێویست ناکات یەکسەر بڕۆین.

B

نەخێر.
(بێدەنگی)

A

دەتوانین تۆزێکی تر بمێنینەوە.

B

نامەوێت کەس ببینم.

A

نەخێر... ماشێنەکەم لە خوارەوە راگرتووە. لە گەراجەکە.
(بێدەنگی)

B

ئەمە زۆر بە ئازارە.

A

ئا.
(بێدەنگی)

B

چی بکەین؟

A

دەڕۆینەوە بۆ ماڵەوە...
(بێدەنگی)

B

لەوانەیە کچەکەمیان بۆیە لێ وەرگرتبێتمەوە، چونکە زۆرم خۆشدەویست.

A

نەخێر.
(بێدەنگی)

A

تۆ...
(بێدەنگی)

A
بڕۆین.

B
نازانم.
(بێدەنگی)

A
دەتەوێت پاڵتۆکەت لەبەر بکەیت.

B
(سەری دەلەقێنێت)

A
دەتوانم بۆت هەڵبگرم.
(بێدەنگی)

A
(باوەشێکی دڵدانەوەی پیادا دەکات)
ئێما ...
(بێدەنگی)

B
چی بکەم؟

A
هیچ شتێکمان پێناکرێت.

B
نازانم چی بکەم.

A
نەخێر.
(بێدەنگی)

A

کەی بڕۆین...
(بێدەنگی)

A
دەتەوێت تەماشای بکەیتەوە؟

B
نەخێر.

A
کەی بڕۆین؟

B
نەخێر.

A
نەخێر.

B
نەخێر، من نامەوێت.
(بێدەنگی)

B
لەتوانامدا نییە.

A
نەخێر.
(بێدەنگی)

A
پێکەوە بڕۆین... بڕۆین.

B
نەخێر، نەخێر.

A
نەخێر، باشە!
(بێدەنگی)

B

من نازانم بۆ کوێ بڕۆم.

A

بۆماڵەوە.

B

ئا.

A

ئێمە دەڕۆینەوە بۆ ماڵەوە.

B

لە ماڵەوە چی بکەم؟

A

پێکەوە دەبین... یارمەتی یەکتری دەدەین.
(بێدەنگی)

B

هیچ یارمەتییەک نییە.

A

نەخێر، ئەوە...

B

من ناتوانم.

A

نەخێر.
(بێدەنگی)

A

پێویستە هەوڵ بدەین...

B

هەوڵ بدەین و هەوڵ بدەین...

A

یارمەتی یەکتری بدەین... هەوڵی یارمەتیدانی یەکتری بدەین.

B

ئێمە هەر هەوڵ دەدەین... ئەوە تەنها شتێکە کە ئێمە دەیکەین.

A

ئەی ئەگەر وا نەکەین چی بکەین؟
(بێدەنگی)

B

لەوانەیە من زۆر پێویستم بەو منداڵە هەبووبێت...

A

ئەرێ...

B

هەر زۆر...

A

ئەو پێش وەخت لەدایکبوو. هەر زۆر زوو هات. هیچ شتێک لە توانای ئێمەدا نەبوو. گوناهی ئێمە نییە. گوناهی هیچ کەسێک نییە. زوو لەدایک بوو. هەر دەبوایە ئێمە بەجێ بهێڵێت.

B

ئەوە تەنها شتێک بوو کە من دەمووویست...

A

ئا.

B

تەنها شتێک.

A

بەڵێ.
(بێدەنگی)

A

دوو منداڵی تریش ئاوا زوو لە دایکبووبوون... لەوێن.

B

ئەی بۆچی ئەوان نەمردن؟

A

نەخێر، بەڵام ئەوە...

B

بۆچی هیچ یەکێک لەوانە نەمردن؟

A

نازانم.

B

بۆچی دەبێت منداڵەکەی ئێمە بمرێت؟

A

تۆ بۆ خۆت گوێت لێ بوو پزیشکەکە گووتی چی.

B

من نازانم ئەوانە دەڵێن چی.

A

ئێمە هەمیشە بە دیارییەوە بووین.

B

هیچ گرینگ نییە ئەوان دەڵێن چی.

A

نەخێر.

B

ئەوان ناتوانن هیچ بڵێن.

(بێدەنگی)

B

(دانیشتووەو زۆر بە توندی سەرینەکەی گرتووەتە باوەش، هەروەکو ئەوەی منداڵێک بێت)

B

باشتر وابوو هەر لەدایک نەبووایە.

A

دەزانم.

B
باشتر وابوو.

A
ئا... ئێستا وا هەست دەکەیت.
(بێدەنگی)

A
تۆ.
(دەیەوێت سەرینەکەی لەباوەش دەربێنێت)

B
نەخێر.
(زۆر توندتر سەرینەکە دەگرێت)
(بێدەنگی)

A
ئێمە پێکەوە دەرەقەتی ئەمە دێین.

B
پێکەوە؟

A
تۆو من. ئێمە پێکەوە دەرەقەتی ئەمە دێین.

B
هیچ پێکەوە بوونێک نییە.

A
با...

B
من نازانم.

A
بە تەنگتەوە دێم.
(بێدەنگی)

B

من تێناگەم...

A

نەخێر...

B

کە چیتر ئەو بوونی نییە.

A

نەخێر، منیش تێناگەم.

(بێدەنگی)

A

نەخێر، ئەوە...

B

ئەوە مەبەست نەبوو...

A

چی؟ چی مەبەست نەبووە؟

B

کە ئێمە منداڵمان هەبێت.

(وچانێکی کورت)

کە ئێمە بەختەوەر بین.

A

(بێدەنگی)

وا مەڵێ.

B

ئەی چی بڵێم؟ چی بڵێم؟ بۆم هەیە چی بڵێم؟

A

بۆت هەیە چی بڵێیت...

B

ئەوەم پێ بڵێ.

A
چیت دەوێت بیڵێ.

B
ئەوەم پێ بڵێ من بۆم هەیە چی بڵێم.

A
چیت دەوێت بیڵێ.

B
ئەگەر من ئەوە نەڵێم کە هەستی پێ دەکەم.

A
بێگومان بۆت هەیە.

B
ئەودەمە چی بڵێم؟

A
مەبەستت لەمە چییە؟
(بێدەنگی)

A
ئێما ...
(بێدەنگی)

B
لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێت کە تۆ زۆر جگەرەت کێشاوە.

A
نەخێر، ئەوە بە هیچ جۆرێک وا نییە.

B
ئەوکاتە ئەوان بچووک دەبنەوە. گەر پیاو جگەرە بکێشێت.

A
بێگومان ئەوە وا نییە.

B

ئەوانەی کە لەدایک دەبن.

A

بێگومان ئەوە وا نابێت.

B

ئەوان ئەمە دەزانن. کە منداڵەکە تەندروستی بەوە باش نابێت.

A

زۆر کەس جگەرەشیان کێشاوە، منداڵیان بووەو ژیاویشن.

B

ئا، بەڵام کچەکەی ئێمە نەژیا.

A

ئەمە بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بەوەوە نییە.

B

بونیام نازانێت.

A

ئەوە پەیوەندی بەوەوە نییە، پەیوەندی بە جگەرەکێشانەوە نییە... بێگومان تۆ خۆت ئەمە دەزانیت.

B

منداڵەکان بچووک دەبنەوە، بچووکترو بێ هێزتر لەدایک دەبن...

A

ئا، بەڵام ئەمە بەهۆی ئەوەوە نییە.
(بێدەنگی)

B

من نازانم.
(بێدەنگی)

A

لەنێوان ژیان و مەرگدا دەهات و دەچوو.
(بێدەنگی)

A
زۆر بێ هێز بوو... لەبەرئەوە بوو.

B
بۆچی وا بێ هێز بوو؟

A
دکتۆرەکان وایان گوت.

B
گوتیان ئەوان لەو بڕوایەدان کە ئەو دەژی...
(بێدەنگی)

A
ئا... ئێما...
(دەستی دەگرێت)
تۆ.
(بێدەنگی)

A
تۆ...

B
ئا. بەڵێ
(بێدەنگی)

A
ئێمە یارمەتی یەکتری دەدەین.
(بێدەنگی)

A
ئێستا دەڕۆینەوە بۆماڵەوە.
(بێدەنگی)

B

قۆپچەیەکم لێ کەوتووە.

A
قۆپچەیەک؟

B
قۆپچەیەک... من لێم کەوتووە.

A
ئەها.

B
هی چاکەتەکەم.

A
چی، کەی؟

B
هی چاکەتەکەم... لە کوێیە؟

A
نازانم.

B
دەبێت کەوتبێتە شوێنێکەوە.

A
(سەیری چوار دەوری خۆی دەکات)
من هیچ نابینم.

B
نەخێر، بەڵام ئەوە بزر بووە.
(بێدەنگی)

A
شێوەی چۆنە؟

B
وەک ئەوانی تر وایە.

A

ببووره.

A

(بەبێ باکی دەگەڕێت)

B

چی دەکەیت؟

A

بەدوایدا دەگەڕێم.

B

گرینگ نییە... من هیچ ئەوەم بەلاوە گرینگ نییە. تەنها هەر قۆپچەیەکی بچووکە.

A

ئا بەڵێ.

B

ئەوە چییە؟

A

هیچ. (وچانێکی کورت)
هیچ نییە. بەدڵنیاییەوە.
(بێدەنگی)

A

بەڵام تۆ...

B

من.
(بێدەنگی)
(دەنگە دەنگی ئافرەت لەدەرەوە دێت)

B

(دەست دەکات بە گریان)

B

ئازیزەکەم...
(بێدەنگی)

A
(باوەشێکی پڕ لەسۆزی پێدا دەکات)
تۆ.

B
ئا...
(بێدەنگی)

B
هەموو شتێک چاک دەبێت.

A
بەڵێ.

B
رۆژێک لە رۆژان هەموو شتێک چاک دەبێت.

A
ئاوا.
(بێدەنگی)

A
هیچت ناوێت؟

B
نەخێر، هیچم ناوێت.

A
دەتوانم بڕۆم کوپێک چا بهێنم.

B
نەخێر، هیچم ناوێت... تۆ ئەگەر خۆت دەتەوێت دەتوانیت بڕۆیت و چایەک بخۆیتەوە.

A
بەڵێ.
(A هەڵدەستێتە سەر پێ و دەچێتە دەرەوە. B بەبێ جوڵە دادەنیشێت)

A
(دەگەڕێتەوە)

A
بەهەرحاڵ من کوپێکم لەگەڵ خۆم بۆ هێنایت، چەند پارچە پسکیتێکیش.

B
ئەوە دوا شانس بوو.

A
نەخێر.

B
بۆ ئێمە.

A
وا مەڵێ.

B
ئێمە چیتر منداڵمان نابێت.

A
با، دەبێت.

B
نەخێر.
(بێدەنگی)

B
جارێکی تر لە توانامدا نییە.

A
نەخێر.

B
جارێکی تر نا.

A

بێگومان.

B
من ناتوانم جارێکی تر بەمەدا بڕۆمەوە... ببمە دایک و دوایی منداڵەکەم بۆ نەبێت.

A
نەخێر.

B
پڕ لە هیوا بم و بڕوا بکەم... دوایی هیچ نەبێت.

A
نەخێر.

B
هەر دەمرن. هەموویان.

A
نەخێر... من دەزانم.
(بێدەنگی)

B
من لەتوانامدا نییە.

A
بزانین چی دەکەین...

B
من ناتوانم.

A
لەوانەیە منداڵێک هەڵگرینەوە.

B
هەڵگرینەوە.

A
ئا، نازانم... زۆر کەس وا دەکەن.

B

نەخێر.

A

ئێستا باسی ئەمە ناکەین.

B

نامەوێت منداڵ هەڵگرمەوە. من بۆچی منداڵێکم بووێت کە کەسێکی تر نەیەوێت... کە ئەوان دەیدەن بە کەسێکی تر؟
(بێدەنگی)

A

هەرچییەک بڵێم هیچ سوودێکی نییە.

B

نەخێر، با وابێت...

A

چی؟
(بێدەنگی)

B

من منداڵی خۆمم بوو. هەر سێ منداڵە مردووەکانم.
(بێدەنگی)

B

نەفرەت... ئەمە هەر زۆر ناخۆشە.

A

منیش هەر وا دەڵێم.

B

من ئەو منداڵانەم بوون.

A

منیش.

B

هی ترم ناوێت.

A

منداڵەکانم، ئەوانیش مردوون.

(بێدەنگی)

A

ئێما ...

B

ئا.

A

من تۆم خۆشدەویت.

(بێدەنگی)

A

گوێت لێمە؟

B

ئا.

A

من تۆم خۆشدەویت.

(بێدەنگییەکی درێژخایەن)

B

ئا.

A

ئێستا بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە؟

B

بۆ لای کێ؟

(بێدەنگی)

A

بۆ لای خۆمان.

(بێدەنگی)

A

دەچین و جارێکی تر ماڵئاوایی لە کچەکەمان دەکەین و دوای ئەوە دەڕۆینەوە بۆ ماڵەوە.

(بێدەنگی)

A

(هەڵدەستێتە سەر پێ)

وەرە.

(بێدەنگی)

B

(هەڵدەستێتە سەر پێ)

*   *   *

# تەرمیناڵی ژمارە ١١

**بوومەلەرزە**

TERMINAL 11

**Skalv**

کەسایەتییەکان

باوک

دایک

کچ- هێدفیگ

تیمارکار

پیاوێک- تۆنی

کەسێک

ئافرەتێکی گەنج

پیاوێک

(ژوورێکی بۆر. وێنەی فۆتۆگرافی تەڵخ و نادیار بە دیوارەکانەوە هەڵواسراون. کورسی ڕەنگ قاوەیی چەرم. رووناکییەکی بەهێزی بێ سێبەر)

باوک

(دێتە ژوورەوە، دەوەستێت، چەند هەنگاوێک دەنێت)

دایک

(لەسەر یەکێک لە کورسییەکانی لای ڕاستەوە دانیشتووە)

لێرە.

باوک

(سەیری دەکات)

دایک

یاقووب.

باوک

ئا.

دایک

من لێرە دانیشتووم.

باوک

ئەرێ. من چاوم لێت نەبوو.

دایک

نەء.

باوک

لە کوێیە؟

(وچانێکی کورت)

کچەکەمان لێرەیە؟

دایک

ئا.

(بێدەنگی)

باوک

چۆنە؟

دایک

باش نییە.

باوک

ئا... ئا... بەڵام چی روویداوە؟

دایک

نازانم.

باوک

نازانیت؟

دایک

نەخێر، من هەر ئێستا هاتووم... بەر لە پێنج دەقیقە.

باوک

هێشتا نەتدیوە؟

دایک

ئا، بەڵام ئەوە...

باوک

گووتی چی؟

دایک

هیچی نەگوت.

باوک

هیچی نەگوت؟

دایک

پێدەکەنی.

باوک

پێدەکەنی؟

دایک

ئا.

باوک

بەچی؟

دایک

نازانم.

باوک

هیچی نەگوت؟

دایک

نازانم. زۆر زەحمەت بوو گوێت لێبێت چی دەگووت... ئەگەر شتێکی گوتبێت.

باوک

ئاوها.

دایک

من نازانم ئەو باسی چی دەکرد.

باوک

نا، نەخێر.

دایک

هیچ پێڵاوی لە پێدا نەبوو.

باوک

هیچ پێڵاوێک؟

دایک

هیچ پێڵاوێکی لە پێیدا نەبوو.

باوک

ئەی پێڵاوەکانی لە کوێ بوون؟

دایک

گوتی دامکەندوون و فڕێمداون، چونکە پێیان دەگرتم... نەیتوانیوە پێیانەوە رابکات.

باوک

ئەی ئێستا لە کوێن؟

دایک

چەندین پلە ساردە. زستانە. من نازانم چەند لەو بەفرەدا بە پێی پەتی رایکردووە... لەوانەیە هەموو رۆژەکە.

باوک

(سەری دەلەقێنێت)

هەر باشە کە هاتووە بۆ ئێرە.

(بێدەنگی)

دایک

ناتوانیت دانیشیت؟

باوک

با، بەڵێ.

دایک

ناتوانیت لە جێگای خۆت دانیشیت؟

باوک

با.

(دادەنیشێت)

دایک

پاڵتۆشی لەبەردا نەبوو. فڕێیداوەتە ناو تەنەکەی... تەنەکەی...

باوک

زبڵ.

دایک

تەنەکەی زبڵەوە.

باوک

ئەها.

دایک

فرێیداوەتە ناو تەنەکەیکی زبڵەوە.

باوک

تەنەکەی زبڵ؟

دایک

ئا، تەنەکەی زبڵ... نازانم.

(بێدەنگی)

دایک

نازانم چی روویداوە.

باوک

ئا، خوای گەورە... ئا ئەمە چییە؟

دایک

مییا تەلەفۆنی بۆ کردم.

باوک

مییا؟ چ مییایەک.

دایک

هاوڕێکەی. مییا تەلەفۆنی بۆ کردم و پێی ڕاگەیاندم کە هێناویانە بۆ ئێرە. ئەگەر وا نەبوایە من هەر هیچم نەدەزانی.

باوک

مییا کێیە؟

دایک

هاوڕێیەتی. هێدفیگ چۆتە کتێبخانەی گشتییەوەو هاواری کردووەو شەڕی بە خەڵک فرۆشتووەو کتێبەکانی داوە بەسەر یەکدا.

باوک

کتێبخانەکەی شەقامی سڤیاڤێگن؟

دایک

ئەوانیش تەلەفۆنیان بۆ پاسەوانەکان کردووەو هاتوون بۆ ئەوێ و هێدفیگ سەبارەت بە میبیا شتێکی بەوان گووتووە، بۆیە میباش چووە بۆ ئەوێ و لەگەڵ خۆی هێناوییەتی بۆ ئێرە. دوایی تەلەفۆنی بۆ منیش کرد.

باوک

لەکتێبخانە چی کردووە؟

دایک

نازانم. هیچ لە تۆ زیاتر نازانم.

باوک

نەخێر.

دایک

هیچ زیاتر نازانم.

باوک

نەخێر، گوێم لێیە.

(بێدەنگی)

باوک

ئەی ئێستا لە کوێیە؟

دایک

لە ژوورەوەیە لەلای دکتۆرەکەیە.

باوک

ئەها. چاکە.

کەسێک

(دێتە پێشەوە)

پارەی وردەت پێیە تا چەند جگەرەیەکی پێبکڕم... بیست کرۆنێکیت پێیە بمدەیتێ؟

باوک

نەخێر.

کەسێک

تەنها هەر بیست کرۆن، بمدەیتێ؟

باوک

هیچم پێ نییە.

کەسێک

پێتە، جگەرەی پێدەکڕم... دوو رۆژە جگەرەم نەکێشاوە... من تەنها چەند جگەرەیەکم دەوێت.

باوک

نەخێر.

کەسێک

من دەزانم کە تۆ پێتە. دەزانم کە پێتە. بەهەرحاڵ بیست کرۆنێکت پێیە.

باوک

ئا، راوەستە.

(گیرفانەکانی دەگەڕێت، بیست کرۆنێک دەدۆزێتەوە، دەیدات بە پیاوەکە)

ئەوەتا، فەرموو.

(کەسەکە پارەکە وەردەگرێت، دەگەڕێتەوەو دەچێتە دەرەوە)

دایک

چەندە میهرەبانیت.

باوک

وایە؟

دایک

ئا، بێگومان وایە. لە هەمان چاوتروکاندا کە پارەکەی وەرگرت و چووە دەرەوە، ئیتر تۆی لەیاد نەماوە... بەڵام خۆ تۆش ئەوت لەیاد نەماوە.

(بێدەنگی)

باوک

ئەم کچە لە کتێبخانە چی کردووە؟

دایک

هیچ زانیارییەکم نییە.

باوک

نەخێر.

دایک

هیچ شتێک لە تۆ زیاتر نازانم.

باوک

منیش هەر وام نەگووتووە.

دایک

لەوە دەچێت.

باوک

چۆن؟

دایک

لەوەدەچێت... بە دەنگتدا.

باوک

ئەها... کەواتە داوای لێبوردنت لێدەکەم.

(دایک هەڵدەستێتە سەرپێ)

باوک

چی دەکەیت؟

دایک

تۆزێک ئاو دەهێنم. ئاو دەخۆیتەوە؟

باوک

نەء.

دایک

(دەچێت بۆ لای ئاوەکە، دوایی دەگەڕێتەوە، دادەنیشێت)

باوک

ئا...

(تەماشای کاتژمێرەکەی دەکات)

دایک

پەلەتە؟

باوک

نەخێر. تەنها ویستم بزانم کات چەندە.

(بێدەنگی)

باوک

لەوە ناچێت کەس لێرە بێت.

دایک

وانییە، کەسێکی هەر لێیە.

باوک

لە کوێ؟

دایک

کاریان زۆرە.

باوک

ئەی نابێت بێنە دەرەوەو قسەیەک لەگەڵ ئێمە بکەن؟

(بێدەنگی)

باوک

نازانم... بڕۆم و پرسیارێک بکەم؟

دایک

خۆیان ئێستا دێن.

باوک

تا بزانم چۆنە.

(بێدەنگی)

دایک

با تاوێکی تر چاوەڕوان بین.

باوک

ئەی ئەوە نییە چاوەڕێ دەکەین.

دایک

شەوە.

باوک

دەکرێت بە شەویش مرۆڤ نەخۆش بکەوێت.

(بێدەنگی)

باوک

چ جۆرە مرۆڤێکە؟

دایک

چی؟

باوک

(دەست دەخاتە سەر ئەو وێنە فۆتۆگرافییە ناڕۆشن و تەڵخانەی کە بە دیوارەکەوە هەڵواسراون)

ئا ئەوانە. بۆچی ئەم جۆرە وێنانە بەم دیوارانەوە هەڵواسراون؟

دایک

من چوزانم.

باوک

ئەوە نەخۆشەکانن... وێنەی نەخۆشەکانە؟

دایک

نا بەهیچ شێوەیەک لەوە ناچێت.

باوک

بەڵام دیارنییە ئەوانە کێن. بونیام ناتوانێت بزانێت کە ئەوانە شێوەیان چۆنە.

(وچانێکی کورت)

ئەوە هەر وا باشترە.

(ئافرەتێکی گەنج لە پرسگەکەوە، لە خواری خوارەوەی ڕاڕەوەکەوە دێتە دەرەوە. پیاوێکی شوێن کەوتووە و بنباڵەکانی گرتووە)

باوک

(هەڵدەستێتە سەرپێ)

ئەوە ئەوە.

(دایک هەڵدەستێتە سەرپێ)

باوک

(بێدەنگی)

ئا، ئارام و لەسەرخۆ دیارە.

دایک

پرسیار زۆر مەکە.

باوک

هێدفیگ...

دایک

ئەو نییە.

باوک

نەخێر.

دایک

کەسێکی ترە.

(ژنە گەنجەکە و پیاوەکە ڕەت دەبن و دیار نامێنن)

دایک

ئەو نەبوو.

باوک

نەء، بینیم.

دایک

بەڵام زۆر لەو دەچوو.

باوک

من لە دوورەوە وامزانی ئەوە.

دایک

منیش وامزانی.

باوک

شتێکی سامناک بوو... هەر زۆر لەیەکتر دەچوون... تا هاتنە نزیکەوە.

دایک

من هەستم کرد، کە ئەو کچە ئێمەی نەناسییەوە.

باوک

نەخێر... هەروەها ئەویش نامان ناسێتەوە، ئەگەر ئەئاوا نەخۆش بێت.

(بێدەنگی)

باوک

ئێستا لەلای دکتۆرە.

دایک

لەو بڕوایەدام... کە لەلای دکتۆرێک بێت.

باوک

ئا. بابزانین چی دەبێت.

(بێدەنگی)

(پیاوێک تەمەنی لەنێوان ٢٥-٢٦ ساڵیدایە، دێتە ژوورەوە بۆ ڕاڕەوەکە، دەوەستێت، دایک و باوک دەبینێت، چەند هەنگاوێک دەڕوات، سەرلەنوێ دەوەستێت)

(بێدەنگی)

باوک

(دوای تاوێک)

ئەو پیاوە چییەتی؟

دایک

چی؟

باوک

ئا لەوێدا ڕاوەستاوەو سەیری ئێمە دەکات.

(وچانێکی کورت)

بۆچی سەیرمان دەکات؟

دایک

من نازانم.

باوک

بۆچی ئاوا سەیری ئێمە دەکات؟

(بێدەنگی)

باوک

لە کەسێکی ترسناک دەچێت.

(پیاوە گەنجەکە لێیان نزیک دەبێتەوە، ڕادەوەستێت)

باوک

ئا؟

پیاوەکە

ئا.

باوک

چییە؟

پیاوەکە

هێدفیگ.

باوک

هێدفیگ؟

پیاوەکە

لێرەیە؟

باوک

تۆ کێییت؟ بۆچی ئەو پرسیارە دەکەیت؟

پیاوەکە

ئەرێ ئەو لێرەیە؟

باوک

تۆ کێییت؟

پیاوەکە

ئا، من ئەو دەناسم.

باوک

ئەها، ها.

پیاوەکە

بەڵێ.

دایک

ئەوە "تۆنی" یە؟

پیاوەکە

ئا. سڵاو.

باوک

ئەمە کێیە؟

پیاوەکە

بیستوومە کە لێرەیە.

باوک

ئەمە دەناسیت؟ دەزانیت ئەمە کێیە؟

دایک

ئا، من هەندێک شتم لەبارەی تۆوە بیستووە... ئەگەر تۆ ئەو بیت.

پیاوەکە

بەڵێ... دەمەوێت بیبینم.

باوک

ئەها، ئا، بەڵام ئەمە... ئەمە کێیە؟

پیاوەکە

لە کوێیە؟

دایک

ئەمە هاوڕێیەکی کچەکەمانە.

پیاوەکە

ئا.

باوک

ئا، بەڵام تەنها کەسە نزیکەکانی، خێزانەکەی، دەبێت لێرەبن.

پیاوەکە

من کەسێکی نزیکی ئەوم.

دایک

بەڵێ، ئەوان...

باوک

چۆن چۆنی؟

پیاوەکە

نێزیکترین کەس. ئێمە پێکەوە بووین... ئێمە پێکەوە بووین.

دایک

ئا، بەڵێ، ئەوەی بۆ باس کردووم.

پیاوەکە

بەڵێ، ئێمە سەرلەنوێ گەراوینتەوە بۆ لای یەکتری. پێکەوەین.

باوک

پێکەوە؟

پیاوەکە

ئێستا ئێمە سەرلەنوێ پێکەوەین. ئێستا سەرلەنوێ هەموو شتێک باشە.

دایک

ئەمان پێکەوە ژیاون.

باوک

لە کوێ؟

دایک

لە یوردبرو... لەوێ نەبوو؟

پیاوەکە

ئێمە چیتر لەوێ ناژین.

باوک

ئا، بەڵام ئەوە...

پیاوەکە

ئێمە سەرلەنوێ دەبینەوە بەیەک ماڵ.

باوک

بەڵێ، کارێکی باشە.

پیاوەکە

لەکوێیە؟

باوک

ئێستا تۆ ناتوانیت بیبینیت. ناکرێت.

پیاوەکە

بەڵام من دەمەوێت بیبینم.

باوک

ڕۆژێکی تر بگەڕێرەوە. ئێستا تۆ ناتوانیت بیبینیت.

پیاوەکە

من دەزانم کە ئەو دەیەوێت من ببینێت.

باوک

ئەو ناتوانێت کەس ببینێت.

دایک

ئەو ئێستا لە ژوورەوەیە لای دکتۆر.

باوک

ئا، دەتوانیت تەلەفۆن بکەیت و بزانیت کەی دەگونجێت سەردانی بکەیت. ئێستا تەنها کەسوکاری بۆیان هەیە لێرەبن.

دایک

تەنانەت لەوەش دڵنییانین.

پیاوەکە

من دەزانم کە ئەو دەیەوێت من ببینێت.

باوک

تۆ ناتەوێت تێبگەیت کە من دەڵێم چی؟

دایک

ئا، ئا. هێمن بە.

پیاوەکە

لەبەر خاتری ئەو.

باوک

من هێمنم. بۆخۆت باشە لێرە بڕۆیت.

پیاوەکە

من تەنها کەسێکم، کە ئەوم خۆشم دەوێت.

باوک

(دوای وچانێکی کورت)

تۆ؟

پیاوەکە

من تەنها کەسێکم کە ئەوی خۆشبووێت.

باوک

تۆ عەقڵت هەیە؟

(بێدەنگی)

باوک

ئا، نازانم چی بڵێم.

پیاوەکە

من دەزانم.

باوک

چی!

پیاوەکە

من دەزانم.

باوک

دەزانیت؟

پیاوەکە

من دەزانم.

باوک

کورە تۆ چی دەزانیت؟

دایک

نەخێر، بێدەنگ بە.

باوک

ئەوە چییە کە تۆ دەیزانیت؟

پیاوەکە

هەموو شتێک.

باوک

هەموو شتێک؟

پیاوەکە

هەر هەموی.

باوک

ئەها.

پیاوەکە

ئا.

باوک

ئەوە بۆ تۆ باشە.

(پیاوەکە بۆ چەند چرکە ساتێک بە ئارامی دەوەستێت، دوای ئەوە دەڕوات و لەسەر کورسییەک دوور لەوانەوە دادەنیشێت)

باوک

ئەمە مانای چی دەگەیەنێت؟

(وچانێکی کورت)

ئەمە مانای چییە؟

(بۆ لای دایک)

مەبەستی لەمانە چییە؟

دایک

نازانم.

باوک

ئەمە مەبەستی لەمە چییە؟

دایک

ئا، لە من مەپرسە.

باوک

چ قوڕمساغێکە.

(بێدەنگی)

باوک

چ قوڕمساغێکی رموزن و ناشرینە. هێدفیگ لەگەڵ ئائەوە پەیوەندی هەبووە، ئائەوە؟

دایک

ئا.

باوک

بەڕاستە؟

(وچانێکی کورت)

چۆن توانیویەتی شتی وابکات؟

دایک

بۆ چەندین ساڵ پێکەوەبوون، بەڵام من هەرگیز لەوەوبەر ئەمم نەدیوە.

باوک

چەندین ساڵ؟

دایک

ئا، بەڵام ئەمە یەکەمجارە من ئەم کوڕە دەبینم. هێدفیگ باسی ئەمی بۆ کردووم. بەڵام من لەو بڕوایەدا بووم کە ئەوان...

باوک

ئا، بەڵام... تەماشای بکە. هەر زۆر خراپ و شێواوە.

دایک

بەڵام ئەوە؟

باوک

ئەم کابرایە هەر بەتەواوی خوارو خێچە.

دایک

ئەوە شتێک نییە خۆی پێی خۆشبێت. ئەوە خەتای ئەو نییە.

باوک

نەء، نەء، وایە، بەڵام هەموو ئەو...

دایک

گوناهی نییە کە لەشولاری چۆنە.

باوک

نەخێر، بەڵام هەموو ئەو... چۆن چۆنییە.

دایک

لەوانەیە هەروا لەدایک بووبێت.

باوک

هەر هەموو لەشی ئەو کوڕە... سەیرە.

دایک

(بە چپەدوو)

ئا، ئێمە لەو باشترنین.

باوک

گوتت چی؟ (لای خوارەوە دەرگایەک دەکرێتەوە. تیمارکارێک دێتە دەرەوە، لێیان نزیک دەبێتەوە)

تیمارکار

سڵاوتان لێ بێت.

باوک

سڵاو.

تیمارکار

کەسوکاری هێدڤیگن؟

دایک

من دایکیم.

باوک

تەندروستی چۆنە؟

تیمارکار

من ناوم (ئەندەرس)ە. لێرە کاردەکەم.

باوک

هێدفیگ لە کوێیە؟ دەتوانین بیبینین؟

تیمارکار

ئێستا ئەو پشوو دەدات.

باوک

پشوو دەدات؟

تیمارکار

من دەمویست بڵێم کە...

باوک

ئێمە دەمانەوێت بیبینین.

تیمارکار

ئەو ئێستا لەگەڵ دکتۆر قسەی کردووەو دکتۆرەکەش وا بەباش دەزانێت کە هێدفیگ چەند رۆژێک لێرە، لەژێر چاودێریی پزیشکدا بمێنێتەوە... دەرمانی هێورکردنەوەشی وەرگرتووە بۆئەوەی ئێستا بنوێت.

باوک

نازانێت کە ئێمە لێرەین؟

دایک

تەندروستی چۆنە؟

تیمارکار

ئێستا نووستووە، بابزانین تا بەیانی چۆن دەبێت.

دایک

باشترە؟

تیمارکار

بێگومان باشتر دەبێت.

دایک

زۆر ترسام کە ئەوم بینی. هەر نەمناسییەوە. هەرگیز ئەوم ئا بەوشێوەیە نەدیوە.

تیمارکار

ناتوانم لەوە زیاتر بڵێم... من زۆر لێرە کارم نەکردووە. ئەمە دووەم شەوی کارمە. من تەنها بە شەو لە دوای خوێندن هەندێک کاردەکەم.

باوک

ئەی کەسی تر لێرە نییە؟

تیمارکار

با، ئێمە دوو کەسین کە بەشەو کار دەکەین. هەروەها دکتۆرێکی ئێشکگریش. گەر شتێک رووبدات.

باوک

دەزانێت ئێمە لێرەین؟

تیمارکار

ئا، وەک من تێگەیشتووم ئەو ئێستا نایەوێت کەس ببینێت.

باوک

ئەو خۆی وای گوت؟

تیمارکار

بەیانی دەتوانن لەگەڵ خۆی قسەبکەن و بزانن چۆنە. بەهەرحاڵ ئێستاکە هێمنە.

دایک

باشە.

پیاوەکە

ئەی هیچ شتێکی سەبارەت بە تۆنی گوتووە، دەربارەی من؟

(وچانێکی کورت)

من تۆنیم.

کچ

تۆ چەند خێرا دەخوێنیتەوە.

تیمارکار

(لەسەر کورسییەکە)

چی؟

کچ

تۆ خێرا دەخوێنیتەوە.

تیمارکار

ئەها... نەخێر، من ناخوێنمەوە.

کچ

گوێم لێ بوو کە چۆن لاپەڕەکانت هەڵدەدایەوە.

تیمارکار

تەنها هەر لاپەڕەکان هەڵدەدەمەوە.

(بێدەنگی)

کچ

چی دەخوێنیتەوە؟

تیمارکار

ئەمە

(کتێبەکە بەرز دەکاتەوە)

کچ

من نایبینم... ئەوە چییە؟

تیمارکار

کتێبی کۆرسەکەمە. سەبارەت بە سەرکۆنەکردن لە قوتابخانەکاندا. دەبم بە مامۆستا.

(بێدەنگی)

تیمارکار

(بەشێکی زۆری لاپەڕەکان بەرزدەکاتەوە)

دەبێت تا سێ شەممە هەر هەمووی لەبەربکەم.

کچ

سێ شەممە؟

تیمارکار

ئا، تاقیکردنەوەمان هەیە.

(بێدەنگی)

کچ

منیش خێرا دەخوێنمەوە... ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟

تیمارکار

بەمزوانە دەبێتە شەممە.

(بێدەنگی)

تیمارکار

تەندروستیت چۆنە؟

(هەڵدەستێتە سەرپێ، دەچێتە پێشەوە بۆ لای کچەکە)

هەست بەچی دەکەیت؟

کچ

(ڕووی وەردەگێڕێت)

ئا.

تیمارکار

ئا؟

کچ

(دەستێکی دەگرێت بە دەموچاوییەوە)

نازانم.

تیمارکار

دەزانیت تۆ لە کوێیت؟

کچ

لەکوێم؟

تیمارکار

ئا.

کچ

ئا ... لێرەم.

تیمارکار

ئا، بەڵام دەزانیت ئێرە کوێیە؟

کچ

(دوای چرکەساتێک)

لەوبڕوایەدام.

تیمارکار

من ناوم ئەندەرسە. لێرە بەشەو کاردەکەم. تەنها لەکاتی پشووەکانی هەفتەدا، بەهەرحاڵ لەسەرەتادا، ئەمە تەنها دووهەم پشووی هەفتەیە کە من لێرەم.

(بێدەنگی)

تیمارکار

من لە پەیمانگای مامۆستایان دەخوێنم. ئەمە دووهەم ساڵمە. بەڵام بیر لەوە دەکەمەوە پشوویەکی کورت وەربگرم. من زۆر دڵنییانیم لەوەی ئەمە ئەوەیە کە من دەمەوێت، ببم بە مامۆستا. هەست دەکەم ئەمە تەنها شتێکە دەیکەم لەکاتێکدا هەوڵدەدەم تێبگەم لەوەی، کە من دەمەوێت ببم بە چی. مرۆڤ لە چ شتێکدا باشترە، بەڵام من نازانم کە ئەو شتە چییە. من نازانم چ شتێکە، تەنها شتێک بیزانم ئەوەیە کە تاکو ئێستا تاقیم کردۆتەوە، شتێکی زۆر بەسوودیش نەبووە... چی دەکەیت؟

کچ

(بێدەنگ)

نازانم.

تیمارکار

سبەی دکتۆرێک دەتبینێت.

کچ

بۆچی؟

تیمارکار

دەیانەوێت قسەت لەگەڵ بکەن.

کچ

(دوای تاوێک)

دەربارەی چی؟

تیمارکار

تەنها دەیانەوێت قسەت لەگەڵ بکەن.

کچ

(دوای چرکەساتێک)

هیچ شتێک نییە قسەی لەسەر بکرێت.

تیمارکار

تەنها دەیانەوێت بزانن تۆ چۆنیت.

کچ

هیچ شتێکم کردووە؟

تیمارکار

هیچت کردووە؟

کچ

نازانم... هیچم کردووە؟

تیمارکار

چ شتێکت کردبێت؟

کچ

من لەوبڕوایەدام.

تیمارکار

ئەها.

کچ

شتێکی خراپ.

تیمارکار

نەخێر، من لەوبڕوایەدا نیم.

(بێدەنگی)

کچ

من دەتوانم...

تیمارکار

گوتت چی؟

کچ

دەمەوێت بمرم.

تیمارکار

بمریت؟

کچ

ئا.

تیمارکار

بۆچی دەتەوێت بمریت؟

کچ

لەبەرئەوەی نامەوێت بژیم.

تیمارکار

ناتەوێت؟

(بێدەنگی)

کچ

کاتژمێر چەندە؟

تیمارکار

(سەیری کاتژمێرەکەی دەکات)

دەی دەوێت بۆ چوار.

کچ

چوار؟

تیمارکار

ئا، سێ و چل و یەکە. بەمزوانە دەبێتە چوار، بەوشێوەیە.

کچ

چواری شەو، نەوەک رۆژ؟

تیمارکار

نەخێر، چواری شەوە.

کچ

ئێستاکە شەوە؟

تیمارکار

ئا.

کچ

هەروا زوو؟

تیمارکار

ئا، تاریکە.

کچ

باشە.

تیمارکار

دەرەوە تاریکە.

کچ

ئا، زۆر باشە.

تیمارکار

منیش هەست دەکەم تۆزێک ماندووم. هەموو شەوەکە بەخەبەربووم و... سەیری تۆم کردووە.

پیاوەکە

سڵاو.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

ئەوە منم.

کچ

ئا.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

(دەرگاکە دادەخات)

ئا. سڵاو.

کچ

دایمەخە.

پیاوەکە

چی؟

کچ

دەرگاکە.

پیاوەکە

ئەها.

کچ

دەرگاکە دامەخە.

پیاوەکە

نەخێر.

(دەرگاکە دەکاتەوە، دێتە ناو ژوورەکەوە)

چۆنیت؟

کچ

ئا...

پیاوەکە

تەندروستیت چۆنە؟

کچ

ئا، نازانم.

پیاوەکە

نازانیت؟

کچ

نەخێر.

پیاوەکە
ئەها، نەء.

(بێدەنگی)

پیاوەکە
دانیشم.
(دادەنیشێت)

کچ
ئا.

پیاوەکە
من دەمەوێت بزانم تۆ چۆنیت.
(بێدەنگی)

پیاوەکە
باشە کە تۆ لێرەیت؟

کچ
ئێرە، ئا.

پیاوەکە
ئەم جێگایە هی هیچ کەسێکی تر نییە؟

کچ
نەخێر.

پیاوەکە

باشە.

(وچان)

تۆ تەلەفۆنت بۆ من کرد.

کچ

ئەها... کەی؟

پیاوەکە

نایەتەوە یادت؟

کچ

نەخێر، بەڵام... ئا لەوانەیە تەلەفۆنم کردبێت.

پیاوەکە

نیوە شەو تۆ تەلەفۆنت بۆ کردم.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

ئەوەت نایەتەوە یاد؟

کچ

تەلەفۆنم بۆ تۆ نەکردووە.

پیاوەکە

با. تەلەفۆنت کردو گووتت ماڵئاوا.

(وچانێکی کورت)

گوتت کە تۆ چیتر ناتەوێت بژیت. تۆ دەتویست بڵێیت ماڵئاوا.

کچ

وام گوت؟

پیاوەکە

ئا.

(وچانێکی کورت)

تۆ تەلەفۆنت بۆ من کرد.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

نایەتەوە یادت؟ تۆ قسەت لەگەڵ من کرد؟

کچ

نەخێر، نازانم.

پیاوەکە

من بە باشی گوێم لێنەبوو تۆ گووت چی.

کچ

نازانم من چیم گووتووە.

پیاوەکە

وات گووت. وەک ئەوەی من باسم کرد.

کچ

ئا. ببوورە.

پیاوەکە

نەخێر، بەڵام من نەمدەزانی چی بکەم. من نەمدەزانی، کە تۆ بەڕاستیتە یان . . . تۆ لەوەوبەریش هەر وات گوتووە.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

لەوەوبەریش هەر وات گوتووە.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

بەڵام من ئێستا وا لێرەم.

کچ

ئا.

پیاوەکە

ئا. بەهەرحاڵ. بەهەرحاڵێکی ناشرین.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

ئەوە کێ بوو... ئەوەی کە لێرە بوو؟

کچ

ئا، تۆ.

پیاوەکە

نەخێر، بەر لە من. کێ بوو؟

کچ

کێ بوو؟

پیاوەکە

ئا، ئەو کوڕەی کە من هاتم، چووە دەرەوە. کە من هاتم.

کچ

کەی؟

پیاوەکە

کە من هاتم... کوڕێک لەم ژوورەوە هاتە دەرەوە.

کچ

نازانم.

پیاوەکە

کەسێک نەبوو کە تۆ بیناسی؟

کچ

نەخێر، من کەس ناناسم.

پیاوەکە

ئەوەی کە هاتە دەرەوە.

کچ

کەس لێرە ناناسم.

پیاوەکە

ئەی کەواتە لێرە چی دەکرد؟

کچ

نازانم.

پیاوەکە

نەء. نەء.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

شتێکی سەیرە.

کچ

ئا.

پیاوەکە

کەسێک نەبوو کە تۆ بیناسیت؟

کچ

نەخێر... من نازانم کێ بوو.

پیاوەکە

ئەوەی کە لێرە بوو؟

کچ

کێ بوو؟

پیاوەکە

ئا، منیش پرسیاری ئەوەم کرد.

کچ

نەخێر.

پیاوەکە

شتێکی سەیرە.

کچ

ئەها... ئا، من نازانم.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

ئەوە چ کوڕێکە لێرە... ئەگەر نا؟

کچ

من هیچ کەسێکم نەدیوە.

پیاوەکە

هیچ کەسێکت نەدیوە؟

کچ

نەخێر.

پیاوەکە

نەخێر، من تەنها هەر ویستم بزانم کە ئەمانە... ئەمانە لێرە چی دەکەن.

کچ

ئا، بەڵام من هیچ کەسێکم نەدیوە. من لەتوانامدا نییەکەس ببینم. نامەوێت هیچ کەس ببینم. بەهیچ شێوەیەک.

(بێدەنگی)

کچ

نامەوێت کەس ببینم.

پیاوەکە

نەخێر، بەڵام ئەوە... تۆ دواتر دەتوانیت.

کچ

چی؟

پیاوەکە

کە باشتر بوویت. بێگومان باشتر دەبیت، بەهەرحاڵ.

کچ

توانای ئەوەم نییە قسە بکەم.

پیاوەکە

نەخێر... کەوایە قسە مەکە.

کچ

بەڕاستمە.

پیاوەکە

بێگومان... نەخێر، من هیچ ناڵێم.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

(دادەنیشێت)

دەتوانم لێرەدا دابنیشم؟

کچ

ئا ...

پیاوەکە

هەر تۆزێک.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

بێقەزابیت، ئێمە هەر زۆر دەمێکە یەکترمان نەدیوە. نزیکەی چوار مانگە. کە یەکترمان نەدیوە. (وچانێکی کورت)

کە تەلەفۆنم بۆ دەکردی تۆ وەڵامت نەدەدامەوە. وەڵامی نامەکانیشت نەدەدامەوە.

کچ

نا.

پیاوەکە

نەخێر، تۆ خۆت لە من دەشاردەوە. ئەرێ، خۆت شاردۆتەوە. من هیچ تێناگەم. هەروەکو ئەوەی مروڤ هیچ بوونی نەبێت. گوێم تەنها لەیەک وشەش نەبووە لە تۆوە. هیچ شتێک. تەنها بێدەنگی. نەفرەت، مرۆڤ چی بکات؟ پاشان لە پڕ لە نیوەشەودا تەلەفۆن دەکەیت و دەڵێیت دەتەوێت ماڵئاوایی بکەیت.

کچ

ئا.

پیاوەکە

هەروەها دەڵێیت دەتەوێت ماڵئاوایی بکەیت. ماڵئاوا. ئەها. من هیچ تێناگەم. هیچ شتێکی نەعلەتی تێناگەم. نازانم مەسەلەکە چییە. بۆچی تۆ ماڵئاوایی لە من دەکەیت. تۆ هەروا بە ئاسانی رۆیشتیت. ئا، من نازانم تۆ چۆنت دەوێت. ئێمە گوزەرانمان زۆر باش بوو. تا ئاستێک باش بوو. بەڵام من ئێستا نازانم. نازانم کە ئێمە پێکەوەین یا پێکەوە نین. ئێمە هەر ئەوەندە باش بووین پێکەوە، بەم شێوەیە... هەمیشە هەروا هەنگاوێک بۆ پێشەوەو هەنگاوێک بۆ دواوە. هەرچەندە دەمانتوانی گوزەرانمان هەر زۆر باش بێت. بونیام ناتوانێت هەموو شتێکی بەیەکجار دەست بکەوێت. بەڵام ئێمە یەکترمان هەیە. یەکترمان هەیە. بۆ خاتری خودا من چی بکەم؟

(وچانێکی کورت)

من تۆم خۆشدەوێت. مەگەر تۆ ئەمە نازانیت. من ناتوانم هیچ شتێک بەرانبەر ئەمە بکەم.
(وچانێکی کورت)

گوێت لێیە؟

کچ

ئا.

پیاوەکە

تەماشام بکە.

کچ

ئا.

پیاوەکە

ناتوانیت تەماشام بکەیت؟

کچ

با.

پیاوەکە

من تۆم خۆشدەوێت. لێم تێدەگەیت؟

کچ

ئا.

پیاوەکە

هەرگیز کەسم لەوەوبەر خۆش نەویستووە. تەنها تۆ. تۆ یەکەم کەسیت.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

گوێت لێیە؟

(وچانێکی کورت)

من چی دەڵێم؟

کچ

ئا.

پیاوەکە

من تۆم خۆشدەوێت... داوای لێبوردن دەکەم گەر هەر گرفتێک هەبووبێت.

کچ

ها، بەڵام...

پیاوەکە

کە چی؟

کچ

نەخێر.

پیاوەکە

مەسەلە چییە؟

کچ

هیچ.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

ئەی ئەوان دەڵێن چی؟

کچ

کێ؟

پیاوەکە

دکتۆرەکان. ئەوان دەڵێن چی؟

کچ

لێرە بمێنمەوە.

پیاوەکە

ئەوان وا دەڵێن؟

کچ

ئا.

پیاوەکە

چەند؟

کچ

نازانم.

پیاوەکە

ئاها.

(وچانێکی کورت)

ئەی ئەو هاتووە بۆ ئێرە؟

کچ

نەخێر.

پیاوەکە

ئەی ئەمڕۆ نایەت؟

کچ

نەخێر، من نامەوێت کەس ببینم.

پیاوەکە

نەخێر، هەروەها منیش.

(وچانێکی کورت)

من ئەمڕۆ مۆڵەتم لە کۆرسەکەم وەرگرتووە. وتم وا باشترە. تۆ ببینم.

کچ

ئەمڕۆ چ رۆژێکە؟

پیاوەکە

چ رۆژێکە؟

کچ

ئا، ئەمڕۆ چ رۆژێکە؟

پیاوەکە

ئەمڕۆ؟

کچ

ئا.

پیاوەکە

دوو شەممەیە.

کچ

دوو شەممە؟

پیاوەکە

ئا، نازانیت؟

کچ

ئەمڕۆ؟

پیاوەکە

ئا، ئەوە چییە؟

کچ

رۆژی شەممە نییە؟

پیاوەکە

شەممە؟ نەخێر، پێرێ شەممە بوو. ئەمڕۆ دوو شەممەیە.

کچ

هەروا زوو بوو بە دوو شەممە.

پیاوەکە

ئا، دوێنێ ڕیگەیان نەدام بتبینم، کە لێرەبووم. من دوێنێ لێرەبووم و دەموویست تۆ ببینم، بەڵام ئەوان گوتیان نابێت. من بۆم نەبوو بێمە ژوورەوە.

کچ

ئەوە دوێنێ بوو؟

پیاوەکە

ڕێگایان نەدام بێمە ژوورەوە. پێیان نەگوتوویت، کە من لێرەبووم؟ بەهەرحاڵ من بەوانم گوت بە تۆ بڵێن کە من لێرەبووم، بەڵام من بۆم نەبوو تۆ ببینم. ئەوان هیچیان نەگوتووت؟

کچ

نازانم. نایەتەوە یادم.

پیاوەکە

بەهەرحاڵ ئەوە من بووم.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

وامەکە.

(وچانێکی کورت)

دەوا مەکە.

(بێدەنگی)

پیاوەکە

وا مەکە. قژت مەخۆ. تۆ قژت رادەکێشیت و دوایی دەیجوویت... بیکە بەخاتری خودا، بەسە ئیتر.

تیمارکار

سڵاو.

(کچەکە سەری دەلەقێنێت)

تیمارکار

چۆنیت؟

کچ

ئا...

تیمارکار

هەست دەکەیت باشتربوویت؟

کچ

ئاوا.

تیمارکار

دڵخۆشتریت؟

کچ

نە، ها.

تیمارکار

دڵخۆشتر نیت؟

کچ

نەخێر.

تیمارکار

بەبینینی من دڵخۆش نابیت؟

کچ

بۆچی؟

تیمارکار

کە تۆ من دەبینیت؟ دڵخۆش نابیت؟

کچ

بۆچی بەوە دڵخۆش ببم؟

تیمارکار
دڵخۆش نابیت.
(وچانێکی کورت)
بەداخەوە.

کچ
من هەرگیز دڵم خۆش نەبووە.

تیمارکار
من کە چاوم بەتۆ دەکەوێت دڵم خۆش دەبێت.
(بێدەنگی)

تیمارکار
کە تۆ دەبینم...

کچ
ئا.

تیمارکار
با بۆ من وا بێت... ئەمە شتێکی نایاسایی نییە... شتێکی هەر زۆر باشە. ئەگەر مرۆڤ مەزاجی باش بێت، پێویستە، کە پێت خۆش بێت بچیت بۆ سەر کارەکەت بەتایبەتی لێرە، کە ئێرەی پێخۆش بێت، چونکە زۆربەی ئەوانەی لێرە کار دەکەن حەزناکەن ئێرە خۆش بێت... هەرچەندە من هەر ئەوانەم دیتووە کە بەشەو کاردەکەن. کێنت و تۆمی. ئەوان هەر جووتێکن بۆ خۆیان.
(وچانێکی کورت)
ئا.
(بێدەنگی)

تیمارکار

سۆراخی ئەوەم کردووە کە بتوانم زیاتر کاربکەم، نەک تەنها لەپشووەکاندا، بەڵکو لە هەفتەکانیشدا، بەڵام تەنها هەر بەشەو. بەوشێوەیە مرۆڤ دەتوانێت بەڕۆژ سەربەست بێت. بە شەو زۆر هێمنترە. بەهەرحاڵ زیاتر بێقڕەوبڕەترە. هەروەک بڵێیت مرۆڤ زیاتر کاتی بۆ یەکتر هەیە... گەر پێویست بکات.

(وچانێکی کورت)

بە رۆژ خەڵکێکی ئێجگار زۆر لێرەن، بەڵام بەشەو هێمنە. هێمن و خۆش.

(بێدەنگی)

تیمارکار

چ بۆنێکی خۆشە... بۆنی چییە؟

کچ

بۆن؟

تیمارکار

بۆنێکی خۆش دێت. ئەوە تۆیت؟

(خۆی بەرەو پێشەوە دەچەمێنێتەوە)

بۆم هەیە دەستت بگرم؟

(دەستی دەگرێت)

ئا، بۆنی تۆیە.

(بۆنی لا ملی دەکات)

شتێکە کە تۆ هەتە. ئەو شتە چییە؟

کچ

نەخێر.

تیمارکار

کە تۆ هەتە؟ شتێکت لەخۆت داوە؟

کچ

نەخێر.

(خۆی لە تیمارکارەکە دوور دەخاتەوە)

نەخێر.

تیمارکار

ئا، ببوورە. من تەنها دەمەوێت بۆنت بکەم.

(بێدەنگی)

تیمارکار

کەس هاتووە بۆ سەردانت؟

کچ

نەخێر.

تیمارکار

ئەوان گوتیان، کە کوڕێک لەم ڕۆژانەدا هاتووەو سەردانی کردوویت. یەک شەممەی ڕابردوو.

کچ

من نازانم.

تیمارکار

نازانیت ئەگەر کوڕە دۆستەکەت بووبێت؟

کچ

نەخێر.

تیمارکار

ئەی کەواتە کێ بووە؟

کچ

من هیچ کوڕە دۆستێکم نییە.

تیمارکار

هیچ دۆستێکت نییە؟

کچ

نەخێر. دۆستم نییە.

تیمارکار

ئاوا.

کچ

بۆچیمە؟

تیمارکار

نەخێر، نازانم... من تەنها ویستم بزانم.

کچ

نەخێر.

تیمارکار

هیچ دۆستێک... تۆ کە هێندە جوانیت؟

کچ

نەخێر.

تیمارکار

با تۆ زۆر جوانیت.

(بێدەنگی)

تیمارکار

منیش هیچ دۆستێکم نییە. مەبەستم کچە دۆستە.کاتم نەبووە، کاتی ئەوەم نەبووە.

باوک

بۆم هەیە بێمە ژورەوە؟

(دەچێتە ژورەوە)

ئەوە منم.

کچ

ئا.

باوک

چۆنیت؟

(بێدەنگی)

باوک

تەندروستیت چۆنە؟

کچ

ماندووم.

باوک

ماندوویت؟

کچ

ئا.

باوک

ئا.

(بێدەنگی)

باوک

ئا، من زۆر نامێنمەوە.

(بێدەنگی)

باوک

تەنها دەمەوێت بزانم تۆ چۆنیت.

کچ

من نامەوێت.

باوک

چی؟

(وچانێکی کورت)

چیت ناوێت؟

کچ

نەخێر.

باوک

ئەها.

کچ

من ماندووم.

باوک

ئا، گوێم لێبوو... دایکت هاتووە بۆ ئێرە؟

کچ

لەخۆی بپرسە.

باوک

هاتووە بۆ ئێرە؟

کچ

دەتوانیت لەخۆی بپرسیت.

باوک

لەخۆی بپرسم؟

کچ

دەتوانیت لەخۆی بپرسیت.

باوک

بۆچی لەو بپرسم. من لە تۆ دەپرسم.

کچ

ئا.

باوک

هێدفیگ... بۆچی لەو بپرسم؟

کچ

لەخۆی بپرسە.

باوک

من هەر ویستم بزانم کە دایکت هاتووە بۆ ئێرە یا نا.

کچ

ئا.

باوک

دەتوانیت قسە بکەیت؟

(بێدەنگی)

کچ

توانای قسەکردنم نییە.

باوک

توانای قسەکردنت نییە. نەخێر. باشە.

کچ

نەخێر.

باوک

نەخێر. باشە.

(بێدەنگی)

باوک

نەخێر، پێویست ناکات قسە بکەین... من تەنها دەمەوێت بزانم تەندروستیت چۆنە.

کچ

بۆچی؟

باوک

بۆچی؟

کچ

بۆچی تۆ دەتەوێت؟

باوک

خۆت دەزانیت بۆ؟

کچ

نەخێر.

باوک

خۆت دەزانیت؟

کچ

چی؟

باوک

تۆ خۆت دەزانیت کە من دەمەوێت بتبینم؟

کچ

نەخێر، من گێلم.

باوک

تۆ خۆت دەزانیت.

کچ

نەخێر، بەڵام پێویست ناکات.

باوک

مەبەستت لەوە چییە؟

کچ

پێویست ناکات.

باوک

پێویست ناکات؟

کچ

نەخێر.

باوک

بێگومان پێویست دەکات.

کچ

بۆچی؟

باوک

بیبڕەوە...

(بێدەنگی)

باوک

چیتە، بۆ وا دەکەیت؟

(وچانێکی کورت)

چی رووی داوە؟

(بێدەنگی)

ناتوانیت وەڵامم بدەیتەوە؟

کچ

نازانم.

باوک

نەخێر.

(وچان)

تۆ جاران زۆر دڵت خۆش بوو... چەند هەفتەیەک لەمەوبەر.

کچ

نەخێر.

باوک

بێگومان دڵخۆش بوویت... کە یەکترمان دی... رۆژی لەدایکبوونت.

کچ

ئەوکاتەش دڵخۆش نەبووم.

باوک

بێگومان دڵخۆش بوویت... ئەوەت نایەتەوە یاد؟

کچ

دڵخۆش نەبووم.

باوک

نەء، نەء.

کچ

من هەرگیز دڵخۆش نەبووم.

باوک

ئەها.

کچ

من هەرگیز دڵخۆس نەبووم.

باوک

ئەها.

کچ

بۆ تەنها یەکجاریش، لەهەموو ژیانمدا.

باوک

راست ناکەیت.

کچ

بۆ تەنها ساتێکیش.

باوک

ئەمە راست نییە.

کچ

نازانم مەسەلەکە چییە.

باوک

ئاوا بەم شێوەیە سەخت مەیگرە.

کچ

تەنها هەر وا خۆم نیشانداوە.

باوک

ئەها... شتێکی زۆر ناخۆشە، کە ئەوە دەبیستم.

کچ

من هەر وا خۆم نیشانداوە، کە دڵخۆشم.

باوک

ئاوا؟

کچ

چیتر لەوە زیاتر ناتوانم خۆم بەم شێوەیە نیشان بدەم. چیتر لەتوانامدا نییە.

باوک

نەء، نەخێر.

کچ

چیتر لە توانامدا نییە بە رواڵەت وا خۆم نیشان بدەم.

باوک

نەخێر.

کچ

لە توانامدا نییە.

باوک

نەخێر. گوێم لێتە.

کچ

من لە توانامدا نەماوە.

باوک

نەخێر، نەخێر. هێمن بە.

دایک

چۆنیت؟

(کچەکە لەسەر جێگاکەی دانیشتووەو دەگری)

دایک

هێدفیگ، ئەوە چییە؟

(وچانێکی کورت)

هێدفیگ.

(بێدەنگی)

دایک

بۆ وا خەمباریت؟

کچ

نەخێر.

دایک

ئەی بۆچی دەگریت؟

کچ

من هیچ نیم.

دایک

گوتت چی؟

کچ

چیتر نامەوێت.

دایک

دەڵێیت چی؟

کچ

نامەوێت بژیم.

دایک

ناتەوێت بژیت؟

کچ

نەخێر.

دایک

با.

کچ

نەخێر.

دایک

با، دەتەوێت. بێگومان تۆ دەتەوێت بژیت.

کچ

نەخێر.

دایک

ئا، بەڵام... ئێستا هێمن بە.

(دەستی دەگرێت)

کچ

من نامەوێت لەم دونیایەدا بژیم.

دایک

نا، نەخێر، هەندێکجار بونیام ئاوا هەست دەکات. پاشان هەموو شتێک باش دەبێت.

کچ

هەمیشە هەر بەم شێوەیە بووە.

دایک

دوایی هەموو شتێک باش دەبێتەوە. بێگومان باشتر دەبێتەوە.

کچ

بۆچی باشتر دەبێتەوە؟

دایک

هەندێکجار هەست دەکرێت قورسە. هەروەها منیش وا هەست دەکەم... کە باری شان گرانە.

کچ

هەرگیز باش نەبووە.

دایک

نەخێر، بەڵام ئەوە...

کچ

من دەزانم.

دایک

هەوڵبدە هەر بیر لەمڕۆ بکەرەوە... ئارام بە.

کچ

من ئارامم.

دایک

ئا.

(بێدەنگی)

دایک

نازانم بڵێم چی.

(بێدەنگی)

دایک

دکتۆر دەڵێت چی؟

کچ

هیچ شتێک.

دایک

بێگومان سەبارەت بە باری تەندرووستیت قسەت لەگەڵ کردوون؟

کچ

ئەمە ژیانی منە. من بڕیار لەسەر ژیانی خۆم دەدەم. ئەگەر من بەم شێوەیە نەمەوێت...

دایک

بەڵام هێدفیگ...

کچ

(هێمنە)

من نامەوێت لەم دونیایەدا بژیم. من لێرە ناگونجێم.

دایک

باشە، بەڵام وا مەڵێ.

کچ

ئەی چی بڵێم؟

دایک

ئا، بێگومان خۆت تێدەگەیت.

(بێدەنگی)

دایک

وا مەڵێ. خەفەتی پێ دەخۆم. من نازانم چی بکەم.

کچ

تۆ پێویست ناکات گوێی پێبدەیت.

دایک

چۆن گوێی پێنادەم... کە تۆ باسی ئەم شتە ترسناکانە دەکەیت.

کچ

من ئیتر هیچ ناڵێم.

دایک

نەخێر، بەڵام...

(بێدەنگی)

دایک

هیچ کەس سەردانی کردوویت؟ باوکت هاتووە بۆ لات؟

کچ

من نەم گووت چیتر هیچ ناڵێم.

دایک

دەبڕایەوە...

(بێدەنگی)

دایک

هاتووە بۆ ئێرە؟

کچ

ئا.

دایک

ئەمڕۆ؟

کچ

نازانم.

دایک

نازانیت؟

کچ

نەخێر، گرینگی بەوە نادەم. رۆژەکان وەکو یەک وان.

دایک

ئەی گوتی چی؟

کچ

نازانم گوتی چی. نایەتەوە یادم.

دایک

ئەها.

کچ

ئەوەی کە ئەو هەمیشە دەیڵێت.

دایک

ئەها... پێڵاوەکانتم لەگەڵ خۆم بۆ هێناویت.

کچ

ئەو هەمیشە هەر هەمان شت دووبارە دەکاتەوە.

دایک

لێرە دایان دەنێم.

(بێدەنگی)

دایک

دەیانبینیت؟

کچ

ئەو پێڵاوانەم لە تەمەنی سیازدە ساڵییەوە هەیە.

دایک

ئاوا؟ کەواتە باش بەرگەیان گرتووە. جۆرێکی باشە.

کچ

ئەوانەم لە تەمەنی سیازدە ساڵییەوە هەن.

دایک

کەواتە پێڵاوی باشن.

کچ

رەنگم کردوون.

دایک

رەنگ؟ کوێی؟

کچ

لای پاژنەکەیەوە.

دایک

ئا، لەوێدا، ئا... رەنگت کردوون؟

(بێدەنگی)

دایک

چیت لێداوە؟

کچ

هەر تۆزێک رەنگم پیادا پرژاندووە.

دایک

پێوەی دیار نییە.

کچ

پرژاندوومە.

دایک

ئا.

کچ

لێی نابێتەوە.

دایک

گووتت چی؟

کچ

هیچ، لێی نابێتەوە.

(بێدەنگی)

دایک

هیچ کەسی تر هاتوون بۆ لات؟

کچ

لەکوێوە؟

دایک

ئا... تۆنی. هاتووە بۆ ئێرە؟

(بێدەنگی)

دایک

هاتووە؟ تۆنی هاتووە بۆ ئێرە؟

کچ

ئا.

دایک

شتێکی خۆشە سەردانت بکرێت؟

کچ

من نامەوێت کەس ببینم... لە توانامدا نییە.

دایک

نەخێر... ئەرێ بە چییەوە خەریکە؟ چ جۆرە کارێک دەکات.

کچ

نازانم.

دایک

نازانیت؟ نازانیت کە خەریکی چییە؟

(بێدەنگی)

دایک

نازانیت تۆنی چ جۆرە کارێک دەکات؟

کچ

کۆمپیوتەر.

دایک

کۆمپیوتەر؟ چی دەکات؟

کچ

وا دەڵێت. دەڵێت خەریکی کۆمپیوتەرە. بۆم گرینگ نییە.

دایک

جا بەوە دەتوانێت بژی؟

کچ

نەخێر.

دایک

ئەی چۆن دەژی؟

کچ

لەسەر ورگی دایکی دەژی.

دایک

ئەها... ئەی دایکی چی دەکات؟

کچ

نازانم.

دایک

بەلاتەوە گرینگ نییە؟ دایکی دەبێ شتێک هەر بکات.

کچ

خانەنشینە.

دایک

خانەنشین؟ کەواتە ئەویش پارەی زۆری نییە.

(وچانێکی کورت)

ئەوت بینیوە؟

کچ

نەخێر.

دایک

ئێوە چەندین ساڵە پێکەوەن.

کچ

من نامەوێت دایکی ببینم.

دایک

نا، نەء.

کچ

نامەوێت. بەوە سەرقاڵ دەبم. من نامەوێت سەرقاڵ بم. پەیوەندییەکی لەوجۆرەم ناوێت. نامەوێت کەس بناسم. نامەوێت هیچ بزانم. من پێمگوتووە گەر دەیەوێت پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی تردا بگرێت با سەرپشک بێت. ئەوکاتە من بەجێی دێڵم.

دایک

تۆ پێویستە تۆزێک بە خەڵکی ترەوە خۆت خەریک و سەرقاڵ بکەیت.

کچ

دەڕۆم.

دایک

تۆ پێویستە هەوڵ بدەیت و خۆت سەرقاڵی ئەوە بکەیت، خەڵکی تر چۆنن بۆئەوەی تۆ...

کچ

دەبا وا بێت.

تیمارکار

سڵاو.

کچ

(بێدەنگی)

سڵاو.

تیمارکار

لەم تاریکییەدا دانیشتوویت؟

(بێدەنگی)

تیمارکار

تۆ دەتەوێت ئاوها تاریک بێت؟

(وچانێکی کورت)

تۆ حەزت لە تاریکییە؟

(بێدەنگی)

تیمارکار

بۆم هەیە دابنیشم؟

(لەسەر جێگاکەو لە تەنیشتی کچەکەوە دادەنیشێت)

دەتوانم لێرە دابنیشم؟

(وچانێکی کورت)

چۆنیت؟

(وچانێکی کورت)

خەریکی چیت؟

کچ

نازانم.

تیمارکار

ناتەوێت قسە بکەیت؟

کچ

نەخێر.

تیمارکار

بۆچی ناتەوێت؟

کچ

نەخێر.

تیمارکار

باشە.

(بێدەنگی)

تیمارکار

تەندرووستیت چۆنە؟

کچ

هیچ.

تیمارکار

هیچ؟

(وچانێکی کورت)

نەخێر.

(بێدەنگی)

تیمارکار

زۆر خۆشە لە تاریکیدا دابنیشیت. خۆشە.

(بێدەنگی)

(تیمارکارەکە دەستی کچەکە دەگرێت)

(بێدەنگی)

تیمارکار

بۆم هەیە دەست بخەمە ناو دەستتەوە؟

(وچانێکی کورت)

بۆم هەیە دەستت بگرم؟

(وچانێکی کورت)

بێگومان هیچ نییە.

(بێدەنگی)

تیمارکار

دەستەکانت زۆر جوان و... باریک و... نەرمونیانن.

(وچانێکی کورت)

چ؟

کچ

ئەها.

تیمارکار

ئا، بەڵێ وایە.

(وچانێکی کورت)

تەماشاکە.

(وچانێکی کورت)

ئەوە ترپەکەیە.

(بەپەنجەکانی دەست دەهێنێت بەسەر مەچەکیدا)

مرۆڤ ترپەکان دەبینێت... کە چۆن لێدەدەن، ترپ ترپ.

(بێدەنگی)

تیمارکار

سڵاو... تۆ.

(بێدەنگی)

تیمارکار

تۆ ئەمەت بەلاوە خۆشە؟

(وچانێکی کورت)

کە من دەست دەخەمە ناو دەستەکانتەوە؟

(وچانێکی کورت)

پێتخۆشە؟

(بێدەنگی)

تیمارکار

شتێک بڵێ.

(وچانێکی کورت)

ناتوانیت شتێک بڵێیت؟

(بێدەنگی)

تیمارکار

تۆ.

(وچانێکی کورت)

تەماشام بکە.

(بێدەنگی)

تیمارکار

تەماشام بکە.

( دەموچاوی کچەکە بەلای خۆیدا وەردەگێڕێت)

ناتوانیت تەماشام بکەیت؟

(بێدەنگی)

تیمارکار

دەمبینیت؟

(بێدەنگی)

تیمارکار

تۆ من دەبینیت؟

(وچانێکی کورت)

وەڵامم بدەرەوە.

(بێدەنگی)

تیمارکار

بیر لەچی دەکەیتەوە؟ بیر لەچی دەکەیتەوە؟

(وچانێکی کورت)

ها؟

کچ

بیر لە هیچ ناکەمەوە.

تیمارکار

بیر ناکەیتەوە؟

کچ

نەخێر.

تیمارکار

من بیر لە تۆ دەکەمەوە... هەمیشە بیر لە تۆ دەکەمەوە. هەمیشە. هەموو ڕۆژێک. من لەو ڕۆژەوەی تۆم دیوە، هەمیشە هەر بیرم لە تۆ کردووەتەوە... کە بۆ یەکەمجار تۆم دی... تۆ لەسەر جێگاکە کەوتبوویت و... گوتت تۆ زۆر بەخێرایی دەخوێنیتەوە... من هەرچییەک بکەم بەڵام... بەڵام بیر لە تۆ دەکەمەوە... نەخێر، من نازانم... کاتێک کە لە ماڵەوەم و کاتێک کە... من چی دەکەم... من دەمەوێت تەنها هەر لێرەبم. دەمەوێت تەنها بێم بۆ ئێرەو لەلای تۆ بم، تەماشای تۆ بکەم. نازانم چی بکەم. من مەبەستم ئەوەیە... بێگومان ئەمە شتێکی سەیر نییە؟ سەیرە؟

(بێدەنگی)

تیمارکار

شتێکی سەیرە؟ بێگومان وا نییە؟ ئەمە یەکەمجارە من... کە بەم شێوەیە هەست بکەم... بەڕاستی. ئا.

(وچانێکی کورت)

باسی تۆم بۆ دایکم کردووە. بۆ چەند ساڵێک دەبێت قسەم لەگەڵ دایکم نەکردووە، بەهۆی چەند شتێکەوە. بەڵام من چووم بۆ لای بۆ ماڵەوە و باسی تۆم بۆ کرد. پێم گوت کە کچێکم دیوە و عاشقی بووم. تەنها دەمویست ئەمە بۆ کەسێک بگێڕمەوە.

دایک

ئەوە کتێبی تۆیە... ئەو کتێبەی کە لەوێدا کەوتووە؟

کچ

نەخێر.

دایک

ئەی هی کێیە؟

کچ

نامەوێت.

دایک

لە کەسێکت وەرگرتووە؟ کەسێک ئەو کتێبەی داوە بە تۆ؟

کچ

بە درێژایی کاتەکە هیچم نەخوێندۆتەوە.

دایک

ئەی لێرە بەجێی دەهێڵیت؟

کچ

ئا.

دایک

ئا، تۆ زۆر دەخوێنیتەوە.

کچ

من ئێستا چیتر ناخوێنمەوە. وازم لە خوێندنەوە هێناوە.

دایک

ئا، دەتوانیت پشوویەک لەخوێندنەوە بدەیت.

(بێدەنگی)

دایک

هەموو شتەکانت پێیە؟

کچ

(هێمنە)

هیچم پێ نەبوو.

دایک

نەء، ڕاست دەکەیت. هیچت پێ نەبوو. تەنانەت پێڵاویشت لەپێدا نەبوو.

کچ

من چۆن بووم هەرواش هاتبووم. وا باشترە.

دایک

چی؟

کچ

وا باشترە هیچت نەبێت.

دایک

ئا، بەڵام ئێمە دەبێت هەندێک جلوبەرگی تازەت بۆ بکڕین... کەی توانیت... لەوانەیە هەفتەی داهاتوو.

(بێدەنگی)

دایک

ئێستا ئیتر بەم زوانە بەهارەو. ئا، ئەمڕۆ نا. ئەمڕۆ بەفر دەبارێت. من خەریکە ماندوو دەبم بە دەست ئەم بەفرەوە، کە هەرگیز تەواو نابێت.

(وچانێکی کورت)

بڕۆین؟

کچ

ئا.

دایک

ئا، دەوەرە دەی.

(ئەوان لە ژوورەکە دەچنە دەرەوە)

دایک

ماڵئاوایی ناکەیت؟

کچ

ماڵئاوایی؟

دایک

ماڵئاوایی ناکەیت؟

کچ

بۆچی؟

دایک

لەوانەی دەیانناسیت... ئەوانەی لێرە کاردەکەن. لە کارمەندەکان. هەرهیچ شتێکیان پێ ناڵێیت؟

کچ

من کەس ناناسم.

دایک

بونیام دەبێت شتێک هەر بڵێت؟

(تیمارکار لەسەر کورسییەک دانیشتووە. نەخۆش دیارە. بەشی سەرەوەی جەستەی رووتە)

دایک

ئا، ئێستا ئێمە ئامادەین.

(بێدەنگی)

دایک

لێرە دەرمانخانە هەیە؟ من وابزانم بینیومە، لە خوارەوە، لەلای دەرگا گەورەکەوە. من وابزانم دیومە.

(تیمارکارەکە بە دانیشتنەوە سەری بەرزدەکاتەوەو سەیری کچەکە دەکات. دەلەرزێت)

دایک

باشتر وایە دەرمانەکانیش لێرە وەربگرین، دەزانین کە دەرمانەکانمان کڕیووە. دوایی پێویست ناکات بیری لێ بکەینەوە.

(دەڕۆن)

دایک

(بێدەنگ)

ئەو کوڕەت دەناسی؟

کچ

کێ؟

دایک

ئەوەی لە ژوورەوە دانیشتبوو.

کچ

نەخێر.

دایک

زۆر سەیر تەماشای ئێمەی دەکرد.

کچ

من کەس ناناسم.

*　　*　　*